# هونەر و ئایین

# هونەر و ئایین

نووسینی

شنن لیّدبتر، عەلی شەریعەتی و سیمین دانشفەر

وەرگێڕانی

هەژار رەحیمی

هەولێر - ٢٠١٠




دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **هونەر و ئایین**
- نووسینی: کۆمەڵێك نووسەر
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- بەرگ: حەمیدە یوسفی
- ژمارەی سپاردن: (٧٢)
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١٠
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٤٣٨)


هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەرۆك

روانینی ئەفلاتوون بۆ هونەر ........ ٧
کەڵك وەرگرتن لە هونەر، وەك رێگایەك بەرەو مەعنەوییەت: ........ ١١
ئاوێتەیی ئیسلامیی لۆژیك و هونەر ........ ١٥
کولتووری ڤیکتۆریایی ........ ١٧
روانگە مەزهەبییەکان لە بارەی هونەرەوە ........ ٢٣
سەرلێشێواوی مۆدێرن ........ ٢٥
لە دنیای بەربڵاوی هونەردا ........ ٣٧
یاری و هونەر ........ ٤٥
هونەر دەرچوونێکە لەوەی کە هەیە ........ ٥١
هونەر لە چاوەڕوانی، چاوەڕوانکراودا ........ ٦٣
هونەر و مەزهەب ........ ٩١
هونەر و ئاییینی زەردەشتی (١) ........ ٩١
هونەر وئاییینی زەردەشتی(٢) ........ ٩٥
هونەر و ئاییینی مانی(١) ........ ٩٨
هونەر و ئاییینی مانی(٢) ........ ١٠١
هونەر و ئاییینی مەسیحی(١) ........ ١٠٦
هونەر و ئاییینی مەسیحی(٢) ........ ١١٠
هونەر و ئاییینی ئیسلام(١) ........ ١١٥
هونەر و ئاییینی ئیسلام(٢) ........ ١٢٠
فەلسەفەی جوانیناسی لە ئیسلامدا ........ ١٢٣

# روانینی ئەفڵاتوون بۆ هونەر

شوێنەوارناس "ئارکیۆلۆژیست" ومرۆڤ ناسەکان نیشانیان داوین، کەهیچ سەردەمێك نەبووە مرۆڤەکان بۆ بەرجەستە کردنی دنیای دەوروبەریان ئارەزوومەندی هونەر نەبووبن. زۆر هونەری دەستی دۆزراونەتەوە، کە پشتڕاستکەرەوەی هەبوونی کۆمەڵێك هونەری کۆنن: وێنەکانی سەمای باران لە ئەشکەوتەکانی "فەرەنسا"، پەیکەرەکانی "خواوەندی زاوزێ" لە هیندستان وئەفریقا و پەرستگا گەورە و بچووکەکان، کە بۆ خواو خواوەندەکان لە گۆشە و کەنارەکانی دنیادا دروستکراون، لەم هونەرانەن. ئەگەر چی ئەم هونەرە دەستیبیانە لە شوێن و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی جیهانەوە سەرچاوە دەگرن، بەلاّم هەموویان لایەنێکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەموویان بەرجەستەن "تجسمی". ئامانجی هەموو ئەم بەرهەمانە گێڕانەوەی چیرۆك، یا بەرجستە کردنی خوا و خواوەندە تایبەتییەکانە. تەنانەت ئامانجی شێوازی بیناسازیش نواندنی گەورە خواوەندێکی تایبەت بووە. ئەم باوەڕە کە شێوەکان یان وێنەکان خاوەنی هێزێکی زاتین، زۆر باو بوو. خەڵك باوەڕیان وابوو، کە ئەم وێنانە دەتوانن وەڵامگەلی نائاسایی بدەنەوە بە دوعا و پاڕانەوەکانی بەندەکانیان و هەروەها دەتوانن لە ناردنی پەیامەکانیاندا بۆ پیاوە چاکەکانیان، لە دنیادا هاوکاریان بکەن. ئەگەر چی ئەم وێنانە لە ئەنجامدا، بە مەبەستی بەدیهێنانی باوەڕ و ڕەفتاری ڕاست و دروست بەکار دەبران.

لە دنیای کۆنیشدا ڕەخنەگرانێك سەبارەت بەم مانایەی هونەر هەبوون، کە لە نێوانیاندا "ئەفلاتوون" بە شێوەیەکی تایبەت، شوێنێکی گرنگی هەیە. "ئەفلاتوون" یەکێکە لەو کەسانەی کە زۆرترین کاریگەری لە سەر بیری ڕۆژئاوا هەبووە و بە پێچەوانەی شێوەی بیر کردنەوەی سلبی ئەو لە بارەی هونەرەکانەوە، کەچی هێشتا



هەر "فۆرم"ی دیاریکەری شێوەی هونەرە. لە راستیدا مرۆڤ دەتوانێ لایەنە جیاوازەکانی بەڵگەکانی ئەو کە لێرەدا باسیان لێوە دەکرێ، بە دروستی وەرگرێت وبە کار ببات.

یەکێك لە کارەکانی "ئەفلاّتوون "لە کتێبی"کۆمار"دا، دەربڕینی پڕۆژەییێك بوو بۆ پەروەردە و فێرکردنی "شای فەیلەسووف". بەم پێیە ئەو ڕۆڵی هونەرەکانی تا ئەو شوێنەی کە پەیوەستە بە حکومەتەوە هەڵسەنگاند. هەڵسەنگاندنێکی ورد لە بارەی پێویستییەکانی پەروەردە و فێرکردنی سەردەمی خۆی، کە فێرکردنی هونەرەکانیشی تێدا گونجاند. وا لێك دەدرایەوە کە هەر منداڵێك دەبێت لە بەستێنی "زەمینە" پەروەردەی جەستەیی، خوێندن ونووسین و ئەوەی کە پێی دەڵێن پەروەردە و فێرکردنی ئەخلاقی یا نێوەندی، فێر بکرێت. بابەتی جێ سەرنجی ئێمە دوایین چەمکێکە کە لە سەرەوە باسکراوە. لە سەردەمی "ئەفلاتوون" دا بەرهەمی شاعیرانی گەورەی یۆنان "کە گرنگترینیان هۆمر بوو" لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە بۆ ئاگایی لە بارەی ژیانی خودایان و بەدەستهێنانی ڕوانینی ئەخلاقی، بە کاردەبران. باوەڕی "ئەفلاّتوون" بە شێوە زەمینییەکانی حەقیقەتی باوەڕەکان، ئەویان لە بارەی هونەر، ئەدەبیات و شانۆنامەنووسیەوە خستە گومانەوە. چونکە ئەو باوەڕیی وابوو کە خەڵك لەم هونەرانەوە، بیر وباوەڕێکی هەڵە لە بارەی راستییەکان هەڵدەهێنجن. لێرەدا شیکردنەوەی تێر وتەسەلی باوەڕی ئەندێشە گشتییەکانی "ئەفلاتوون " یا "ئایدیا"سوودمەندە.

ئەفلاّتوون باوەڕی وابوو هەر بوونێك لەم دنیایەدا تەنها ڕۆح یا ڕەنگدانەوەی حەقێقەتی تەواوتری ئەو شتەیە. بۆ نموونە ئەسپێك لە بەرچاو دەگرین. بە بڕوای ئەفلاّتوون ئەسپێکی زەمینی تەنها ئەسپێکە، تەواو بەو هۆیەی کە ئەسپ نموونەی ڕاستەقینەی تایبەتی مانای ئەسپێکە لە هەرێمی چەمکەکاندا.

بیری "وێناکردن"ی ئەسپێك، خەسڵەتە تایبەتیی و بنەڕەتییەکانی هەموو ئەسپەکان بەرجەستە دەکات و ئەو ئەسپانەی کە مرۆڤ لە دەشت و کێڵگەکاندا

لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو دەبێ، نموونە گەلێك زیاتر نین. ئەمە ڕوانینێکی "لە گشتەوە بۆ بەش "ە، کە نموونە تایبەتییەکان ـ بە هۆی تایبەتمەندییەکانیان یا ماهییەتەکەیان، پەیوەستن بە نواندنێکی بەرچاوی گشتییەوە کە لە گەڵ یەکتریدا پێکەوە گونجاون.

ئەو ڕوانگەیەی سەرەوە دەروەستییەکی دەخستە سەر هونەر کە شیاوی هەڵسەنگاندنە.

ئەفلاتوون بەم شێوەیە پاساوی دەهێناوە: بۆ ئەوەی کە هونەرمەندێك وێنەی دارێك بخولقێنی، دەبێت لە ڕاستیدا نموونەیەکی تابلۆی وێنە: لە وێنەی "دار" و حەقیقەتی دار"ئایدیا" ئامادە بکات.

سروشتییە، لاسایی کردنەوە لە لاساییەك، بۆ کەسێك کە بیر لە حەقیقەتی ڕاستەقینە دەکاتەوە، زۆر دژوار دەبێت. سەرەرای ئەمەش، بە پێی ڕوانینی "ئەفلاتون" ئەم وێنانە لە راستیدا بەو ڕوونی و وردییەشەوە کە چاوەڕوان دەکرا، نەبوون. ئەو زیاتر لە هونەرەکانی تر لە ئەدەبیات و شانۆنامە نووسین بێزاربوو، بەو هۆیەی،کە بە باوەڕیی ئەو، ئەدەبیات و شانۆنامە دوبارە نواندنەوەیەکی ناڕوونتر لە حەقیقەتەکان بوون کە دەیانەویست بیان نوێنن. ئەفلاتوون بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد، کە دوو کێشەی بنەڕەتی سەبارەت بە وشە نووسراوەکان هەن. یەکەم ئەوەی کە خودی" شاعیران یا شانۆ نامەنووسەکان ـ لەوانە شاعیری بە ناوبانگ هومیرۆس ـ حەقیقەتیان ون کردووە و لە ئەنجامیشدا ئەو خەڵکانەی کە پەیڕەوییان لێ کردوون، گومڕا بوون. داستانەکانی هۆمیرۆس لە خۆگری حەکایەتی خودایان و مرۆڤگەلێکی هەڵبژرادەن کە لە حاڵی تێکۆشاندان بە کارو کردەوەی خائینانە و دڕندانە. "ئەفلاتوون" خوداکانی بە کامڵ و بێ عەیب دەزانین و بە باوەڕی ئەو هەر نواندنەوەیەکیان، بە شێوەیەکی ناتەواو، ڕێ پێ نەدراو بوو. وەسفکردنی ئەم خودایانە دەبوو بە شێوەیەکی تر لە نێو خەڵکیدا جێ بگریت. بۆ نموونە، ئێوە شەوێك بۆ هۆڵێکی وەرزشی بانگێشت کراون تا بەڕێوە چوونی تازەترین شانۆی ڕۆژ ببینن. پلەبەندی چیرۆکی ئەم شانۆیە لە ڕووی توندوتیژی و جۆری وشەی بە کاربراو و مەسەلەکانی ترەوە لە پلەی"R" (هەژدەساڵ بۆ سەرەوە) دا جێ دەگرێ. هونەرمەندانی ئەم شانۆیە لە باشترینەکانن و ئێوەش لەم



شانۆیەدا خۆتان بردووەتە ناو ناخی ـ تەنانەت ـ بچووکترین جووڵانەوەکانیش. هەموو کاتە دژوارەکان کە ئەکتەرەکان لە گەڵیدا بەرەوڕوون، هەستپێدەکەن و خۆتان لە هەڵکەوتی هاوپێوەندی لە گەڵ کێشە کێشمە سۆزدارییەکاندا دەدۆزنەوە. پاش سەیرکردنی ئەم شانۆیە، سەرخۆش دێنە دەرەوە، لە حاڵێکدا کە هەموو جۆرە هەڵچونێکتان ئەزموون کردووە، لە چاکەوە تا خراپ، لە گەڵ مەسەلە ئەخلاقییەکاندا ڕووبەڕوو بوون و خۆشەویستیتان هەست پێ کردووە و دواجار، ئێوە چاولێکەرێکی نموونە بوون و هەمووی ئەم هەڵخەڵەتاندنانە لە سەر یەك چەند دراوێکیان تێچوو. بە پێی ڕوانینی "ئەفلاتوون" ئێوە بە ناپەسەندترین "میتۆد" فریودراون.

یەکەمین رەخنەی ئەو ئەوەیە کە نووسەرانی شانۆ نامە هەوڵیانداوە تا کارو کردەوەی خودایان بنوێنن و ئەمەش لادانێکی ناتەواو ونەگونجاوە، چونکە ئەوان لە هەر کەم و کورتی و ناتەواوییەك بێ بەرین و ناتوانن بە هۆی مرۆڤەکانەوە بنوێنرێن. دووەم ئەوەی کە ئێوە وەکو چاولێکەرێك هەستێکتان هەبوو کە لە سەر بنەمای ئەزموونی ڕاستەقینەوە ڕانەوەستابوو و لە راستیدا تەنها تارماییەك بوو کە بە هۆی وێنەیەکەوە خولقێندراوە، کە خودی ئەو وێنەیە تەنیا نیشاندانەوەی حەقیقەتە. ئێوە بۆ خۆتان ئازارتان ئەزموون نەکردووە یان نەچێژتووە، بەڵام هاودڵیەکتان لەگەڵ ئازار دیتودا، کە هەستەکەی هەستێکی پڕ لە ئازارە، ئەزموون کردووە. لە باتی ئەوەی کە هەستی خۆمان کۆنترۆل بکەین، وێنەکان ئەم کارە ئەنجامدەدەن. لەم ڕوووەوە وا دەکەوێتە بەرچاو، کە ڕخنەی بنەڕەتی "ئەفلاتوون" لە هونەرەکان ئەوەیە، کە تاکی بینەر لە بارەی ئەو باوەڕەوە، کە نواندنی هونەرمەندەکە باش و تەواو راستەقینەیە_ تەنانەت لە کاتێکیشدا کە وێنەکانی ناپەسەندن — فریودەخوات.

بەم شێوەیە، لاسایی کردنەوە ناتەواوەکان و ڕاڤە نەرێنییەکانی کار و کردەوەی خواکان کار لە سەر بیرو باوەڕ و کردەوەی ئێمە دەکەن. ئەم هەلێنجانە هەڵەیە بەنۆرەی خۆی فکری مرۆڤ بۆبیرکردنەوە لە بارەی باوەڕە حەقیقییەکان، بە لاڕێدا دەبات. لە ڕووی مێژووییەوە، ڕۆژئاوا لە سەردەمی دەسپێکردنی بۆ گەڕان لە هەمبەر

دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئاشتکردنەوەی هونەر و ئەدەبیات، لە گەڵ ئەم مەسەلانەدا بە ئاشکرایی ڕووبەڕوو بووەتەوە. چۆن تاك حەقیقەتی ڕەنجکێشان بە هاوتەرازی مەزنی و گەورەیی و میهرەبانی خودا بنوێنی؟ لە وەڵامی زۆربەی ئەم پرسیارانەدا دەتوانین بڵێین، کە پێداگری لە سەر ڕەنجەکانی "عیسا" (د.خ) و شێوەی خاچ، بە بەرجەستەترین شێوە لە بەرهەمەکانی سەدەکانی نێوەڕاستدا، دەبینرێت.

## کەڵك وەرگرتن لە هونەر، وەك ڕێگایەك بەرەو مەعنەوییەت:

سەدەکانی نێوەڕاست شاهیدی پشکوتنی هونەری "مەسیحی" بوون. لە ڕاستیدا کاتێك کە لە بارەی سەدەکانی نێوەڕاست لە ڕووی مێژووییەوە قسەدەکەین، دەبێت بیر لە سەردەمی مەسیحییەت بکەینەوە. "کەنیسە" گەورە و ڕازاوەکان، وێنە سەر سوڕ هێنەرەکان، مۆسیقای مەزهەبی، شانۆنامە پڕ لە نهێنییەکان و باڵاپۆشیی پیاوە ئاینییەکان، نموونەگەلێکن لە ئاوێتەیی مەزهەب وهونەر، بە ئومێدی تێکەڵ کردنیان لە ژیانی ڕۆژانە و زەینی تاکەکاندا. لە سەدەکانی نێوەڕاستدا هونەر بووە ڕێگەیەکی بنەڕەتی بۆ فێرکردنی زانستە ئاینییەکان، کە لە ڕێگەیەوە هەم سوپاس و پەرەستنی خوادا جێ بە جێ دەکرا و هەم گەورەیی ئەویش بۆ خەڵکی دەنوێنرا. لێرەدا گونجاوە کە ئاماژەیەك بە هونەری نەریتیی ڕۆژهەڵات بکەین، کە بە هۆی مێتودی نواندنی وێنەی کەسایەتییەکانی "ئینجیل"، لە ڕۆژئاوادا گەیشتە ئەو پەڕیی گرنگی خۆی. وێنە و فۆرمی نەریتی ڕۆژهەڵاتی، بە درێژایی مێژووی "مەسیحییەت" ڕۆڵێکی مەزنی لە هونەری مەزهەبی مەسیحیدا گێڕاوە. هەروەها وەکو یەکێك لە سەر چاوەکانی بیرکردنەوە ونۆرینی مەزهەبیش بەجێ ماوە. بە بڕوای زۆرێك لە لێکۆڵەرە نوێیەکان، مێژووی تەواوی سەدەکانی نێوەڕاست ماوەیەکە لە نێوان ساڵی (٤٧٦)ی زایینی تا تێکشکانی "ئیمپراتۆریەتی ڕۆما" واتە ساڵی (١١٠٠)ی زایینی. دیاریکردنی ساڵی (٣١٢)ی زایینی، بە نیشانەی پشتیوانی "ئیمپراتۆر کۆنستانتین" لە هونەرە مەسیحییەکان، بۆ ئەو شتانەی کە بە دوایاندا دەگەڕێن کاریگەرە. لە ساڵی



(٣١٢)ی زایینیدا سەردەمی پاشایەتی" کۆنستانتین" وەکوئیمپراتۆریەتێکی باڵادەست، پاش تێکشکاندنی " مگز تێنز" لە پردی میلی ڤیەن، دەستپێکرد. کۆنستانتین پاش دیتنی ڕەمزێك لە خەیاڵی خۆیدا، لە حاڵێکدا کە پیتی یەکەمی ناوی "عیسا د.خ" لە سەر ئاڵایەکی سپی شێوە چوارگۆشە دەرکەوتبوو، چووە شەڕەوە و بووە یەکەم ئیمپراتۆری مەسیحی "ڕۆما". ئەو بووە هۆی خۆلقاندنی بەرهەمگەلێکی هونەری زێدە باڵا، کە شاکارە بیناسازییەکانی ئیستامبوڵ بەشێکن لەم بەرهەمانە.

ئەم خاڵە سەرنج ڕاکێشە شیاوی لێ وردبوونەوەیە، کە یەکەمین مەسیحییەکان، بە دوو هۆی سەرەکی هونەرێکی کەمیان نواند. یەکەم: ژمارەیان کەم بوو و لە هەوڵی هێشتنەوەی خۆیاندابوون. هونەر بۆ ئەوانەی کە کات و سەروەتیان لەبەردەستدایە، کارێکی ڕواڵەتییە. دووەم: یەکەمین مەسیحییەکان هێشتا وەفاداربوون بە میراتە یەهودییەکان لە نەخولقاندنی وێنەگەلێك لە خودا، هەروەها باوەڕ هەبوون بەوەی کە جیاوازن لەوانەی کە خودا دروێینەکان دەپەرستن.

سەرنجدانی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ڕوانینی هونەرمەندەکاندا سەبارەت بە هونەری هاوتا یۆنانی و ڕۆماییەکانیان هاتبوونە پێشی، کارێکی گرانبەهایە.

ئەوبەرهەمانەی کە لە چەند سەدەی یەکەمدا بەدیهاتن، بە گشتی "تەدفینی" بوون، (ئەو بەرهەمانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ مردن و بەخاك سپاردندا بوون). یەکەمین بەرهەمە هونەرییەکانی مەسیحییەکان کە لەبەر دەستماندان، لە ڕێرەوە ژێر زەمینییەکانی تایبەت بە "بەخاکسپاردنی" لاشەکان پەیدابوون و بەشێوەیەکی سەرەکی لە خۆگری ئەو وێنانە بوون کە لە ئەشکەوتەکان و تابووتە بەردییەکاندا هەبوون.

هەر بەو شێوەیەی کە لە پێشەوە باسکرا، فەلسەفەی ڕۆمایی-یۆنانیی پشتیوانی هونەر، باوەڕی وابوو کە هونەر دەبێت بەرجەستە بێت. بەم شێوەیە جوانی ئارمانجگەرایانەی سروشت، بیناسازی و لاشەی مرۆڤ ناوەڕۆکی ئەم

هونەرەی پێکدەهینا. هونەری ڕۆمایی-یۆنانی، پێداگر بوو لەسەر دووبارە خولقاندنەوەی بەرزتری ئەم شێوەیە بە هۆی هونەرەوە. ئامانج، گواستنەوەی تێگەیشتنێکی ماقووڵی خودی ئەم هونەرە بوو. مەسیحییەت ئەم ڕوانگە دژەی هەڵبژارد کە ئامانجی هونەر دەبێت مەعنەویەتێك بێت کە لە ترۆپکەکەیدا هەیە و دەبێ بتوانێ هێزی خەیاڵی چاولێکەر، بەرەو لای بابەتەکە ڕاکێشێ. بۆ نموونە کاتێك کە هونەرمەندێك وێنەی " ئێوارەخوانی کۆتایی" دەکێشێتەوە، هەوڵێك دەدات بۆ دەربڕینی بیروباوەڕەکانی خۆی، کە لە بنەما مادییەکانی خەڵکی ئاسایی واتە نان و شەڕاب دەترازێ. ئەم کاریگەرییە لە ڕێگەی هونەرگەلێکی جۆراوجۆری وەك سێبەر دروستکردن، ڕەمزگەرایی (کە بەناوبانگترینی ئەم ڕەمزانە، ماسییە)و نواندنەوە، ئەنجامدەدرێت. لە ئەنجامدا شێوازێك بەدیهات کە زیاتر لایەنی "ئیمپرسیۆنیزم"(١)ی، هەبوو.

سەرەڕای ئەمە، هێشتاش زۆر بەرجەستە بوو. پەسەندکردنی مەسیحییەت لە لایەن "کۆنستانتین"ەوە، بەومانایە بوو کە ئیدی مەسیحییەکان لە هەموو شوێنێکدا ناکەونە ژێر ئەشکەنجە و ئازارەوە و لە ئەنجامیشدا، یەکیان گرت و کۆمەڵگایەکی پتەویان پێکهێنا. هونەرەکان دەرفەتی پێشکەوتنیان پەیداکرد، ئەگەرچی زۆر لە هونەرمەندان بۆ بەکاربردنی ناوەڕۆکە مەسیحییەکان، پاڵیان وەشێوازە نەریتی و مەسیحییەکان دا، بەڵام وا دەکەوتە بەرچاو کە زۆرتری شێوەکانی نواندن، ڕەمز و ڕازی پەیامی خودایی مەسیحییەتیان لە شکڵێکی تۆکمەتردا، بەکار بردووە.

ئەم دەستپێکەی شێوازی سەدەکانی ناوەڕاست شتێکی تایبەت بوو. وێنەگەلێك لەم شێوازە تایبەتە، وێنەکێشانی "دو بعدی" دوو ڕەهەندی پەیکەری مرۆڤ بوو،کە هەستی بینین یا جوولانی ئەندامەکانی دەبردە ئاستێکی باڵاترەوە. لەم میتۆدەدا هونەرمەند دنیای فیزیکی لە خۆی دووردەکردەوە و سەرنجێکی تایبەتی دەدایە مەعنەوییەت. بەم پێیە هەر بەو شێوەی کە مەسیحییەت گرنگی پەیدادەکرد، بەرهەمە کۆنەکانی دنیای یۆنان و ڕۆماش بەکاردەبران، تا شکۆ و گەورەیی خودا



بەتایبەتی لە ڕێگای بیناسازییەوە بنوێنرێ. هەموو بابەتە باوەڕدارییەکانی مەسیحییەت کە لە یەکەمین ئەنجوومەنەکانی کەنیسەکاندا بوون جێگای باس و لە خۆگری ناونیشانگەلێکی وەکو نان و شەرابی موقەدەس، ماهیەتی ڕاستەقینەی مەسیح (د.خ)، قەدیسەکان، دەربڕین و ڕاڤەکردنی چوارچێوەی فەلسەفەی "تثلیث"، جێژنی یادەوەری مژدەی جوبرەئیل بەمریەم و ئازادی بوون، لە کۆتاییدا بوونە یەکەمین بابەتەکانی هەولە هونەرییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست.

لە سەدەکانی یازدەیەم و دوازدەیەمدا، پاپاکان دەستیان کرد بە هاندان و پشتیوانی کردنی شێوازێکی هاوشێوە کە بە هونەری "ڕۆمانسك"(٢) ناوبانگی دەرکرد. ئەگەرچی شێوازگەلێکی جۆراوجۆر لەم چوارچێوەیەدا هەبوون، بەڵام نۆڕینی گشتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا یەکێك لەم چەند بابەتانە بوو: هێز، جوانی لەڕادەبەدەر، یەکسانی، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، هەروەها ڕوانینی ئامادەکردنی خەڵك بۆ ژیانی پاش مردن. ئامادەکردنی مرۆڤەکان بۆ ژیان لە دنیاکەی تردا بەو مانایە بوو کە هونەر دەبوو لایەنێکی فێرکاری پەیدابکات و وەکو ئامرازێك بۆ پەروەردە و فێرکردن کەڵکی لێ وەربگیرێ. بەتایبەت لە کاتێکدا کە ئاستی خوێندەواری تاکەکانی کۆمەڵ لە خوارێ بوو. لایەنی پەروەردەیی هونەر لە خزمەتی هەرکارێکدا بوو کە ئەنجامەکەی نرخێکی زۆری دەویست. هەروەها هونەر هێزی بەلارێدابردنی زەینی مرۆڤەکانی بۆ قووڵ بیرکردنەوە لە بارەی بابەتە جۆراوجۆرەکانەوە هەبوو. هونەرمەندە ڕۆمانسکەکان بەومەبەستەی کە ئاسۆی تاك لە زاتی مرۆیی لەم جیهانە خاکییە و دژکردەوەی لە پێوەندی لەگەڵ خوادا بخەنە پێش چاو، هەوڵیاندا تا تێکەڵێکی بێ هاوتا لە شێوازە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان بخولقێنن. لەگەڵ ئەوەی کە هونەرمەندەکانی سەدەکانی ناوەڕاست پێداگریان لەسەر لەپێش بوونی مەعنەوییەت لە مادییەت دەکرد وبە بەراورد لەگەڵ هونەرمەندانی کلاسیکدا کە دەیانویست حەقیقەتی یۆتوپیایی بنوێنن، لایەنێکی ئینتزاعی ترو "موجەرەد" ئیمپرسیۆنسیتی تریان دابوو بە بەرهەمەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هونەر هەربە هەمان شێوەی بەرجەستەی پێشووی مایەوە. لە حاڵەتێکدا کە هونەرمەندی کلاسیك خوازیاری ئەوە بوو، کە نیشاندەری سیستەمی

عەقلی حاکم بەسەر سروشتدابێت، هونەرمەندی سەدەکانی ناوەڕاست ئارەزووی هەبوو تا لایەنەکانی تری سروشت بنوێنێ و نیشانیان بدات.

ئامانجی ئەم هونەرە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، فێرکردن و ئیلهام بەخشین بوو بەخەڵك، بۆ بەرجەستە کردنی بەهەشت ــ شوێنێك کە خواوەند زۆر بەهێزەوە حوکمی تێدا دەکرد. بەدوای ئەویشدا کەنیسە وەکو نموونەیەك بۆ سەرمەشقی و فەرمانڕەوای بێ ئەملا و ئەولای جیهان دەناسرا.

(١) ئیمپرسیۆنیزم: قوتابخانەی وێنەکێشیی کەسانێکی وەکو مانێ manet و رینوار Renior ـە، کە ئامانجەکەی تۆمارکردنی دیمەن و یاریکردن بە رووناکییە، لە رێگەی بەکاربردنی رەنگە ئەسڵی و رەسەنەکان.

(٢) Ramanesque – ئیمکانی کەڵك وەرگرتن لە هونەرە، لە ڕاستای بەرەوپێش بردنی ئامانجە ئابووری سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

## ئاوێتەیی ئیسلامیی لۆژیك و هونەر

سەرهەڵدانی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا، بۆ سەدەکانی ناوەڕاست گرنگییەکی زۆری هەبوو. ئامانجی من نیشاندانی باسێکی تێروتەسەل نییە لە سەر ئیسلام. بەڵام بە کورتی پێکهاتەی گشتی ئەو هونەرە جوانانە باسدەکەم، کە لەلایەن ئیسلامەوە داهێنران. کاریگەری هونەری ئیسلام لەسەر مەسیحییەت، بەتایبەتی لە ئیسپانیاو ئەفریقیادا، بە شێوەیەکی بەربڵاو لە رێگای هونەرە بیناسازییەکان و رستن و چنین و مسکارییەوە بوو. موسوڵمانەکان چەمکەکانی زانست و بیرکاریان، سەدان ساڵ پێش ئەوەی کە رۆژئاوا بە شێوەیەکی جدی لەگەڵیاندا رووبەڕووبێتەوە، لەگەڵ مەعنەویەتدا، گونجاندبوون. ئەم خاڵە لە هیچ چەمکێکدا بەڕادەی هونەری موسوڵمانان نابینرێ. گونجان، گەڵاڵە ئەندازەییەکان(هەندەسییەکان) و هەوڵدان بۆ تێکەڵکردنی لۆژیك، لە تایبەتمەندییەکانی هونەری ئیسلامین.



سەرنجی ئیسلام لەسەر نموونە لە هونەردا، تاڕادەیەك لەبەر خۆ دوور راگرتنی ئەم ئایینەیە، لە کۆپیکردنی شکڵی مرۆڤ. هەربەم هۆیەیە، کە یەهودییەتیش هاوشێوەسازی وەکو ئەوە دەبینێ، کە مرۆڤ کارێکی وەك خودای ئەنجامداوە.

مزگەوتە گەورەکان بە هۆی فەزای بەرفراوانەوە "بەبێ سەقف" بۆ پەرستن و لە خواپاڕانەوە، کە بە ستوونە بێ ئەژمار و تاقە شێوە قەوسییەکانییانەوە داگیرکراون، شاهیدێکن لەم فەلسەفەیە. ئەم ستوون و تاقانە بەکەڵك وەرگرتن لە بەردە رەنگاوڕەنگەکان دروستکراون، تا وێناکردنی دیتنی شێوەیەك فەزای بێ کۆتایی بەدی بهێنن. نموونە گەلێك کە ئیزن بە ئێوە دەدەن تا ئەو جێگایەی کە بۆ پەرستنی خودا تێیدا چۆکتان داداوە، بەجێ بێڵن و بچنە ناو دنیایەکی ترەوە. یەکێك لەبەشە سەرەکییەکانی ئیسلام باوەڕ بەجۆرێك بەهەشتی ماددی شکۆدارە. ئەم باوەڕە بە دژی پێداگری مەسیحییەتە بۆ ژیانی مەعنەوی پاش مەرگ. بەم پێیە، وادێتە بەرچاو کە هونەرمەندە ئیسلامییەکان زۆرتر سەرنجیان داوەتە بابەتگەلی ئاسایشی فیزیکی و هونەرە جوانکارییەکان، کە رۆژئاوا گرنگییەکی زۆری پێدەدان.

بۆ نموونە، ئەو ئاوریشمە رۆژهەڵاتییە سەرنجراکێشانەی کە بۆ پێچان بە دەوری شتە تایبەتییەکانی مەسیحییەکان دەچنران یا سندوقێك کە بە سندوقی خەباتگێڕی شەڕی سەلیبی ناودەبراو لەسەر بنەمای شێوازێکی رۆژهەڵاتی دروستکرابوو، لەگەڵ شتگەلێکی جوان و ئاڵۆزی تایبەت بە رازاندنەوە، کە بەرجەستەکەری ناوەڕۆکی کتێبی پیرۆز بوون، بەکۆمەڵە شتێکی گرانبەها دادەنران.

لە بابەتگەلێکدا، کە بابەتی جێی سەرنجی هونەرمەندە مەسیحییەکان ـ هونەری بەرجەستەـ بوون، هونەرمەندە موسوڵمانەکان داهێنەرانەتر کاریان دەکرد. لەگەڵ ئەمەشدا ئەوان تەکنیکەکانی کاریان لەسەر بنەمای مۆدێل(الگو)، گۆڕین. کارێك کە تا ئەو سەردەمە بێ وێنەبوو.

هونەرە دەستی و هونەرە جوانەکان، بوون بە یەك. شتە ئاساییەکانیان گۆڕییە سەر شێوەیەکی جوان، کە بینەریان دەبردە دنیایەکی تر لە سەرووی دنیای ماددییەوە. مرۆڤ دەتوانێ هێزی مۆدێل لە هونەرمەندی رۆژهەڵاتیدا ببینێ، بە تایبەتی

لەسەردەمی رۆمانسکدا،کە هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕە سەلیبییەکان لە ساڵی (١٠٩٥)دا. بیناسازی، نوسخە دەستنووسەکانی وەك ئنیجلیی لیندس فرین، پەیکەرتاشی و وێنەکێشان، هەموویان وەکو هۆی جوانکاری بەکاربران.

## کولتووری ڤیکتۆریایی

پێشتر بە کورتی، کەلتووری ڤیکتۆریاییمان خستەبەر باس. کەلتوورێك کە رۆڵێکی سەرەکی لە مێژووی هونەری مۆدێرندا گێڕا.

کارکردنی نەریتیی هونەر لە رۆژئاوادا، وەکو رێنوێنێکی سیاسی و مەعنەوی، یەکەمین نیشانەکانی هەڵوەشان و تێکشکان نیشاندەدات. بەکردەوە سەلمێندراوە کە چاوەڕوانی شێوەیەکی دنیایی لە هونەر، لە ئاکامدا تاڵ و نەشیاو دەبێت. "راسکین" یەکێك لە یەکەمین قوربانییەکانی ئەم نەریتە بوو.

سێ دیاردە بۆ تێگەیشتنی هەل و مەرجی سەدەی نۆزدەیەم زۆرگرنگن. یەکەمین دیاردە شۆڕشی پیشەسازی و پەرەسەندنی پەروەردە و فێرکردنی بنەڕەتی بوو، کە لە خزمەتی بێگانەکردنی خەڵك لەگەڵ شوێنەکەیان جێی گرت. دووەمین دیارە، تێکۆشانی دوو پیاوی گەورەبوو، "جان راسکین john ruskin و هێنری کۆڵ henry cole ."2 ئەوان ئارەزوویەکی مێژوویی بێ وێنەیان بۆ فێرکردن لە ئاستێکی بەرفراوان لەنێو خەڵکدا پێکهێنا. سەرەنجام بە دژی دەسکەوتە هونەرییە نەریتییەکان راوەستان، کە بە شێوەیەکی کاریگەر هەموو هونەرەکانی لە شوێنگەیەکی تایبەتدا دانان.

ناتوانین کاریگەری شۆڕشی پیشەسازی بەکەم وەرگرین. دووکەڵکێشی کارگەکان و سەرچاوەکانیان، چوونە ناو هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەوە، لە سیاسەت و تەندروستییەوە بگرە تا مەزهەب و هونەر. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی دنیای رۆژئاوادا، زۆربەی خەڵك لە شارەکان دەژیان نەك لە گوندەکانداو لە ئەنجامدا بینابەرزەکان و کارگەکان زۆرتر لە دار و کوێستانەکان دەکەوتنە بەرچاوان. پەرەگرتنی پەروەردە و فێرکردن بەو مانایە بوو کە زۆربەی خەڵك کاتێکی زۆریان لە پۆلەکانی



دەرس خوێندندا بەسەر دەبرد. سەدەی نۆزدەیەم شاهیدی ئەوە بوو کە خەڵك پۆلەکانی دەرس و کارگەکانیان بەجێهێشتوون و وەکو گەشتیار، سەفەرگەلێکیان بۆ ناوچە گوندییەکان دەکرد. هاوڕێ لەگەڵ ئەم ئاڵ و گۆڕانە لە رواڵەتی زەویدا، تەنانەت رەنگەکانی ژیانیش دەستیان کردبوو بە گۆڕان.

وێنەکێشەکان، رەنگە رەشەکانیان بەکاربردن. "رەش" بووە رەنگی سەرەکی زۆربەی قوماشەکان. شاعیری فەرەنسی "چارلز بودلر" و پرۆفیسۆرێکی جوانی ناسی ئەڵمانی بە ناوی "فردریك تئودر فیشر" هەردووکیان لە بارەی پێویستی دوورکەوتنەوەی کۆمەڵ لەم شێوەیە، بابەتگەلێکیان نووسین.

هەر بەو شێوەیەی کە قەدیس "پاول" لە ئینجیلی قەرەنتییەکاندا لە بەشی (١٢-١٣)دا دەڵێت "رەشایی راسەقینەی ئاسمانەکانی سەدەی نۆزدەیەم، فەزای نێوان تاکەکانی بە جۆرێك تاریك کردووە کە ئیدی هیچ کەسێك ناتوانێ شتێك بە رووناکی ببینێ. هەر چەند ئەم تاریکییە بە مانای تاریك بیرکردنەوە نییە، بەڵکو دیتنە لە رێگای شووشە رەشەکانەوە، بەلاّم لە ئەنجامدا دەگۆڕێت بۆ ناتەواوی لە دیتندا، واتە بێگانە بوون لەگەڵ سروشت"دا

فەلسەفەی راسکین بانگەشەی دەکرد کە "بە رووناکی دیتن" گەورەترین سەرکەوتنێکە کە تاك دەتوانێ دەستی پێ رابگات. نەك تەنیا بەروونی دیتنی چواردەور، بەڵکو دیاریکردنی لایەنە جۆراو جۆرەکانی شتێکیش گرنگی هەیە. وا دابنێن کە لە مانگی کانوونی دووەمی زستانێك، لە باغێکدا دانیشتوون و باخەکە کۆمەڵێك داری تێدایە، کە هەندێکیان هەمیشە سەوزن، لە حاڵێکدا کە گەڵای هەندێکی تر لە درەختەکان لە حاڵی وەریندایە. لقە تازە گەشە کردووە سەوزە گوڵ زەعفەرانییەکان و نەرگسە وەحشییەکان کەم کەم لە حاڵی دەرکەوتندان و لە حاڵی گەشانەوەدان. دەتوانرێ باخەکە و کۆمەڵە دارەکانی بە شێوەیەکی تریش وێنابکرێن: وەك ئەوەی کە بە رەنگە رووناکە تایبەتییە پاییزییەکان و نیعمەتە فراوانەکانی داپۆشراون، یا لە حاڵەتی سەرمابردووییدا. راسکین باوەڕی وابوو کە خەڵك نەك تەنیا لێهاتوویی وێناکردنی وردی دیمەنەکانی

دەوروبەریان لە دەستداوە، بەڵکو لە حاڵەتی لەدەستدانی توانای لە یادەوەری هەڵگرتنی بیرەوەری و خەونەکانیش بوون، کە لەبارەی ئایندەوە هەیان بوون. ئەم خەونە "خەیاڵە" مەعنەویەتی لەخۆیدا جێ دەکردەوە و بەبێ خەیاڵ هەدەفەکە یان لەناودەچوو، یان لە حاڵەتێکی وەك قبوولْ نەکردنی خاوەنداریێتی ژیانی لەسەرووی واقیعەوە دەهێنایە پێش مرۆڤ.

پیشەسازی بوون لەو ئەندیشەیەدا هەبوو، کە ئێمە یا سروشت زۆر بە جدی وەردەگرین یان بەرادەی پێویست بەجدی وەری ناگرین.

ئێمە لە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی هەستێکی ئارامی راستەقینە لە پەنا سروشت و ژینگەکەمان، دەستمان هەڵگرتووە. بەلاّم قوتابخانەی بەر لە رافائیلی، لە لەنێوچوونی ئەم جۆرە روانینەدا، حاڵەتێکی ریزپەڕی گەورەبوو. ئەندامەکانی کۆمەڵگایەك لە بارەی وێنەی بابەتەکانیان، هەر بەو شێوەیەی کە ئەو بابەتانەیان دەدیتن، دوو دڵ بوون. بەو مانایەی کە هەموو بەشەکانی وێنەکە، حەقیقی بوون. ئەم شێوەیە لە پێوەندی لەگەڵ شێوەکانی پێشوودا، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بوو، چونکە لەودا بەشی سەرەکی بەستێنی وێنەکە و وردەکارییە جوانکارییەکانی، لەوانەبوو لەوێناکردنەکانی وێنەکێشەکەوە سەرچاوەیان گرتبێ. گرنگی ئەم بابەتە لە کوێدایە؟ لە روانگەی "راسکین"ەوە، گرنگییەکە لەو خاڵەدا نوێنرابوو، کە دەبێ حەقیقەتی شتێك لە شکڵە نایابەکەیدا بنوێنرێ. لەم رووەوە، ئەگەر وێنەکێشەکە روانگەیەکی روونی هەبێ، شتەکە دەتوانێ ماهیەتە خواییەکەی خۆشی بپارێزێ. لەم میتۆدەدا، شتەکە یا کەسەکە دەتوانێ لە تەواوەتی خۆیدا وێنەی بکێشرێ. تەنها لەم حاڵەتەدایە کە تاك دەتوانێ ماهیەتی دیمەنێك بدۆزێتەوە.

دووەمین هەڵسەنگاندنمان لە بارەی ئەو سەرنجە زیادەوەیە کە لەبەریتانیادا دەدرێت بەفێربوونی هونەر. ئەم بانگەشەیە لە جێگیرکردنی خولە فێرکارییەکانی هونەرو تەراحی لە دەستی خەڵکدا دەردەکەوێت. لە حالێکدا کە بەریتانیا لە سازکردنی کالاّکاندا پێشڕەوی دنیابوو، بەلاّم ولاّتێکی دەست وپێ سپی بوو لە بەرهەمهێنانی



کالاّ لوکسکەکان و دیاریکردنی رەوتەکانی مۆددا. سەردەمی ڤیکتۆریایی شاهیدی ئاڵوگۆڕگەلێکی زۆر جوان نەبوو، لە زەرورەتی بوونی هونەرەکان.

❋ ❋ ❋

لە روانگەی پەیوەست بە هونەرەوە، لەسەر بنەمای دوورکەوتنەوە لە چاوەڕوانی فێرکردن و ئیلهام لە هونەردا، ئاڵوگۆڕگەلێك روویاندا و کەم کەم گۆڕا بۆ چاوەڕوانی توانای بازرگانی لە کالاّ هونەرییەکاندا.

روانینێکی رێکخراو بۆ فێرکردنی هونەرەکان لە بەریتانیادا بەهۆی "هێنری کۆل"ەوە، لە نێوان ساڵەکانی (١٨٥٢-١٨٧٣) بەدیهات ـ واتە سەردەمی خانەنشینییەکەی ـ. لەم سەردەمەدا بوو کە فێرکردنی هونەر لە قوتابخانەکاندا بوو بە ئیجباری. ناوەندە فێرکارییەکانی گەلاّلە دارشتن لەسەرتاپای ولاّتدا بەدیهاتن. پۆلگەلێکی شەوانەش بۆ هاوکاری کردنی کرێکارەکان لەبەرچاوگیران. هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەکی ناوەندییش لە لەندەندا بەدیهات کە سەرەنجام بە مۆزەخانەی "ئاڵبێرت و ڤیکتۆریا" ناسرا.

تیۆرەکەی "کارل مارکس" (١٨١٨-١٨٨٣) لە بارەی توانایی دەرخستنی کالاّ هونەرییەکان لە بازاڕدا، پەیوەستە بە خالّی دووەمەوە. مارکس لە دووەمین بەشی کتێبی سەرمایەدا، لە بارەی ئەوەوە باسدەکات، کە چۆن خوازیاریی کالاّیەك تەنها بەستراوەتەوە بە بەهاو ئاستی ئاڵوگۆڕەکەی. ئەم شێوە فکرە، بیروباوەڕە نەریتییەکانی لە بارەی هونەرەوە بە تەواوی گۆڕین. واقیعەتی فۆرم ناتوانێت شێوەی راستەقینە بەخۆیەوە بگرێت، مەگەر ئەوەی کە بتوانرێ دووبارە بگۆڕدرێتەوە بۆ کالاّیەکی شیاوی فرۆشتن. مەسەلەی چۆنییەتی کالاّ لەبەراورد لەگەڵ توانای دەرخستنی لە بازاڕدا، کەوتە پلەی دووەمی گرنگییەوە. ئایا ئەنجامی ئەم ئاڵ و گۆڕە، کۆتایی خولقاندنی جوانییە؟ یا ئەوەی کە ئەم ئاڵ و گۆڕە، بەرفراوانی روانینی جوانییە؟

سێیەمین تایبەتمەندی سەدەی نۆزدەیەم، نادیاربوونی جیاوازی نێوان هونەرە جوانکارییەکان و هونەرە پێشکەوتووەکانە. لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیدا، توانای

بەرهەمهێنانی کالاکان لە ئاستێکی بەرفراواندا بۆ سەرفکردنی گشتی، بەدیهات. دروست بەو شێوەیەی کە دەزگای چاپ بوو بەهۆی ئەوەی کە کتێب و رەسمە بلاوکراوەکان بگەنە دەستی خەڵك. تەکنۆلۆژیا هەلی بە کۆمەڵێکی تەواو نوێدا، کە لە رەوتێکی داهێنەرانەدا بەشدارییکات. خاڵی جێگای سەرسوڕمان ئەوەبوو، کە خواستی راسکین بۆ فێرکردنی هەمەلایەنی هونەر، بووە هۆی دابەزینی دەرك و تێگەیشتنی هونەرە پێشکەوتووترەکان لەو سەردەمەدا، کە خەڵك زانیارییەکی کەمیان لە بارەی هونەرە جوانکارییەکانەوە هەبوو. خەڵك دەبێ بۆ تێگەیشتنی تەواوی هونەر، روانینێکی روونییان هەبێت. بەهەر ئەندازەیەك کە خەڵك نییەتیان باش بێت، ئەگەر نەتوانن واقیعیەتی سروشت دەرکبکەن، ئەوا قەت ناتوانن رەسەنی فۆرم بگوازنەوە بۆ شتەکانی تر، جا چ بە شێوەی کردەیی "عملی" بێت یا بە شێوەکانی تر. سەدەی نۆزدەیەم شاهیدی دەست پێڕاگەیشتنی شارستانییەت بوو بە سروشتێك، کە هیچ جێگرەوەیەکی بۆ پەیدا نەدەبوو.

دەورەی ڤیکتۆریایی کە لەگەڵ " تۆڵستۆی" (١٨٢٨-١٩١٠)دا دەستپێکرد، بە گەڕانەوەیەکی تەواو، تا نارەزایەتییەکانی ئەرستۆ دەیگەڕاندینەوە دوا. تۆڵستۆی کۆمەڵە وتارێکی بەناوبانگی لە ژێر ناونیشانی "هونەر چییە؟"دا بلاوکردنەوە، کە تێیاندا پێناسەی کۆنی هونەر وەك بەرجەستە کردنی جوانی، رەتدەکاتەوە. تۆڵستۆی دژایەتی لەگەڵ ئەم مانایەدا دەکات، چونکە باوەڕی وایە جوانی تەنها شتێك نییە کە خۆشی هێنەر و دڵ پەسەند و یەکسان بێت لەگەڵ کەماڵی چاکیدا "واتە خودا". "چاکی شتێکە کە هیچ کەس ناتوانێ وەسفی بکات، بەلام ئەم چاکەیە دەتوانێ هەمووشتێکی تر وەسفبکات". تۆڵستۆی باوەڕی ئەفلاتوون لەسەر ئەو بنەمایەی کە هونەر لە چاکە جیابووەتەوە، رەتدەکاتەوە (بەپێی وەسفی ئەفلاتوون، هونەر لە جوانیدا دیاری ناکرێ) و لەباتی ئەوە، وەك کارێکی کاریگەر بەرگری لە هونەر دەکات. تۆڵستۆی باوەڕی وایە کە ئەگەر بڕیار وایە بەرهەمێك بە بەرهەمێکی هونەری بژمێردرێ دەبێ هەستەکانی هونەرمەند بگوازێتەوە بۆ چاولێکەر یا بیسەر. تۆڵستۆی هەروەها دەڵێت کە هونەرمەند دەبێت لێوان



لێو بێ لە هەستێکی تایبەت، کە تەنیا بتوانێ خۆی لە داهێنانێکدا (باش یا خراپ) ئەرێنی یا نەرێنی، جوان یا ناشیرین، پیشانبدات. بەپێی پێوانەی تۆڵستۆی، هونەرمەند دەبێت هەستێکی رەسەن ئەزموون بکات، تا بتوانێت بەرهەمێکی هونەری داهێنەرانە بخولقێنێ. لە بەرامبەردا کەسێك کە لەگەڵ ئەم بەرهەمەدا دەکەوێتە پەیوەندییەوە، لە ژێر کاریگەری ئەو هەستانەوە، لەوانەیە ناسینێك لەخۆی لەم بەرهەمەدا ئەزموون بکات. تۆڵستۆی بەشی هەرە مەزنی هونەر، لەوانە هونەری شکسپیر، دانتێ و بتهۆڤن بە ساختە دادەنێ و مەحکوومیان دەکات. زۆربەی هونەرمەندان تەنها بەرهەمگەلێکی لە پێشدا دروستکراو دەخولقێنن، کە لێیان خوازراوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەیە، کە ئەم بەرهەمانە هەڵگری هەستی راستەقینە نین و ساختەن.

تۆڵستۆی هەروەها رەمزەکان، بە تایبەت رەمزە مەزهەبییەکانیش مەحکووم دەکا، چونکە ئەوەندە دووبارە کراونەتەوە کە ئیدی ناوەڕۆکێکی نوێیان نییە. بە دەربڕینێکی تر، ئەو دەیویست رەمز لە نێو ببات و راستی مەزهەبی ئەزموون بکات -کە تەنیا دەتوانێ لەرێی ئاشکراسازی خوایی و باوەڕ لە رێگەی ئیمانەوە دەربکەوێت-.

لەم میتۆدەدا، ئەزموونەکان نەك تەنیا تێکەڵ بە شتە بەرجەستەکان ــــ یان لاساییەکان یان ئەوەی کە مومکینە عیرفانی دەربکەوێت یان هەستپێبکرێت ــ نابن، بەڵکو هەڵەکانی پشکداربوون لە حەقیەتی راستەقینەشدا زۆرتر دەبن. لە ئاکامدا تۆڵستۆی باوەڕی وابوو: "ئەرکی هونەری مەسیحی بەدەستهێنانی یەکیەتییەکی برایانەیە". ئەو باوەڕی وابوو کە ئەگەر هونەر بتوانێت ببێتە هۆی بەرز راگرتنی "عشاء ربانی" و هەیەجان و گەرم و گوڕی سیاسی زیاد بکات یا راستی بەدیبێنێ، لەو حاڵەتەدایە کە هونەر دەتوانرێ، بۆ خولقاندنی خۆشەویستی بەرامبەر بە هەموو مرۆڤەکان یا دەرکی پلە و پێگەی هەموو مرۆڤەکان و گۆڕینی فیتنە و تامەرزۆیی بۆ رەفتارگەلی خزمەتگوزارانە، بەکاربرێ.

دەورەی ڤیکتۆریایی بە گشتی بۆ کەلتووری سەردەمێك کێشە خولقێن بوو. پێکدادانی نێوان هونەرو زانست بوو بە هۆی ئەوەی کە هونەرمەندان، رەخنەگرەکان و

تەنانەت کەسانێکی نا پسپۆڕیش، لە بارەی ئەوەوە بیربکەنەوە کە لە هونەرەوە چاوەڕوانی بوون، هەروەها ئەو مانایەش کە بە هۆی هونەرەوە دەبوو بگوازرێتەوە.

وا دەکەوێتە بەر چاو، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، لە نێوان چاوەڕوانیگەلێکی تا رادەیەك لاوەکی وەکو چاوەڕوانی جوانی لە هونەر، تا بیروباوەڕە توندە سیاسییەکانی تۆلستۆی، کە هونەر دەتوانێ دنیا بگۆڕێت، زۆربەی خەڵك چوونە پاڵ ئەو باوەڕەی کە هونەر دەبێ بایەخێکی بنەڕەتی هەبێ.

هەروەها سەدەی نۆزدەیەم خەڵکی لە کاریگەرییەکی بەرامبەردا لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریان، بە جۆرێکی نوێ دەدی. بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا، خەڵك زیاتر سەردانی دەشت و بیابانیان دەکرد، تا کاریان تێدا بکەن. ئەم خاڵە بوو بە هۆی ئەوەی کە هەستی نزیکایەتی و هۆگری لە پێوەندی لە گەڵ سروشتدا، بگۆڕێت بە جۆرێك ترس و دوور کەوتنەوە لێی. بە پێچەوانەی فێرکردنی ئیجباری هونەر لە قوتابخانەکان، ئەو نزیکایەتییەی کە سەردمانێك بە جۆرێکی غەریزی لەگەڵ سروشتدا هەمان بوو و چێژمان لێ وەردەگرت، قەت نوێ نەدەبووەوە.

خاڵی باسکراو لەوانەیە یەکێك لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی گران فێربوونی هونەر لە سەدەی بیستەمدا بێت.

## روانگە مەزهەبییەکان لە بارەی هونەرەوە

لەم بەشەدا لە بارەی چۆنییەتی تێکچڕژانی هونەرو ئایینەوە، چاو دەخشێنین بە سەر چەند روانگەیەکی جۆراوجۆر لە زانایانی ئیلاهیات، لە سەدەی بیستەمدا.

"کارل بارت" (١٨٨٦ -١٩٦٨) کە بە هۆی ئیلاهیاتە ناسراوەکەیەوە، یەکێك لە پەرگیرترین زانایانی ئیلاهیاتە لە سەدەی بیستەمدا، باوەڕی وابوو کە هونەرە بەرجەستەکان هیچ شوێنگەیەکیان لە پەرستگەکاندا نییە. بارت دەیگوت کە هونەر سەرنجی خەڵك لە ئیلهامە رەسەنەکانی خوا بەلارێدا دەبات و بە توندی بە گومان بوو سەبارەت بەو پێوەندەی کەوا بانگەشەی دەکرد: ئەزموونە ئاشکراکانی خوا بلاو دەکاتەوە.



"پل تیلیچ" (١٨٨٦-١٩٦٥) باوەڕی بە پێوەندییەکی ئەرێنی دیکە هەبوو لە نێوان مەزهەب و هونەردا.

ئەو لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی خۆیدا، بەناوی "ئیلاهیات سیستەمە" هەوڵدەدات، تا ئەوە بنوێنێ، کە بە هەمان ئەو رادەیەی مۆسیقا و وشە نووسراوەکان بەشێکن لە ئەزموونی تەواوی ئەفراندن، هونەرە بەرجەستەکانیش بەشێکی جیاوەنەبووی رۆحی مرۆڤن.

"تیلیچ هەوڵیدەدا، ئەم مانایە نیشانبدات کە لە کارو پرۆسەی نواندنی هونەریدا، ئەوەی کە هونەرمەند هەوڵ بۆ دەربڕینی دەدا، دەیخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. لەم رووەوە ئەگەر هونەر بیهەوێ سروشتێکی مەزهەبی هەبێت، بە دڵنیاییەوە پێویستی بە دوو بنەمای تایبەتکردن و راستگۆیی هەیە. بنەمای یەکەم، ئاماژە دەکا بۆ گواستنەوەی مانا بالآکان لە رێگەی رەمزە مەزهەبییەکانەوە. بنەمای دووەم، ئاماژەیە بۆ دەروەستی خولقاندنی وێنەگەلێك بە میتۆدێك، کە هەم ئیلهام بەخش و هەم پەیوەستیش بێت بەو فەرهەنگەوە. کێشمەکێش کاتێك پەیدا دەبێت کە شێوازە نوێیەکان بە دژی شێوازە نەریتی و کۆنترەکان هەڵدەستنەوە.

تیلیچ وەکو راسکین وای هەستدەکرد، کە هونەری مەزهەبی دەبێ لایەنێك لە بالآیی نیشانبدا.

لەبەر ئەوەی ئەو وێنانەی کە "بەشی جیاوەنەبووی خولقاندن"یان تێدا نییە "بە باوەری تیلیچ" لە دەرەوەی هەرێمی هونەری مەزهەبیدا جێ دەگرن. بەرهەمە هونەرییەکانی تیلیچ کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر پسپۆڕەکانی زانستە مەزهەبییەکانی سەدەی بیستەم هەبووە.

کارل رهنەر (١٩٠٤-١٩٨٤) وەکو تیلیچ ئارەزووی وایە، ئاماژە بە رۆڵی هونەر بکات لەئیلاهیاتدا. لە وتارێکیدا بەناونیشانی "ئیلاهیات و هونەرەکان" پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە ئیلاهیات نەك تەنیا دەبێت هونەرە کەلامییەکان، بەڵکو دەبێت هەموو جۆرەکانی هونەریش لەخۆ بگرێ.

بۆ ئەنجامگیری دەبێ بەدوای وەڵامێکەوە بین بۆ ئەم پرسیارە: کە ئایا هاتنە خوارەوەی ئیلاهیات تا ئاستی ئیلاهیاتی کەلامی و بەبێ گەرەنتی جێبەجێ کردن، تەنیا شایستەی پلە و بەها بەرزەکانی هونەرە؟ ...و ئایا ئەمە دادپەروەرانەیە، تواناکانی هونەر، کە دەتوانن ئیلهام بەخشی مانا خواییەکان بن، تا ئەم رادەیە بەرتەسك بکەینەوە؟

هانس کانگ (١٩٢٨) نواندنی هونەر، وەك کردەیەکی میتافیزیکی دەبینێ یا بە کردەیەکی دەزانێ، کە ئاماژە دەکات بۆ ئەو دنیا. جوانی ئایدیالی و بێ کەم و کوڕی وێنەکێشراو لە وێنەیەکدا، ئەو ئومێدە بەدی دەهێنێ کە: "دنیایەکی نموونەیی کە بە دوایەوەین سەرەنجام دەردەکەوێت.

دواجار "هانس ئۆرس فەن بالسازار" (١٩٠٥-١٩٨٧) لێکدانەوەیەکی جوانی بۆ جوانی ناسی، لە کتێبە حەوت بەرگییەکەی خۆیدا "گەورەیی و بەدەسەڵاتی خوا، جوانی ناسی خوایی" کردووە. بالسازار هونەر وەك شتێك دەبینێ کە دەتوانێ ببێتە هۆی لە خۆ بێ خۆ کردنی چاولێکەر بۆ قووڵ بیرکردنەوە لە بارەی شکۆیەکی قووڵتر لەوەی کە ئەو بەرهەمە پێشکەشی دەکات.

لە ئەنجامدا بالسازار ئیلاهیات و هونەر پێکەوە دەبینێ و بە جیاوە نەبوویان دەزانێ. پسپۆڕەکانی ئیلاهیات نیازیان وایە کە هونەر دەربڕینی ئەو شتانەیان بۆ ئاسان بکات کە ئەوان ناتوانن دەریان ببڕن و هونەریش پێویستی بە پسپۆڕەکانی ئیلاهیاتە، تا کاروبارەکانی ئاسمان بە روونی دەرببڕن.

## سەرلێشێواوی مۆدێرن

فەرهەنگی مۆدێرن بەردەوام وێناکردنمان لە بارەی خواوە دەخاتە ژێرپرسیارەوە و وێنەگەلێکی موجەڕڕەدترمان نیشاندەدا، کە ئامانجەکەیان ئیلهام دانە بۆ گەیشتن بە باوەڕێکی زۆرتر بە خوا.



لەم رووەوە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا، هونەر بە شێوەی مەزهەبی و بەرجەستەیی نەنوێنراوە و تیۆری کامڵی هونەریش بە تەواوی گۆڕاوە. باوەڕگەلێك، کە ئێمە لە بارەی حەقیقەت، جوانی، مەعنەویەت، ئیلهام، بەرجەستەیی و پەروەردە و فێرکردن هەمانن، بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندان.

سەدەی بیستەم شاهیدی زۆر دیاردەی هونەری بووە. لە دیوارەکانی گرانێتییەوە بگرە (کەناوی سەربازە کوژراوەکانی شەڕی ڤێتنامی لە سەر نەخشێنراون و وەك هەستیارترین رەمزەکانی نیوەی دووەمی سەدە، دەربڕاون) تا باس لەسەر ئەوەی کە ئایا بەشەکانی دی می ین هرست "hirst Damien"ی مانگاکان کە لە "فۆرما لدئید"دا دەپارێزرێن، دەتوانین بە هونەر بیانژمێرین یان نا؟

ئێمە لە سەدەی بیستەمدا شاهیدی سەرهەڵدانی فاویستەکان، ئایندەگەراکان، کوبیستەکان، کوبیستە ئایندەگەراکان، پاپ، دادایزم، بەرهەمگەرایی، هونەری دیکۆ، سوریالیزم، پێکهاتەخوازی، پێکهاتەشکێنی، باوهاوس، ئیکسپرسیۆنیزم، هەروەها مۆدێرنیزم، پۆست مۆدێرنیزم، رۆمانتیك خوازی نوێ، وێنەی نوێ، چەمکگەرایی، بووین. سێ دەیەی رابردوو، شاهیدی تێکۆشانەکانی لایەنگرانی مافی ژن بووە، بۆ بنیاتنانەوەی هونەر لە شێوەباوەکەیدا. ئەوان لە هەوڵداندا بوون بۆ دۆزینەوەی شوێنی مێژوویی خۆیان لە بەستێنی وێنەکێشان، پەیکەرسازی و نوسەریدا و ئارەزووی ئەوەیان نەبوو کە بەرهەمەکانیان لەژێر تیشکی هاوتا نێرینەکانیاندا بن. ئەمڕۆ ئیدی تەنها ناوەڕۆکێکی بنەڕەتی و گشتی نییە کە هەموو هونەرمەندەکان رووی تێبکەن. پێشکەوتنی تەکامولی تەنها لە چوارچێوەی هەل و مەرج و وێناکردنەکانی خودی هونەرمەندادایە.

وا دەکەوێتە بەرچاو، کە تایبەتمەندی هونەر لە سەدەی بیستەمدا ئەوە بێت، کە لە باتی کارکردنە سەر بنەما باوەڕی و ئایینەکان، پەراوێزی فەرهەنگی "کلتووری" کۆمەڵگا دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

هونەرمەندەکان بەردەوام و ماندوونەناسانە هەوڵدەدەن تا شێوەگەلێکی نوێ بخوڵقێنن. شێوە هەوڵدانێکی جدی کە پابلۆ پیکاسۆ (١٨٨١-١٩٧١) نموونە

ئاشکراکەیەتی. لە ساڵی (١٨٨١) لەدایکبوو و تا دەستپێکی سەدەی بیستەم تەقریبەن خۆی وەك هونەرمەندێکی گەورە ناساندبوو. تۆڵستۆی دانی بە پیکاسۆ دادەنا. پیکاسۆ بە رادەی تۆڵستۆی رقی دەبووەوە لە قوتابخانەکانی هونەر، ئەم رق لێ بوونەوەیە تا کۆتایی ژیانی هەر درێژەی هەبوو. کاتێك لە قوتابخانەی هونەرەجوانەکانی بەرشەلۆنا داوایان لێکرد ئەم رستەیە بنوسێت "من فێر دەبم کە چۆن وێنە بکێشم"، دژکردەوەکەی، نوسینی ئەم رستەیە بوو "من فێر نابم کە چۆن وێنە بکێشم". هەم "پیکاسۆ" و هەم "تۆڵستوی" باوەڕیان وابوو کە وێنەکێشان توانایەکە لە دەروونی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ و لێزانییەك نییە کە فێری ببی یا لاسایی بکەییەوە.

تۆڵستۆی هەروەها پشتیوانی ئەو باوەڕەش بوو، کە بۆ ئەوەی وێنەکێش وێنەیەکی جوان و داهێنەرانە بخولقێنێ، دەبێت ئاشنایی هەبێت لەگەڵ هەموو شێوازە کۆنەکاندا. پیکاسۆ سەلماندی کە قوتابی نموونەی ئەم فەلسەفەیەیە. ئەو لەساڵەکانی سەرەتای وێنەکێشانی خۆیدا، بەدوای شێوازەکانی مامۆستا لێ هاتوو و بەرجەستە کۆنەکانەوە بوو. ئەو سوودی لە شێوازە کلاسیکییەکان وەردەگرت و بە گەرم و گوڕییەوە، بە پێڕەوی لەوان وێنەی دەکێشانەوە. بەلاّم سەرەنجام لەم شێوازانە ماندوو بوو، بۆیە دەستکاری کردن و جۆرێك نوێگەری تێدا بەدیهێنان و تەنیا رەنگدانەوەیەکی لەم کارتێکەرە شێوازییە بەجێ هێشت. تا ئەوەی کە دواجار خۆی بەسەر وێنەکێشانەکەیدا زاڵبوو. ناوبراو ئەو کاتەی کە بیست و پێنج ساڵی بوو بە ناساندنی خۆی وەك یەکێك لە بەرجەستەترین وێنەکێشەکانی دنیا، مامۆستاکەی خستبووە سەرسوڕمانەوە.

لەو کاتەی کە بەدوای سەپاندنی شێوازەکەیەوە بوو دوو ناوەڕۆکی باو پەیدا بوون. ئەوانەی کە سەبارەت بە رەنگ بوون و ئەوانەیش کە سەبارەت بە دەسکاری کردنی شکڵ "شێوە" بوون. سەردەمێك یەکێك لە رەخنەگرەکان لە رایەکی زۆر جیاواز لەگەڵ روانگە نەریتییەکان، لەبارەی پیکاسۆوە وەهای گوت: "ئەو توانای دابەشکردنی



ماهیەتی شتەکانی هەیە. وەکو هەموو وێنەکێشە کامڵەکان، ئەو رەنگی لەبەر خودی رەنگەکە خۆش دەوێ".

ئاشکرایە کە ئەم روانگەیە لەگەڵ باوەڕەکانی چەند ساڵی پێشتردا، تا چ ئاستێك جیاوازە- سەردەمێك کە راسکین و ڤیسلر لە دادگادا بوون- لێرەدا ئیتر سەرچاوەی ئیلهام وەك بابەتی بنەڕەتی لەبەر چاو نییە، بەڵکو ئەوە رەنگە کە بیرەوەری، دژەکردەوە، وێنەگەلی زەینی، ورەو حەقیقەتی مەعنەوی لە مرۆڤدا دەبزوێنی.

کۆمەڵە بەرهەمێك کە پیکاسۆ لەسەردەمانی خەمۆکی خۆیدا(١) بەرهەمی هێنا {خەمۆکی ئەو لە ساڵی (١٩٠١)ەوە دەستی پێکرد} سەرەتایەکی ئایندەبینانە بوون بۆ سەدەی دواتر. ئەم وێنانە بە نواندنی وێنەگەلی وشك و دڵتەنگ کەر، دەبوونە هۆی بەدیهێنانی هەستی خەمۆکی و سەرلێشێوان. پێنج ساڵ دواتر لە ساڵی (١٩٠٦) دا پیکاسۆ بۆ هەمیشە لە حاڵی بنیاتنانەوە و نوێکردنەوەی مێتودی روانینی ئێمەدا بوو بۆ هونەر.. لە پۆرترێتی "گێرتێروۆد ئیشتاین"دا، ئەوەی کە پیکاسۆ بەجێی هێشت هونەری نایابی بەرجەستەیی بوو. ئیتر ئامانج خستنەڕووی وردی وێنەیەك نەبوو، بەڵکو باسکردنی پێکهاتە بوو. لەم رێگەیەوە بوو کە لایەنە هونەرییەکانی بەرهەمێکی هونەری بەرادەی بابەتەکەی گرنگ بوون. کەپوو سێ گۆشەییەکان، چاوە خێلە نێو خاڵی و رووناکەکان ـ تاریك و یەك پارچە دەرکەوتن.

پیکاسۆ بە هۆی لەجێگا دانانی بنەڕەتی شێوەکان و ناواقیع بینی زێدەڕۆیانە، بوو بە بناغەدانەری شێوازی کوبیزم. بەر لە مەرگی پیکاسۆ لە ساڵی (١٩٧٣)، خۆی وەك کاریگەرترین تاك لەسەر فەرهەنگی هونەری رۆژئاوایی لە سەدەی بیستەمدا سەپاند. پیکاسۆ گۆڕەپان بۆ فەرهەنگی مۆدێرن بە شێوەیەکی ئارمانجگەرایانە ئامادە دەکاو دەبێتە نوینگەی پرسیارێك کە ئێمە لە تەواوی ئەم کتێبەدا بەدوای وەلاّمێکەوەین بۆی.

پیکاسۆ، پیکاسۆیە و وشیاری و بەهرەکەشی لە بەرهەمەکانیدا، بە تەواوی بەرچاوە. گەرم و گوڕی ئەو، سەرزیندوویی خولقاندنە و روانینەکەشی لەسەررووی

هەموو ئەو کەسانەوەیە کە پێش ئەو لەم کارەدا بوون. بەهای وێنەکێشان و پەیکەرسازییەکانی، لەوەدا کورت نابێتەوە کە دەرخەری ناوەڕۆکی مەزهەبییە و ئامانجەکەی فێرکردن و ئیلهامە، بەڵکو لەم خاڵەدا حەشاردراوە کە ئەوانە کۆمەڵە شێوەیەکی بەرهەم هاتوو لە نموونەگەلێکن، کە تا ئەو سەردەمە کەسێك نەی دیتبوون. بەدیهاتنی ئەوانە شتێکی وەك پەرجوو "موعجیزە" بوو.

نووسەرێکی ئینگلیزی بەناوی دوروتی سیرێز (١٨٩٣-١٩٥٤) بابەتگەلێکی دوور و درێژی لەبارەی هونەرەوە نووسیون و چەند شتێکیش لە بارەی تایبەتمەندی بەرجەستەی هونەری "ئایینی - مەسیحی"یەوە واتە ماهییەتە خولقێنەرەکەی ـ باسدەکات. بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەسڵی داهێنان، پرۆسەیەکی تایبەت بە مەسیحییەتە "ئایینی". کردەی خولقێنەر تەنیا بە سەرمەشق دانانی خوای خولقێنەر نییە بە هۆی مرۆڤەکانەوە، بەڵکو پرۆسەیەکە کە خودا ئامادەیی خۆی لە تەواوی قۆناغەکانی خولقاندنی هونەریدا درێژە پێدەدا. ئەو بە دڵنیاییەوە باس لەم بابەتە دەکات. بەهەمان ئەو شێوەیەی کە مەسیح وێنەی قسەکەری خوایە، وێنەکانیش "تەقریبەن" پێوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ هونەرمەنددا هەیە. ئەم خاڵەش بە نۆرەی خۆی پەیوەستە بەیەکیەتییەوە لە سێ گۆشەی خولقاندندا.

هونەرمەند و بابەت و زەینی خولقێنەر، هەرسێك پێکەوە دەبنە یەك تا وێنەی ئەزموون، هەست و ناسین بکێشن. لەگەڵ ئەوەیدا کە "سیرێز" گریمانەیەکی سوودمەند بۆ هونەری ئایینی- مەسیحی دەخاتە روو، بەلاّم لەبارەی هونەری نامەسیحی و نامەزهەبییەوە، چ گریمانەیەك دەتوانێ بخاتەڕوو؟ بۆ نموونە ئایا هونەری نامەزهەبی دەتوانێ لە بنەڕەتدا بە هونەردابنرێ. یەکێك لە بابەتە جێی باسەکان ئەوەیە، کە کەلتوری نامەزهەبی لە "مۆد"ەوە، نموونە وەردەگرێ.

لە ساڵی (١٩١٣)دا، "سانیا دلانی" دەستیکرد بە دانانی وێنە کوبیزمییەکانی خۆی لەسەر کراسی ژنانە. جەستەی ژنان دەستیانکرد بە پۆشینی مۆدێرنیزم. جل و بەرگە "دلانییە ژنانەکان" بە "هاوکات (simultaneaus)" ناسران و لە



گەورەترین ئاڵ و گۆڕی کولتووری لە مێژوودا، ژنان پاشماوەی سەدەکەیان سەرفی "هاوکات" کردنی مۆدە باوەکانی رۆژ، ئازادی و مەسرەف گەرایی لە کارەکانیاندا کرد. سەرەڕای ژمارەی بەرفراوانی لایەنگرانی ژن (ئەگەرچی لەراستیدا، ژمارەیەکی کەم لە ژنەکان دەستیان گەیشت بەم کولتووره. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە ژمارەیەکی کەم خاوەنی پارە و ئیمتیازە کۆمەڵایەتییەکان بوون) بەلاّم هونەرەکان هەروا ژێرخانی پیاوانەی خۆیان پاراست. بە درێژایی ئەم سەدەیە، ژمارەیەکی بەرچاو مۆدی رۆژ سەریان هەڵدا کە لەگەڵ مۆسیقادا دەگونجان. ئەم بابەتە دەتوانێ ببێتە جێی باس، کە لە سەدەی بیستەمدا گرنگی فەرهەنگی مۆسیقا لەگەڵ مۆددا، یەکسان بووە. مۆسیقا ، هاوڕێ بووە لەگەڵ شتە باوەکانی رۆژدا وەك: جاز و فەلەپێر، گرووپی بێتلەکان، تەنوورەکورتەکانی مێری کوانت، پانك راك "مۆسیقای بەرزوتوند"، جل وبەرگی پانکی لەبەرکردن کە نموونە تایبەتەکانی ئەمانەن: پانتۆڵە تەنکەکانی "مالکۆم مەك لارن"بن، مۆسیقای پاپ و پانتۆڵە پف کردووەکان "فشەکان".لەهەر سەردەمێکدا کۆمەڵێك لە تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکان لەگەڵ مۆسیقای ئەو سەردەمەدا، هاوڕێ بوون.

لەوانەیە سەردەمێك کە "ئەندی وارهۆل" لە وەلاّمی ئەم پرسیارەدا کە "ئایا دەتوانرێ هیچ پەیامێکی تایبەت لە پێشانگاکانی ئەوەوە هەلبهێنجرێ یا نا؟" بەسادەییەوە وەلاّمی نەرێی دایەوە، لە زمانی هەمووماناەوە قسەی کردبێ. رەنگە لەو بانگەشەیەشیدا کە دەیگوت هەرکەس دەتوانێ بۆپازدە دەقیقە بەناوبانگ بێت، راست بووبێت. ئایا ئەو ئەگەرە هەیە کە کولتووری سەدەی بیستەم تەنیا بریتی بێت لە کۆمەڵێك پارچەی دەنگی پازدە دەقیقەیی؟ ئەڵبەتە ئەمە سادە نۆڕییە.

ئەزموونی ئەمریکی- ئەفریقی بە تەنیایی بووەتە هۆی بەدی هاتنی دەوڵەمەندییەکی مەزن لە بەستێنەکانی، جاز، ئەدەبیات، مۆسیقای مەزهەبی و وێنەکێشاندا، کە ئەمانەش بە قووڵی ریشەیان لە ئەزموونە مەعنەوییەکاندا هەیە. جێگای سەرسوڕمان ئەوەیە کە تراژیدیاگەلێکی گەورە کە لەم سەدەیەدا روویان داوە،

بوونەتە هۆی بەدیهاتنی بەشێك لە جوانترین بەرهەمەكان لە هەموو بەستێنە هونەرییەكاندا. دروست بە هۆی سەرلێشێواوی سەردەمەكەمانەوەیە كە شێوە ریالیستییەكان لە دوورەوە ماونەتەوە. بە بڕوای هونەرمەندەكان، لە سەردەمێكدا كە تێیدا دەژین، بۆ ئەوەی كە بتوانی بوونی خۆت دەربخەی شكاندنی شێوازە نەریتییەكان و پشت گوێ خستنی ڕێگرەكان پێویستە.

لە سەدەی بیستەمدا، فەرهەنگ و هونەر لە ڕادە بەدەر ئاڵۆز بوون. تا سەرەتاكانی سەدەی نۆزدەیەم و بە درێژایی ئەو سەدەیە خەڵك ئەو چاوەڕوانییەیان لە هونەر هەبوو كە بە شێوە جۆراوجۆرەكان هۆی دەربڕینی جوانی و مەعنەویەت بێ بۆیان. لە حاڵێكدا كە لە ڕابردوودا تراژیدیا، خەم و كۆڤان و خۆشەویستی و زۆر هەستی دیكە نوێنراون، بەڵام ئەوە تەنیا لە سەد ساڵی ڕابردوودا بوو، كە خەڵك بۆ قووڵ ڕوانین و شیكردنەوە و ڕاڤەكردن، چاوەڕوانی ڕەنگدانەوەی ژیان و كردنەوەی دەرگا نوێییەكانیان لە هونەر دەكرد. خەڵك بەم میتۆدە دەتوانن كۆمەڵێكی بەربڵاو لە هەستەكان، لە ماوەیەكی دڵنیا و بێ ترسدا ئەزموون بكەن. ئەڵبەتە دەشێت كە ئەوان ڕوانینێكی ڕواڵەتیشیان هەبێ بۆ ترسی شێتی لەبەرهەمی "هاوار"ی ئیدوارد مانچ، یان بە هۆی بینابەرزەكانەوە بەرەو ئاسمان بفڕن، بێ ئەوەی كە ناچاربن بەرنامە ئاساییەكانی ژیانی ڕۆژانەیان تێكبدەن. بیناسازی بەدروستكردنی بیناگەلێكی وەك مۆزەخانەی "گاگنهایم فرانك لویدراتیس" و بورجی "سێرز شیكاگۆ" ئەو هەلەی بۆبەدی هێناوین تا هونەر ببێتە بەشێكی جیانەكراوە لە ژیانمان. ئەگەرچی باسەكەی ئەفلاتوون بە دژی هاودڵی لە بەشەكانی دواییدا وەبیرتان دەهێنرێتەوە، بەڵام تەنانەت ئەفلاتونیش نەیتوانی دنیاكەمان بەرجەستە بكات. داهێنانەكانی تێكنۆلۆژی و پێشكەوتنەكانی بەستێنی فیلم، وێنە گرتن و تەلەفزیۆن و ئەو ئاڵ و گۆڕانەی كە لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا دەستیان پێكردووە، تا دوورترین خاڵەكانیان گواستنەوە. سنوورەكانی نێوان زەوقی چاك و خراپ، بێ بەها و بە بەها، بالا و پوچ، نادیارن و دیاری ناكرێن. بە پێچەوانەی ڕەوتی



بەرهەمهێنانی ڕوو لە زیادی فیلمە كلێشەییەكان، واقیعیەتە مەجازییەكان لە ژیانی واقعی نادیارتر دەبن و ئەم پرسیارە "هونەر چییە؟" لە هەر سەردەمێكی تر زیاتر گرنگی پەیدا دەكات.

ئێمە لە كوێدا دەبێ سەرچاوەیەكی ئیلهامی ڕەسەن بدۆزینەوە تا بابەتگەلێك لەبارەی حەقیقەت و جوانییەوە فێر بین؟ لەو شوێنەوە كە ئێمە قەت بەم ڕادەیە لەگەڵ فۆرمە جۆراوجۆرو بزوێنەرەكانی هەستەكانمان ڕووبەڕوو نەبووین، دەبێت لەم بارەوە بە وردبینییەكی زیاترەوە هەنگاو هەڵێنینەوە. ڕەنگە تایبەتمەندی سەدەی بیستەم ئیمكاناتە فراوان و تراژیدیا بێ كۆتاییەكانی بێت، بەڵام پرسینی ئەم پرسیارە لە خۆمان بەپێی عادەتی ئێمە مرۆڤەكان گرنگە، كە "ئێمە بەدوای چیدا دەگەڕێین و بۆچی؟". مەسیحییەت بەكاریگەرییەكی (١٧٠٠) ساڵەوە كە بەسەر كەلتووری ڕۆژئاوادا هەیبوو، لەسەدەی بیستەمدا دەستی هەڵگرتووە. مەسیحییەت ئیتر نەك تەنیا بابەتی بەرهەمی هونەریان بە سەردا ناسەپێنێ، بەڵكو پێداگریش ناكات لەسەر بەها جیاوازەكانی مەسیحییەت. مەبەست ئەوە نییە كە هونەری مەزهەبی لە ماهییەتدا ئیمكانی سەركەوتنی نییە، بەڵكو لەكولدا دەتوانین بڵێین كە تێگەیشتنی كۆمەڵی ئێمە لە خودا و مەعنەویەت گەشەی كردووە و تواناییمان لەتێگەیشتنی خوادا، بە هۆی ڕێگەگەلێكی نوێوە فراوان بووە.

بە درێژایی مێژوو، لە لایەنگەلێكی جۆراوجۆرەوە سەرنجی شێوەی ڕواڵەتی مرۆڤ دراوە. سەردەمی كلاسیك بە دوای میتۆدێكەوە بوو بۆ بۆ نواندنی مرۆڤ وەك: خوایەك یا پەرستراوێك. باوەڕی مەسیحییەت لە بارەی مرۆڤەوە بەسەرنجدان بەوەی كە یەكەمین هونەرمەندە مەسیحییەكان شێوەی دوو ڕەهەندی ئاساییان لە مرۆڤ دەكێشا، كە لایەنی فیزیكی مرۆڤیان وەپێش چاو نەدەگرت، تەنیا ئاماژەیان بە مەعنەوییەت دەدا، بە تێپەڕبوونی كات گۆڕا. هونەرمەندی سەدەكانی نێوەڕاست بە جۆرێك دەیڕوانییە لاشەی مرۆڤ، كە یا بەوێنەیەك لە عیسای مەسیحی دەدیت، یا بە هەبووگەلێكی شێوە مرۆڤی، كە بە وێنەیەك لە خودا دادەنران. ئامانج، ئیلهام

بەخشین بوو بە چاولێکەر بۆ بیر کردنەوە لەبارەی بابەتە مەعنەوییەکان. نەك گەورە کردنی لاشەی مرۆڤ وەك تەنیا هەبوویەك کە بایەخی وێنەکێشان یا پەیکەر دروستکردنی لێ هەبێ.

ئەگەرچی سەردەمانی "گۆتیك و رۆمانسك"یش،شێوەی مرۆڤیان بە شێوەی دوو ڕەهەندی دەکێشا، بەلاّم هونەرمەندەکان لە هەوڵی کێشانەوەی لایەنە جەستەیی و مەعنەوییەکانیشی بوون. هونەرمەندەکان بە وێنەکێشانی وردبینانەی لایەنە لاوەکییەکان و نواندنی سۆزەکان و بەکاربردنیان دەگەیشتنە ئەم کاریگەری دانانە. هەورەها هونەرمەندەکان بۆ نواندی شێوەخودایی بابەتەکانی وێنەکێشانیش، مادەی پڕ زرق و برقیان بەکاردەبرد "وەك رەنگی ئاڵتوونی-چوارچێوە نەخشێنراوەکان".

کۆتاییەکانی سەردەمی گۆتیك شاهیدی سەرهەڵدانی جۆرێك سوریالیزم بوو، کە بە"کلاوس شلوتر یان ڤان ئێك" دەستپێکرد. شلۆتر بەشێوەیەك شکڵە تەواو قەدەکانی بە پەیکەر درووستدەکردن، کەوا دەکەوتە پێش چاو، هەموویان زیندوون. یان. وون. ئیکیش شێوەکارێك بوو، کە لە بەستێنی بۆیەی رۆنیدا، بە پێشڕەوێکی گرنگ دادەنرێ.

شێوازی سوریالیستی، لایەنە جەستەیی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ وەك یەك دادەنان و بەدوای وێنەیەکی کامڵەوە بوو لە لەشی مرۆڤ.

داهێنانی ئامێری چاپ لە ساڵی (١٤٥٥ز)دا، وێنە گەلێکی پیرۆزی لە بەردەستی خەڵکیدا دانان، کە بە تەواوی تێیان دەگەیشتن. بۆ نموونە وێنەیەکی ئایدیالییانە لە منداڵیی مەسیح گۆڕا بە وێنەی منداڵێکی تازە پێگرتوو کە پاڵی وە پارچە چێوێکەوە داوە. سەدەی نۆزدەیەمیش بە شێوەیەکی ریالیستییانە، روانینێکی ئایدیالییانەی بۆ مرۆڤ هەبوو.

وێنەی ژنانی سەردەمی پێش - رافائیلی، لە حاڵێکدا کە جل و بەرگە یۆنانییەکانیان لەبەردا بوون و قژەکانیشیان بە شێوەیەکی شەپۆلاوی و دڵپەسەند، بەدەوری جەستەیاندا ئاوێزان بوون و هۆشی باڵایان، لەچاوەکانیاندا دیار بوو جۆرێك



بووژانەوەی کلاسیکی نیشاندەدا. هەل و مەرجی ئەخلاقی سەردەمی ڤیکتۆریایی بە جۆرێك بوو کە ژنەکان یان لەشێوەی فریشتەگەلی بەناز دەکێشرانەوە یان لە شێوەی مرۆڤگەلێکی پەشیمان و دوورەپەرێز لە کۆمەڵ. لە حاڵێکدا لەبەر ئەوەی پایەکانی پیانۆ ورووژێنەر بوون، لە وێنەکاندا نیشان نەدەدران. هونەرمەندەکان لاشە شەهوەتی و ورووژینەرەکانیان دەکێشانەوە.

لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیستەمدا جەستەی مرۆڤ کەم کەم شێوەگەلێکی وەرگرتن کە زۆرتر واقیعی و بەرجەستە بوون. سەرهەڵدانی کوبیزم بووە هۆی بەدی هاتنی وێنەیەکی نوێ لە جەستەی مرۆڤ. ئەم وێنەیە وەك کۆمەڵێك شێوە کە وەك پارچەکانی لوغزێك دەخرێنە لایەك، دەردەکەوێ. ئەو رەنگ و شتانەی کە باکگراوندی وێنەیەك پێکدێنن بە شێوەیەکی پتەو لەگەڵ بەشەکانی جەستەی مرۆڤدا ئاوێتە ببوون. لە پەیکەرسازیشدا، هەر بەم تەرتیبە، مادە بەکار براوەکان بە جۆرێك لە پەنای یەکتردا دانرابوون، کە دەتگوت بەشێکی جیاوەنەبووی جەستەی مرۆڤن.

بڕیار لە سەرئەوە بوو، کە پارچە ئاسنێکی ژەنگ لێدراو تەواو وەك پارچە ئاسنێکی ژەنگ لێدراو خۆ بنوێنی کە گۆڕاوە بە پەیکەری نیو قەدی پیاوێك. دروست بە پێچەوانەی پەیکەرە کلاسیکەکان، کە بە مەڕمەڕ و بە شێوەیەکی لێزانانە سازکرابوون و هەندێك کەس لەکاتی سەیرکردنیان توشی هەڵە دەبوون و لە رەگەزی گۆشتیان دەدیتن. (بۆ نموونە، پەیکەری "داوود" بەرهەمی مایکڵ ئەنجیلۆ).

بەشی زۆری سەدەی بیستەم، بەڕەواندنەوەی جەزبەی سیحراوی و ئایدیالییانەی جەستەی مرۆڤ تێپەڕ بوو. لە بەرهەمەکەی "لوسین فرۆید"دا، مرۆڤە رووت و ناشیرین و سەرنج رانەکێش و قەڵەوەکان کێشراونەتەوە کە لە ژوورێکی ئاساییدان. ئەمڕۆ وابەبیردا دێت کە لە کێشانی وێنەی مرۆڤدا ئاڕاستەیەك بەرەو مادیگەرایی هەیە کە لە خۆگری کەم و کوڕییەکانی مرۆڤێکی ئاساییە. لەم سەردەمەدا تەنیا

شوێنێك كه بەرچاو دەكەوێت، فەرهەنگی رۆژئاوایی شكڵی مرۆڤ بەبێ كەم و كورتی نیشانبدات له دنیای نواندنی "مۆد"دایه. پەیكەرێكی له رادەبەدەر جوان كه له دنیای "مۆد" دا، قوماشێكی جوانی لەبەر كردووه و لەبەرامبەر كامێراكانەوه دەردەكەوێت، نوێنەری ئەم نموونه رۆژئاواییيەیه. ئەم پەیكەرانه بوونەته سەرچاوەی ئیلهامی كولتووری نوێ.

* * *

(١)ماوەیەكی كورت پاش كۆچی پیكاسۆ له بەرشەلۆنەوه بۆ پاریس، دەستیكرد به خولقاندنی بەرهەمگەلێك كه به رادەیەكی زۆر كەڵكی له رەنگه ئاوییەكان وەرگرتبوو. ئەم رەنگه به شێوەیەكی تایبەت له گواستنەوەی هەل و مەرجی خەم و كۆڤان بۆ مرۆڤ، كاریگەره. هۆی ئەم وێنه عاتفییانه خۆ كوژی هاوڕێ گیانی بەگیانییەكەی و غەریبی و ئەو هەژاری و دەست كورتییه بوون كه پیكاسۆیان ئازار دەدا.

بابەتەكانی ئەم تابلۆیانه، دەرۆزەكەرەكان، عارەق خۆرەكان، عاشقه نائۆمێدەكان، كچەكانی سەرشەقام، مرۆڤه پیرەكان، نەخۆشەكان، دایكەكان و منداڵەكان بوون. ئەم تابلۆیانه به تابلۆكانی "سەردەمانی خەمۆكی" ناسراون.

# له دنیای بەربلاوی هونەردا

**سیمین دانشور**

هونەر چییە؟ ئایا ئەفیونی رۆحی مرۆڤە؟ یا جوانی ژیانە؟ ئایا ئامرازێکی یارییە کە مرۆڤەکان بەخۆیەوە خەریك دەکات و وەك جلوبەرگی جەژن، هەر نەوبەهارێك دەگۆڕێت و رۆحی ئەم مرۆڤانە پڕدەکات لە خۆشی. یا هونەر، داوی نادیاری ژیانە، کە کراوەتە مل مرۆڤ و ژیان ئەم داوەی ئامادەکردووە تا مرۆڤ بۆ لای خۆی راکێشێت و بەردەوام پەیوەستی بکات بەخۆیەوە؟ ئایا هونەر دەرمانی فەرامۆشکردنە؟ ئایا هۆکاری دەرچوونە لە دڵتەنگییەکان؟ یاخود رەنج و عەزابێکەو مایەی رەنج و عەزابە؟ ئایا جۆرێك نەخۆشی رۆحییە کە گۆڕاوە؟ ئایا رەنگدانەوەی ژیانە؟ لاسایی کردنەوەی سروشتە یا رەنگدانەوەی دەروونی هونەرمەند؟ یا ژیانە لە چاوی بژاردەکانەوە؟ ئایا بە راستی هونەر چییە؟

هیچ کەسێك بە دڵنیاییيەوە نازانێت تا وەڵام بداتەوە. ئەم پرسیارە، لە کاتێکەوە کە هونەر پەیدا بووە، دەربڕاوە و وەڵامگەلێکی جۆراوجۆری بۆ دراوەتەوە. بەڵام هیچکام لەم وەڵامانە، هەمووانی رازی نەکردووە و چەندە بەختەوەرە هونەر کە پابەندی داوی یاساکانی ئەم و ئەو نییە و لەبەر ئەوەش کە راشکاوی و دڵنیایی زانستەکانی نییە، تەنانەت پابەندی پێناسەیەکی دیاری کراویش نییە. هەمیشە باس لە بەشگەل و بابەتگەلی تایبەتی و هەڵکەوتی دیاریکراو و کەم وێنە دەکات. کاری بەسەر خێرو شەڕو ئەنجامگەلی لۆژیکی و سوودی ماددییەوە نییە. تەنیا سەروکاری لەگەڵ چێژو هەستدا هەیە.



بۆ ئەوەی بە ئەنجامێك بگەین و گرێی کێشەی هونەر بکەینەوە، خراپ نییە کە سەرنج بدەینە چەند پێناسەیەکی بەناوبانگی هونەر:

پێناسەی یەکەم: "هونەر بریتییە لە رەنگدانەوەی ئەزموونەکانی هەر نەوەیەك، بە پێی یاسای هەلومەرجەکانی کات و شوێن، یا بە دەربڕینێکی تر، هونەر نواندنی ژیان یا دەربڕینی ژیانە لە روانگەیەکی تایبەتەوە. واتە رۆحی باڵای تاکێکی بژاردە، بە ناوی هونەرمەند، تێگەیشتنی تایبەتی خۆی لە ژیان، بە ناوی هونەرەوە دەردەبڕێت". ئەم پێناسەیە، هەرچەند تا ئاستێکی زۆر دروستە، بەڵام هەمە لایەن نییە.

پێناسەی دووەم: "هونەر لاسایی کردنەوە و رەنگدانەوەی هەموو جیهان و سروشتە. واتە ئاوێنەیەکە، کە بە دەستی هونەرمەند لە بەردەم جیهاندا وەستێنراوە و وەك خۆی نیشانی دەداتەوە. ئەگەر ئەم پێناسەیە پەسند بکەین، ناچارین وەك ئەفلاتوون، هونەرمەندەکان بە گرووپێك لە لاسایی کەرەوە دابنێین و لە "یۆتۆپیا" یەك کە لە راستیدا دەبێ مولکی خۆیان بێت، وەدەریان بنێین. لە حاڵێکدا بە پێچەوانەوە، ئێمە تەنانەت وێنەی دیمەنێك لەسەر ئەو دیمەنە، واتە لەسەر (مۆدێل)ەکەی، بە باڵاتر دادەنێین. سروشتێك دەبینین کە سەر لە نوێ بەدی هاتووەتەوە، بەڵام باشترو کاملتر لە سروشتە و سەرەڕای تایبەتمەندییە رواڵەتییەکانی (مۆدێل)ەکەی، رۆح و لێهاتوویی‌و هەستی هونەرمەندیشی تێدایە. کەواتە هونەر، وێنە لە ژیانی راستەقینە، لە سروشت و شتەکانی جیهان هەڵناگرێتەوە، بەڵکو هەمووی ئەمانە، بەو شێوەیە دەردەبڕێتەوە کە لە زەینی هونەرمەندندا رەنگدەدەنەوە. بەم پێیە هونەر دەربڕی ژیانی ئایدیالی‌و خەیاڵیی هونەرمەندە، کە ئەڵبەتە بابەتەکانی خۆی لە ژیانی راستەقینەوە وەرگرتوون. ئەم پێناسەیە دەتوانرێ بە شێوەیەکی دی بکرێ: "هونەر بریتییە لە رێکخستن یا دەربڕینی ئەو جوانییانەی کە ویژدانی هونەرمەند لە جیهانەوە وەری گرتوون و چێژی لێ وەرگرتوون". لە قۆناغی دواییدا، هونەرمەند یاددەوەرییە چێژبەخشەکانی خۆی لە زەیندا زیندوو دەکاتەوە. واتە ئەو ژیانە راستەقینەیە، لە شێوەی ژیانێکی خەیاڵی‌و

ئایدیالیدا دەنوێنێتەوە. دنیایەکی خەیاڵی سەر لە نوێ دەخولقێنێتەوە و دەیڕازێنێتەوە. لە ویژدانی ناخودئاگای خۆی یارمەتی وەردەگرێ و بەرهەمێك دەخاتە دەرەوە کە هەم تایبەتمەندیی دەرەکی شتێکی جێسەرنجی تێدایە و هەم خاوەنی تایبەتمەندی و حاڵەتگەلێکی ڕۆحیو زەینی هونەرمەندیشە. ئەگەر هونەرمەند سەرکەوێت هەمان ئەو هەست و حاڵەتە بگوازێتەوە بۆ بینەرو بیسەر کە لەکاتی دەرك یا دیتنی دیمەنەکە (مۆدێل)دا، خۆی هەستی پێکردووە، ئەوا ئەو شتەی کە بەدیهێناوە، بێشك ناوی هونەر بەخۆیەوە دەگرێ.

ئەم پێناسە دوور و درێژە دەتوانین کورت بکەینەوە بۆ ئەم رستەیە: "هونەر بریتییە لە خولقاندنی جوانی." قۆناغی داهێنان یا خولقاندن، گرینگترین قۆناغی هونەرە. دنیاو شتەکان لە بەرامبەر هەستەکانی هونەرمەندا وەستاون. لە هەر ئاوازێك، لە هەر چاولێکردنێك، لە هەر ڕەنگ و شێوەیەك، لە هەر جوڵان و کاریگەری و کاردانەوەیەك، هاواری سکاڵا بەرزە، کە: "نەمرمان بکە". حاڵەتێکی تایبەت لە بەرامبەر جیهان و شتەکانی جیهاندا، بۆ هونەرمەند دێتە پێش. چێژێکی بێ مەبەست، بێ چاوەڕوانی سوودی مادی، گیانی پڕ دەکەن لە شادی. ئەم ئەزموونە چێژبەخشە لە زەینیدا جێ دەگرێ و لە کاتی پێویستدا، بە پێی ئیرادە و عەقڵ و هۆش و لێهاتووییەکەی، بە شێوەی هونەر دەردەبڕدرێت.

کەواتە هونەرمەند هاوکاری لە ژیانی خەیاڵی خۆیەوە وەردەگرێ و بابەتە سەرەکییەکانی بەرهەمەکەی لە ئەزموونێکی دیاریکراوەوە بەدەستدێنێ کە کاریان کردووەتە سەر ڕۆحی. مێشکی هونەرمەند وەك پیرێکی مەی فرۆشە کە دەرگای مەیخانەکەی بە ڕووی مەیخۆرەکاندا کردۆتەوە. لە هەر گۆشەیەکەوە هاوار هەڵدەستێ کە مەی بێنە. هەموویان دەیانهەوێ کە لەگەڵ پیرەکەدا پەیوەندییەك چێبکەن و وەڵامێك وەربگرنەوە. مێشکی جوانی هونەرمەند، هەر هاوارێك بە گوێی دڵ دەبیسێ. هەموو ئەو کاریگەرییانەی کە لە کاریگەری دەرەکییەوە بەدیدێن، ڕێکدەخات و ئەو کات کە حاڵ و توانایەك هەیە، یان ئیلهام، یان مەبەست و نیازێك لە کاردایە،



دەتوانێ هەستە بەرهەڤ بووەکان لەم کاریگەرییانە، لە گۆشەو کەناری ویژدانی ناخودئاگای خۆیەوە دەربخات و سەر لە نوێ زیندوویان بکاتەوەو بیچم بدا بەو هەستانەی کە شیاوی ڕەنگدانەوەن و فۆرمێك بدات بەو ناوەڕۆکە زەینییە و بە هۆی هونەریشەوە کە گەورەترین ئامرازی تێگەیشتن و لێکگەیشتن و چێژبردن و چێژبەخشینە، هەلی چێژوەرگرتن بدات بە ئەوانی دی.

لەم شێوەیەدا، هونەر لەگەڵ چەندین هۆکاردا یەکدەگرێت. سەرەتا لەگەڵ ژیاندا. دواتر لەگەڵ ڕەوتە فکرییەکانی وەك: فەلسەفە، زانست، مەزهەب و هەستەکانی سەردەمی هونەرمەند.

لە قۆناغی سێیەمیشدا، لەگەڵ دەروونناسی فەردی (تاکی)و کۆمەڵایەتی. بەم پەیوەست بوونانەیە کە هونەر کارێکی ڕەها نییە و جوانیش کە تان و پۆکەی پێکەوە گرێدەدا، ڕێژەیی و گۆڕاوە.

کەواتە هونەر، لە خولقاندنەکەی خۆیدا زۆرتر قەرزداری هونەرمەندە، کە لە کاتێکی دیاریکراو و لە هەلومەرجێکی تایبەتی شوێنێکدا، ژیان بەسەردەبات. سروشت، خۆی بە تەنیایی، هیچ گرێیەك لە کاری هونەرمەند ناکاتەوە، هەرچەند هونەرمەندیش بە نۆرەی خۆی، بە دوور لە سروشت و جیهان و ژیان هیچ کارێك ناباتە پێشی. بەڵام لە قۆناغی ئافراندنی هونەریدا، ڕوانینی تایبەتی هونەرمەند، تەنانەت لە بابەت و (مۆدێل)یش گرنگترە. چونکە هەر ئەم ڕوانینە تایبەتەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی لە بارەی بابەتێکەوە، لە هەر زەمانێکەوە قسەیەکی تازەی دووبارەنەبوو ببیسین. لەڕاستیدا جیاوازی نێوان سروشت لە گەڵ هونەردا، لەوەدایە کە سروشت ئەوەی کە هەیەتی بە خۆڕایی دەیخاتە پێشچاو، بە یەکسانی سەیری هەموو شتێك دەکات و بێ لایەنیشە. خۆر، ڕووناکییەکەی وەك پلاژکتۆرێك کە لە سەکۆی تەماشاخانەیەکدا بەکار دەبرێت، بە تایبەتی ناخاتەسەر قارەمان و لێ خۆشبوو و نفرین بووەکان. بەڵکو یەکسان لەسەر دارا ـ کە بریندارەو لە خاك و خوێندا گەوزاوە ـ و ئەسکەندەر، لە سەر سەربیانە دەدرەوشێتەوەو بەبێ ئەوەی کە پلەی ڕووناکییەکەی

بەهێز یا بێ هێز بکات، نزمترین سەربازەکانی مەیدانی شەڕیش ڕووناك دەکاتەوە. بەڵام هونەرمەند دەڵێی پلاژکتۆرێکی بەهێزی بە دەستەوەیە و لە پەنای سەکۆی تەماشاخانەی جیهاندا ڕاوەستاوە و پلاژکتۆرەکەی دەخاتە سەر کەسانێك یا شتگەلێك کە سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و بە شەوقی هەستەکانی، ڕووناکییەکی تایبەت دەدات بە قارەمانانی مۆدێلە هەڵبژێراوەکانی و هەم خۆی چێژ وەردەگرێ و هەم ئەوانی تریش نوقمی ناو ئەم چێژە دەکات. هەستی ئەو بێ مەبەستەو چێژە بەرهەم هاتووەکەی بەرهەمەکەشی بێ مەبەست دەبێت.

بەڵام جوانی یان قۆناغی دوایی هونەر... جوانی چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تەنانەت لە پێناسەی هونەریش ناڕوونترە. گومانێك لە ئارادا نییە کە تایبەتمەندیگەلێکی دیاریکراوی وەك: هاوئاهەنگی، گونجان، یەکیەتی، جۆراوجۆری، سادەیی، ڕاستی ئەندازەگیری، ڕوونی، یەکیەتیی نێوان بەشەکان، شایستەیی بۆ ئەنجامدانی ئامانجێك کە بەرهەمی هونەری لەبەر خاتریی بەدی هاتووە، جوانی بەدی دێنن. بەڵام جوانی زیاد لەوەی کە لە ڕواڵەتی دەرەکی شتەکاندا هەبێت، لە زەینی هونەرمەنددا هەیە. واتە زیاد لەوەی ناوی زات بێت، ناوی مانایە، یا بە دەربڕینێکی دی جوانی لە ڕاستیدا زیاد لەوەی کە دەرهەست (زەینی- Subjective) بێت، بەرهەستە (عەینی- Objective). هەروەها، مەرجی گرنگی جوانی لە هونەردا، وروژاندنی چێژ و تەلّقین کردنی هەستێکە. لەم ڕووەوەیە کە جوانی لە سروشتدا، لەگەڵ جوانی لە هونەردا، جیایە. لە سروشتدا، جوانی پەسند کراوەو ناشیرینیش ڕەتکراوەیە، بەڵام لە هونەردا، تەنانەت ڕەنگدانەوەی ناشیرینیش ئەگەر هەلومەرجەکانی ئافراندنی هونەری تێدا ڕەچاو کرابن، جوانییە. لەم حاڵەتەدا پیرەژنە بەساڵاچووەکەی (رامبراند) توانای بەرامبەریی هەیە لەگەڵ جوانترین قەدیسێنی (ڕافائیل)دا. چونکە بنەڕەتی جوانی هونەرلە چێژو هەستی بەرهەم هاتووە لەو بابەتە. ئێستا دەتوانین پێناسەیەکی (هەرچەند ناتەواو) لە جوانیی هونەر بخەینە بەرچاو: "جوانی بریتییە لە نواندن و بیچمدان بە چێژ. یا جوانی، چێژێکە بەرجەستەو چێژوروژێن."



ئەوەی کە بە درێژی باسی لێوەکرا، دەتوانرێ بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە: "هونەر بریتییە لە دیتنی جوانی، دەرککردن و دەربڕینیی، بە جۆرێك کە خوازراو و دڵپەسند بێت. یا سادەتر بڵێین: "هونەر دەربڕینی حاڵەتێکی ڕۆحی و هەستییە کە ئەو هەستە بوو بە هۆی شەوق و بە دەربڕینێکی ڕوون، دەربڕاوە." ئەڵبەتە لەم نواندنەدا، فکرو عەقڵی هونەرمەندیش ڕۆڵێکی گرنگیان لەسەر شانەو هەرچەند پێوەندیی نێوان هەستەکان و فکرەکان زیاتر بێت، هونەر کاملترە. فکر دەبێت وەك کلیلی (نۆت) کە ئاوازەکان پێکەوە دەبەستێ، زنجیری سۆزو هەستەکانی هونەرمەند پێکەوە گرێبدات و بیانخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە.

لە مێژووی هونەرو لە زانستی جوانیناسیدا، بە تەواوی باس لە هونەرە جوانەکان دەکرێت کە ئامانجەکەیان جوانییە. بەڵام هونەرە بەسوودەکان- کە سوودیان لێوە مەبەستەو جوانییەکەیان لەپلەی دووەمدایە- ئەوەندە جێی سەرنج نین. هونەرە بەسوودەکان دەتوانین ناو لێبنێین سەنعەت.

بە شێوەیەکی گشتی هونەرەجوانەکان، دابەش دەکەنە سەر دوو جۆر:

١ـ هونەرە پلاستیکییەکان، کە پەیوەستن بە هێزی دیتنەوە، وەك وێنە کێشان ـ بیناکاری ـ سەما ـ هەڵکۆڵین ـ سینەما ـ شانۆ.

٢ـ هونەرە فۆنەتیکییەکان کە پەیوەستن بە بیستنەوەو لە خۆگری شیعرو مۆسیقاو ئەدەبیاتن. ئەڵبەتە ئەم دابەشکردنەش، وەك پێناسەکانی هونەرو حوکمەکانی جوانی سەد لە سەد نییە. چونکە لە ڕاستیدا زۆربەی هونەرەکان لە یەك کاتدا، پەیوەست دەبن بە دوو هەستی بیستن و دیتنەوە.

پێناسەی هونەر، بە شێوەیەکی گشتی، لە سەر هەریەك لە هونەرەکان بە دەستکارییەکی کەمەوە، شیاوی جێبەجێکردنە. بە جۆرێك کە دەتوانین بڵێین هونەری ئەدەبیات و شیعر، هونەری ئافراندنی جوانین بە هۆی وشەوە، هونەری موسیقا ئافراندنی جوانییە بە هۆی دەنگەکانەوە و وێنەکێشانیش ئافراندنی جوانییە بە هۆی هێڵ و ڕەنگە گونجاوەکانەوە. بەرد هەڵکۆڵین و بیناکاری و پەیکەرتاشی، هونەری

ئافراندنی جوانین له قەبارەکاندا. بەڵام مەرجی ئەم پێناسەیە، ئەوەیە کە ئەو حاڵەت و هەستە تایبەتانەی کە گوتران، له بەرهەمێکی هونەریدا بدرەوشێنەوە و بگوازرێنەوە بۆ بینەرو بیسەر، هەر ئەم حاڵەت و هەستەیشە کە هونەرەکان لە بەرهەمە هاوشێوەکانیان جیادەکەنەوە. تەلاری پەرستگاو کەنیسە و مزگەوتەکان، هەرەمەکانی میسر، گۆڕی سەربازی ون و تەلارگەلێکی لەم شێوەیە، دەربڕی هەستگەلێکی وەك گەورەیی، بەزەیی، عەداڵەت، نهێنی مەرگ، ڕێزگرتن لە کوژراوە ون ناوەکانن. ئەم حاڵەتە تایبەتییانە، بیناکاری دەخەنە ناو خانەی هونەرە جوانەکانەوە و بەم حاڵەتانەیە کە بیناکاری هونەری، لە بینای خانووە نرخ هەرزانەکان جیادەکرێتەوە.

پێشەنگی هەموو هونەرەکان شانۆیە، کە لە ئاوێتەکردنی هاوئاهەنگی هونەرەکانی ترەوە بەدی دێت. واتە بیناکاری و هەڵکوڵین و وێنە کێشان و ئەدەبیات و بە زۆری مۆسیقا لە خۆ دەگرێ. سینەماو بالە و ئۆپێراش لە هونەرە ئاوێتەو ئاڵۆزەکانن. دواجار لە سینەمادا لایەنی (تەکنیك) بە هەمان ئەندازەی لایەنی هونەری بەهای هەیە و گرنگە.

# یاری و هونەر

**سیمین دانشور**

هونەر بە یاری پیرۆز ناو دەبەن، پیرۆز وەسفێکی زیادییە بۆئەوەی کە تەنیا هونەر وەك یارییەك چاو لیّ نەکەین، بەڵام ئەگەر چاك لێی بکۆڵێنەوە، زۆر لە یاریش جیاواز نییە. دواجار یارییەکی جدی و ڕێکوپێك ولێوان لێوە لە چێژی بیّ مەبەستی زەین و فکری مرۆڤ. منداڵەکان یاریدەکەن، تەنانەت ئەگەر ئامرازەکانیشی لەبەر دەستیاندا نەبن. ئەم یارییە هەڵاتنێکە لە دەردەسەری چاك و خراپی دایك و باوك و مامۆستاو پەرستارو تاڵی دەرمان و تەحەمول کردنی پزیشك. ئەو کاتەی کە مرۆڤ، سەردەمی منداڵی تێدەپەڕێنیّ بە ناچاری یاریش دەخاتە لاوە. بۆ هەڵاتن لە حەقیقەتی تاڵی ژیان، لەحاڵی ڕابووندا، دەست دەداتە یارییەکی فیکری کە لەلای خەڵکی ئاسایی، لە خەیاڵ پڵاوی تێناپەڕێت، بەڵام لە کەسانێکی تایبەتدا، بە خەونی هونەرمەندانەو دواجار بە هونەر کۆتایی دێت.

ئایا یاری و کۆشکگەلێکی خەیاڵی، کە هەموومان لە زەینماندا پێکیان دەهێنین و دواتر وێرانیان دەکەین تا کۆشکێکی تر بنیاد بنێین و دواجار خەونی هونەرمەند، هەموو هەڵاتنێکن لە واقعیەت؟ ئایا بەوشێوەیەی کە نیچە دەڵێت، ئایا مرۆڤ بیّهێز و ترسنۆکەو بە دوای شتێکدا دەگەڕێت، کە لە حەقیقەتی ڕوون و تاڵ هەڵبێت؟ یان بەو شێوەیەی کە شیسلێر دەنوسێت، یاریی منداڵان و یاریی هونەر هەردووك هێزگەلێکی زیادین کە سروشت دەیهەوێت بەکاربرێن. ئایا هونەر دەرچوونێکە لە ئارەزووی بیّ ئاکام و پڕلە پەشۆکانی ژیان. یا بەو شێوەیەی کە شۆپێنهاوەر هەوڵدەدات پێمان بسەلمێنیّ، ئایا هونەر بەرجەستەکردنی خواستی مرۆڤە؟



دەروونناسیی هونەریی هەوڵدەدات، تا دەروون یان خواستی مرۆڤ شیبکاتەوە. یان بە دەربڕینێکی تازەتر پێوەندی نێوان ناخ و ئارەزووە دەروونییەکانی هونەرمەند بەکردەوە هەستی و چێژبەخشەکانی دیاریبکات.

باسی سەرەکی دەروونناسیی هونەری، لەسەر هەستی گەڕانێکە کە دەروونی تاکگەلێکی تایبەت لە شەوق و گەرم وگوڕیدا دەتوێنێتەوە و لە بیّ ئارامی و دڵەڕاوکێدا دایان دەنیّ. ئەم هەستە کە بە زۆری ناخۆشە و کەمتر خۆشی هێنەرە، وا لە هونەرمەندەکان دەکات کە ئەم بیّئارامییە تەواو بکەن و دابینکردنی ئەم هەستی گەڕان و شەوقەش، بە هۆی بەرجەستەبوونی ئەو کردە چێژ بەخشەوەیە. چێژێك کە وەك چێژی یاری، مرۆڤ لەکات و شوێن و غرور ڕزگار دەکات.

ئەگەر لە یاری سەردەمی منداڵی و خەیاڵ پڵاوی سەردەمی لاوی و پیری و خەونی هونەرمەند بکۆڵینەوە ـــ هەر وەکو ئەوەی کە فرۆید بناغەدانەری دەروونناسی کردوویەتی لە کتێبی (پێوەندیی شاعیرلەگەڵ خەوندا) ـــ تا ئاستێك هەست بەئارەزوورەکانی مرۆڤ و هاندەرەکانی دەکەین بۆ یاری و خەیاڵ پڵاوی و خەونی هونەرمەندانە. هەروەها پەی بە بابەتە هاوبەشەکانی نێوان ئەم سیّ دیاردەیەش دەبەین. هەروەها دەبێت ئەوەش بڵێین کە بە شێوەیەکی بنەرەتی لە زۆربەی هونەرەکاندا، بەتایبەتی هونەری شیعر و ئەدبیات، هەر ئەم خەونە هونەرمەندانەیە و تەنانەت لە نوێترین شێوەی هونەرەکانیشدا، باس لەسەر ئەوەیە کە بەرجستەکردنی شتە نامۆو ئامادەکان، لەسەر بنەمای زەینی مرۆڤ بڕازێنرێتەوە، کە تایبەتی و فەردییە.

با سەرنج بدەینە یاری منداڵان. منداڵەکان لە یارییەکانیاندا، هەروەکو هونەرمەندەکان خەیاڵ بەکار دەبەن. دنیایەکی خەیاڵی ـــ کە بابەتەکانییان لە دنیای واقعییەوە وەرگرتوون ـــ دەخۆڵقێنن و لە نێوان ئەم بابەتانەدا، ڕێکخستنێکی نویّ بەو جۆرەی کە بە دڵیان بێت، بنیاد دەنێن. ئەم دنیا خەیاڵییە بە جدی وەردەگرن، تێیدا لە هەستی خۆیان مایە دادەنێن و بە واقعیی دادەنێن و لە بەرامبەریدا دنیای واقیع بە یەکدەست و بیّجەزبە دادەنێن. بەڵام لە هەمان کاتدا، یاری یەکەمی خۆشیان بە باشی لە واقعیەت جیا دەکەنەوە، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەوەی دەیکەن یارییە.

ئەوکات کە منداڵانی دوێنێ، دەبنە مرۆڤە گەورەکانی ئەمڕۆ، ئیدی یاریی منداڵانە یاساغ و گاڵتەجاڕانەیە و دەبێ لەم چێژە سەرسووڕهێنەرە چاوپۆشی بکرێ. بەڵام مرۆڤێك کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم چێژەی هەستپێکردووە، ناتوانێ چاوپۆشی لێ بکات. بۆیە پەنا دەباتە بەر یارییەکی تر، واتە یاریی خەیاڵ. لە ناوخۆیدا دەست دەداتە خولْقاندنی دنیایەکی زەینی و لەم دنیا زەینییەدا، هەموو ئارەزووەکانی خۆی بەرهەڤ دەکاتوبەم جۆرە لە دنیای واقیعی دەردەچێت ـ کە ئارەزووەکانی تێکشکاندووە ـ. زۆربەی خەڵك ئەم خەیاڵپلاوییانەیان هەن و چێژیان لێ وەردەگرن، بەڵام خەیاڵەکانیان شاراوەن و وەکو یاریی منداڵەکان ئاشکرا نین، وەکو ئەوەی کە دەشێت مرۆڤەکان دان بە گوناهەکانیاندا بنێن، بەڵام بە خەیاڵەکانیان، قەت! خەیاڵی مرۆڤ ناوەکی ترین و راستگۆترین نهێنییەکانی ئەون و ئەم شاردنەوەیە، خەونی گەورەکان لە یاریی منداڵان جیا دەکاتەوە.

منداڵەکان، قەت لە هەوڵی شاردنەوەی یارییەکەیاندا نین و تەنانەت ئەو ئارەزووەی کە جووڵێنەری یارییەکانیشیانە، ناشارنەوە.

مۆتێڤی گرنگی یاریی منداڵان، ئارەزووی (گەورە بوون)ە، و ئێمە دەتوانین ئەم جووڵێنەرە سەرەکییە لە زۆربەی یارییەکانیاندا بەدیبکەین. زۆربەی یارییەکانی منداڵان، لاسایی کردنەوەی تایبەتمەندییەکانی ژیانی گەورەکانن و بە باشی دەتوانین هەستبکەین کە ئارەزووی (گەورەبوون) دەیانکێشێتە ناو ئەم لاسایی کردنەوەیەوە. بەڵام جووڵێنەری خەیاڵپلاوی و خەونەکان، کەسێك کە لە منداڵی تێپەڕیوە، ئارەزووگەلێکن کە دەبێ بەشاراوەیی بمێننەوە و مرۆڤ شەرمی هەیە لەوەی کە خەیاڵەکانی خۆی لەبارەی بەهەشتێکی یاساخ کراوەوە کە دنیای ئارەزوو و خەونەکانییەتی، دەربخات.

ئەگەر ئارەزوو، خەیاڵ پلاوی و خەونەکانی مرۆڤ نهێنین، کەواتە چۆن هەست بە بوونیان دەکەین؟ سەرەڕای ئەوەی کە خۆیشمان، هەندێجار، پەنادەبەینە بەر ئەم بەهەشتە یاساغە، بەڵام کۆمەڵە خەڵکێك هەن، کە پێویستییان بەدەربڕینی دەرد و



ئارەزوو و خەیاڵەکانیان هەیە. هەندێك لەمانە هونەرمەندن و هەندێکی تر نەخۆشە دەروونییەکانن کە دەردی خۆشەویستییەکەیان بە مەبەستی دەرمان کردن، دەبنە لای دوکتۆر. هەروەها دەزانین کە خۆشبەختەکان کەمتر خەیاڵ دەکەن و سەرەڕای ئەوەش روونە کە ئارەزووە بێ ئەنجامەکان، جووڵێنەری زۆرربەی خەون و خەیاڵەکانن و هەر ئەوانەشن کە بە زۆری نەخۆشە دەروونییەکان پەیدادەکەن. نەخۆشیی دەروونی ئارەزووە بێ ئەنجامەکەی خۆی لە دنیای واقیعدا، لە دنیای خەیاڵدا بەدیدێنێت و بە شێوەیەك لەم دنیایەدا نوقمدەبێ کە هەستی خۆی سەبارەت بە واقیعیەت لەدەستدەدات.

هەر خەیاڵ و هەر خەونێك، بەدیهێنەری ئارەزوو و بەرەنجامی واقیعیەتێکی بێ ئەنجامەو ئارەزووەکانیش بەپێی رەگەز و کەسایەتی و هەڵکەوتی تایبەتی کەسەکان، جیاوازن. ئارەزووەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەتوانین بە سەر دووبەشدا دابەش بکەین. ئارەزووە بەرزەفڕییەکان و ئارەزووە ئاشقانەکان. بە زۆری ئەم دووە پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، فرۆید لەمەش زیاتر دەڕوات و ئارەزووە ئاشقانەکان بە تەوەری سەرەکی هەموو هەوڵەکانی مرۆڤ دادەنێت. بە هەرحاڵ، سەرنەکەوتن لەم جۆرە ئارەزووانەداو زیادەڕۆیی لەخەیاڵ پلاوی لەبارەیانەوە، مرۆڤ ئامادەی نەخۆشی دەروونی دەکەن، کەباس کردنی کاری ئێمە نییە.

بە باوەڕی فرۆید (لە هەموو دیاردە پەیوەستەکان بە نەستەوە) خەو دیتن زیاتر لە هەمووان لە خەیاڵ پلاوییەکانی رۆژانە و لە هونەر دەچێت. لە راستیدا خەو دیتن، بەرجەستە کردنی ئارەزووگەلێکە کە لە نەستی ئێمەدا شاردراونەتەوە. ئەگەر لە راڤە کردنی خەونێکدا دەستەوەستان دەبین، لەو رووەوەیە کە تەنانەت هەندێك لە ئارەزووەکانمان لە خۆمان دەشارینەوەوئەم ئارەزووە شاراوانە، لە خەوندا بە جلوبەرگێکی گۆڕاوەوە خۆیانمان پێ دەنوێننەوە".

ئێستا با بچینەوە سەر هونەر کە هەمووی ئەم پێشەکییانەمان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم گەورەترین چالاکییەی زەینی مرۆڤ هێنایەوە. ئایا دەتوانین هونەر بە درێژەی یاری سەردەمی منداڵی، یان یارییەکی تەواو و پیرۆز دابنێین؟ ئەگەریش دابنێین و ئەم

وێکچواندنەی شیللەر و لانگی ئەڵمانی و فرۆید بەزێدە ڕۆیی دابێین، لانیکەم دان بەو خاڵەدا دەنێین کە یادەوەرییەکانی منداڵی، سەرنج ڕاکێشترین یادەوەرییەکانی مرۆڤن و هەمیشەش بۆ هونەرمەندە گەورەکان، سەرنج ڕاکێشترین بابەتی هونەری بوون. ئایا دەتوانین خەیاڵ پلاوی کەسێکی خەیاڵ پلاو لەگەڵ هونەردا وەك یەك دابنێین؟ ئەوانەی کە لە دنیای خەیاڵدا فەرمانڕەوایی دەکەن، خەیاڵەکانی خۆیان لە ئێمە دەشارنەوە، بەڵام ئەگەریش دەرویشانە خەیاڵەکەیانمان پێ نیشانبدەن، خەیاڵەکانیان بۆ ئێمە هیچ جوانیو ناسکییەکیان تێدا نییە. بەڵام ئەو کاتەی کە هونەرمەندێك خەونەکانی خۆیمان پێ نیشاندەدات ــ خەونگەلێك کە هاندەرەکانی هەر وەك خەیاڵەکانی خەڵکانی ئاساین ـ پەسندیان دەکەین و چێژیان لێ وەردەگرین و پەسەند کردن و چێژی ئێمە و هاوشێوەکانمان لەوانەیە هونەرمەند بگەیەنن بە ئارەزووگەلێك، کە پێشتر زۆر لێی دوور بوون. ئارەزووگەلێك کە پاڵیان پێوە ناوە بۆ هونەر، سەرنەکەوتنگەلێك کە دەیانتوانی کۆمەڵێك گرێی دەردناك و چارەنەکراوبن لە ژیانیدا (فرۆیدیزم).

چ بەهرەیەك، چ لێهاتووییەکی زاتی تایبەت، یان بە وتەی فرۆید کام پەری شاراوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هۆنەرمەند بتوانێ دەست بداتە خۆڵقاندنی بەرهەمێکی هونەری کە هەرچەندە لەگەڵ یاری منداڵان و خەیاڵ پلاویی خەڵکی ئاساییدا خاوەنی لایەنگەلێکی هاوبەشە، بەڵام لەو دووە زۆر لە سەرترو بالاتر بێت و ناوی بالاترین دیاری و گرانبەهاترین میوەی زەین و فیکر و هەست و خەیاڵی مرۆڤی لێ بنرێ؟

وەڵامی جێی پەسندی ئەم پرسیارە نە فرۆید و نەپەیرەوەکانی و نەدەروونناسەکانی هونەر، نەیانتوانیوە بیدەنەوە. لە ڕاستیدا هەزار خاڵی هەستیارتر لێرەدا هەن. لەوەدا کە بناغەی هونەر تا ئاستێکی زیاد خەون و خەیاڵەکان و پێکهاتەی زەینی هونەرمەندە، گومانێك لە ئارادا نییە و لەوەشدا کە هونەرمەند کاکڵە و نێوەرۆکی بەرهەمەکەی خۆی لە دنیای دەرەوە وەردەگرێت و لە نێوانیاندا ڕێکخستنێکی نوێ پێکدەهێنێ گومانێك نییە، هەروەها لەوەشدا کە خەونە تایبەتی و تاکەکەسییەکانی دەبنە هۆی تایبەتمەندی جیاکەرەوە و تاقانە هێشتنەوەی بەرهەمە هونەرییەکەی، گومانێك لە ئارادانییە. بەڵام هونەرمەند چۆن کاری هونەر بە ئەنجام دەگەیەنێ؟



وەڵامی ئەم مەسەلەیە، لەلای دەروونناسی هونەری نییە. ئایا هەستیارییەکی زۆر یان پێکهاتەیەکی دەماری تایبەت، کەسانێکی دەگمەن وا لێدەکات کە ئارەزووە بێئاکامەکانیان ئەوەندە ببەنەسەرێ و وەها بیاننوێنن کە تۆ قەت نەیانناسییەوە؟ ئایا خواوەند، مۆری لێهاتوویی لە تەوێڵی ئەو قارەمانانە داوەو وەها هێزێکی داونەتێ کە هەستی خۆیان لە دنیای ئافراندندا بەو ڕەنگە جۆراوجۆرانە بڕازێننەوە کە ئەوانی تر لە بێدەسەڵاتی خۆیان و بەهێزی ئەوان سەریان بسوڕمێ؟ ئایا بۆماوە، پەروەردە، بەدەستهێنان، ڕێکوپێکی و وردبینیین، کە یەکێك بەتواناو ئەویتر بێتوانا دەکەن؟ وەڵامێکمان نییە بیدەینەوە بجێگە لەوەی کە بڵێین مەزهەبی عاشق لە مەزهەبی ئێمە جیایە. نهێنییەکانی دنیای خۆڵقاندن و شتەکان، تەنیا لە دەستی کەسانێکدان کە توانایەکی تایبەتییان هەیە. بەڵام لە ڕواڵەتدا دەتوانین بڵێین کە هونەرمەند خەونەکانی بە جۆرێك گۆڕیون و وەها ڕازاندوونیەتەوەو جلی لەبەرکردوون کە مەبەستی خۆپەرستی و دیکتاتۆرییان تێدا نییە.

دەتوانین هەستبکەین کە هونەرمەند بابەتەکانی وەها بە تەکنیککگەلێکی تایبەت و هاوئاهەنگ نیشانی ئێمە داون، کە توانای ڕکەبەریمان نییە لەگەلی. تێدەگەین، ئەنجامی ئەوەی کە هونەرمەند بەئێمەی بەخشیوە: چێژی بێ مەبەست، چێژی جوانی ناسانە و بە دوور لە وێنا کردنی سوود و زیان و باشە و خراپی ئەخلاقییە. ڕەنگە ئێمە لە خەونی هونەرمەندداـ کە بەم ڕێکخستنە نوێ و هاوئاهەنگ و لۆژیکییەوە نیشانی ئێمە دەدرێ ـ خەیاڵی شەرماوی و ئارەزووە دەردناکەکانمان بناسینەوە و ڕەنگە بەرهەمەکەشی هێمنی ڕۆحیمان پێببەخشێ. ڕەنگە نهێنی پەسەندکردنی چێژەکەمان لەوەدابێت کە هەوڵبدەین پێ بەپێی هونەرمەند، دەستی جووڵانی قارەمانەکان و نهێنی خەیاڵ و خەونەکانیان و ئەم جووڵانە فیکری و وروژاندنە زەینییانە بگرین، کە بە کەیفی ئێمەبن. ... و ئەمە تەنها ئێمە نین کە وەها بێئاگاین لە گۆڕینی زەینمان. تەنانەت هونەرمەندیش ئاگاداری لێهاتوویی خۆی نییە، کەواتە باشترە ئەم نهێنییە هەروا بە نهێنی بمێنیتەوە.

# هونەر دەرچوونێکە لەوەی کە هەیە

**د. عەلی شەریعەتی**

"سارتەر" باوەڕی بە بەهەشت هەیەو پێغەمبەری ئیسلامیش هەروا، بەڵام جیاوازی ئەم دووانە لەوەدایە کە سارتەر دەڵێت نییە و پێغەمبەر دەڵێت هەیە. لە بوون و نەبوونیدا جیاوازییان هەیە. لەوەدا جیاوازییان نییە کە بەهەشت دەبێ هەبێ، واتە ژیانێك کە تێیدا هەموو شتێك ڕەهایە، هەموو شتێك باڵایە، هەموو شتێك باشەو هەموو شتێك جوانە. هەندێك کەس باوەڕیان بە وەها دنیایەك نییە و هەندێك باوەڕیان هەیە (هەندێکیان دەبنە مەزهەبی و هەندێکیش دژە مەزهەبی). مرۆڤە نەفس نزمەکان کە بەم هەلومەرجە رازین، جێگای باسی ئێمە نین، بەڵام کەسێك کە ئاستی بیرکردنەوەی باڵاترە، دنیای سروشتی ئێستا بە ناشیرین و کەم دەبینێ و ئایدیال نییە بۆی.

ئەم قسەیەی خەیام راست قسەکەی سارتەرە، کە دەڵێ:

گر دست بدی به فلکم چون یزدان  برداشتمی من این فلك را زمیان
از نو فلکی دگر چنان ساختمی  کازاده به کام دل رسیدی اسان

واتە مرۆڤ کە خاوەنی رۆحێکی گەورەیە، لە سروشت و لەو دونیایەدا کە خوا چێی کردووە، بە ئامانجی دڵی ناگات، چونکە هەموو شتێك ناپەسەندو ڕێژەیی و خراپە، یا لانیکەم ناتەواوەو ئایدیال نییە.

دەڵێ: "ئەگەرمن لە جیاتی خوای خۆم دەبووم، وەها دنیایەکم چێدەکرد کە رۆحە گەورەکانیش بتوانن وەکو ئەو رۆحە نزم و سووکانەی کە لە زەلکاوەوە تێرئاو دەبن، تێرئاو بن".



بەم پێیە هەموومان باوەڕمان وایە، ئەوەی کە هەیە ئەوپەڕی ناشیرینی و ناتەواوییە. بەم پێیە هەرکەسێك لە هەڵکەوتێکدا جیدەگرێ کە بۆی تاریك و ناشیرینە و جێگای ئەو نییە و هەستی نەفرەت و نامۆیی و ئارەزووی دەرچوونی لێی هەیە.

هەندێك کەس کە باوەڕیان بە دین هەیە، دەڵێن: دەبێ دەرگایەك لەم دنیایەوە بۆ ئەو دنیایەی کە دەبێ هەبێ بکەینەوە و بڕۆین. بەڵام کەسانێکیش دەڵێن ئێمە لێرەدا بەند کراوین و ناتوانین بڕۆین بۆ جێگایەکی تر، چونکە جێگایەکی تر نییە، بۆیە ئێرە وەك جیهانی نموونەیی خۆیان(بەهەشتێك کە دەبێ هەبێ) چێدەکەن. هونەر وەها کارێك دەکات.

بەم پێیە ئایین دەرگایەکە بەرەو دنیایەکی تر کە دەبێ هەبێ(کارمان بە بوون و نەبوونییەوە نییە) و هونەر پەنجەرەیەکە. هونەر دەڵێت ئێمە لێرەداین و ناتوانین بڕۆینە جێگایەکی ترو لە هەر حاڵێکدا مەحکوومین بەوەی کە تێیدا بین. بەم پێیە پەنجەرەکە دەکاتەوە تا دنیا ئایدیالەکەی بکێشێتە ناوەوە(لە ڕێگای چاو ـ نواڕین...هتد) بۆ نێو دنیایەك کە ناشیرینە و نموونەیی نییە. بەدەربڕینێکی تر عیرفان دەرگایەکە بەرەو دنیاکەی تر، کە دەبێ هەبێ و هونەر پەنجەرەیەکە بۆ ئەو دنیایە.

فەلسەفەی پەنجەرە- واتە هەستکردن بە بوون لە جێگایەك کە ئارەزوومانە هەبین، بەڵام نین- لە ناخماندا درۆزنانە بەدیدێت، لە حاڵێکدا کە لەو شوێنەین ئارەزوومانە نەبین.

کاری پەنجەرە ئەمەیە: لە حاڵێکدا کە نابێ ببین، تووش بووین و پەنجەرە هەستی بوون لە جێگایەکماندا تێدا دەخولقێنێ کە نین (جێگایەك کە دەبوو هەبین، بەڵام تێیدا نین). بەم پێیە پەنجەرە بە ئامادە بوونی خراپ، ئامادە نەبوونی چاك بە مرۆڤ دەدات. بە دەربڕینێکی دی، پەنجەرە کاری ئەوەیە لە جێگایەکدا کە هەین، بەڵام ئارەزووی دەرچوونیشمان لێی هەیە، هەستی درۆزنانەی (لەوێدا نەبوون)مان، پێ بدات.

مرۆڤ، لەو لایەنەوە، هەوڵدەدات کە لە زیندانە هەمیشەییەکەی رزگاری بێت و بۆ ئەوەش کە ڕێگایەکی دەرچوون پەیدا بکات، دەستەوداوێنی دەرودیواری هەموو

لایەك دەبێت. بەم پێیە نیازی دەرچوون و هەبوونی پەنجەرەیەك لەودا بەهێزترە. هەمیشە لە گەڕان بە دوای کلاوڕۆژنەیەکدایە بەرەو دەرەوە. ئەگەر وەها کلاوڕۆژنەو پەنجەرەیەکیش نەدۆزێتەوە، ئەگەر بە درۆش بووبێت لە خەیاڵیدا دروستیان دەکات. ئەم دڵەڕاوکێیە کە هەمیشە، بەدرێژایی مێژووی مرۆڤ هەبووە ـ ئەوەیە کە ناوی دڵەڕاوکێی ئاینییە. ئەگەر بەدرێژایی مێژوو، مرۆڤ بەردەوام بە دوای ئاییندا گەڕاوە، ئەوا بە دوای دۆزینەوەی پەنجەرە یان دەرگایەکدا بووە، کە چ لە ڕێگای چاولێکردنەوە و چ بە هۆی بوونییەوە لێی هەڵبێت(لەو دنیایە). بەهەرحاڵ ئەگەر باوەڕیشی بە دنیای دەرەوە نەبووبێ[1]، هەندێ پێداویستی هەن کە سروشت لە بەدەست هێنانیاندا بێ توانایە. یا هونەرمەند ئەو پێویستیانە بەرهەڤدەکات، یا مەزهەب ڕێگای دەرچوون لەو جێگایەی پێ نیشاندەدات کە شایستەی تێدابوونی نییە.

ئەم فەلسەفەیە هەم بنەمای ئەدەبیات و هونەرو هەم فەلسەفە ماددی یان مەزهەبییەکان و ئایینە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکانیش بووە. هەمیشەمرۆڤ بیر لەدنیای سەرو سروشتی(میتافیزیك) دەکاتەوە. بەمانایەکی گشتی، واتە دنیایەك کە دەبێ باشتر لەم دنیای سروشتییە بێ و گونجاویش بێت لەگەڵ مرۆڤدا بەبێ ئەوەی کە بوون و نەبوونی جێی باس بێت.. کەسێك کە دەست بداتە ئافراندنێکی هونەری، بۆ ئەوەیە کە ڕەنج دەبات لە کەمایەسی و نەبوونیی، لە دنیای ڕاستەقینەدا. ڕازاندنەوە، ڕازاندنەوەی ماڵ، وێنەکێشان و....هتد، لە حاڵی کەمایەسیدا دێنەبوون و مرۆڤ دەیهەوێ، کەمایەسییەك پڕ بکاتەوە و لەوەی کە هەیە ناڕازییەو هەست بە کەمایەسی دەکات و دەیهەوێ بەهۆی هونەرەوە پڕیبکاتەوە.

ئەمڕۆ من هەموو شتێك لە دنیادا لە ڕوانگەی هەستکردن بە کەماسییەك چاو لێ دەکەم، کە مرۆڤ هەستیپیدەکات و ئەم هەستی کەمایەسییە لە دنیادا، چەند هەست بەدیدێنێ: یەکێك غوربەتە(نامۆیی)،(من لە گەڵ ئەم ژیانەدا هەڵناکەم). هەستی غوربەت، هەستی دڵەڕاوکێ بەدیدێنێ و دەبینین کە بەو ئەندازەیەی کە ڕۆحەکان نەرمترو باڵاترن، دڵەڕاوکێ و نائارامی و ناخۆشییەکانیش تێیاندا زیاترن. ڕۆحەکان



بەو ئەندازەیەش کە ئاست نزمترن بچووکترین سەرکەوتن لە ژیانیاندا نوقمی شادمانیان دەکات. ئەگەر ئەدەبیات بە نموونە بێنینەوە، دەبینین کە: ئەدەبیاتێك کە دڵەڕاوکێ و خەم لەخۆدەگرێ هەموو ئەدەبیاتی باڵایە، ئەدەبیاتێکیش کە شادی و خۆشی و سەمای شادی هێنەری هەیە، ئەدەبیاتی نزمترە.

لە مۆسیقاشدا هەر بەم شێوەیەیە، بەو ئەندازەیەی کە ئاستی بیرو هەستە هونەرییەکان لەخوارە، مۆسیقاو سەماش لە ئاستی هەیەجانە شادی هێنەرەکاندا دەمێنێتەوە. یەکەم جار ئەرەستو سەرنجی ئەم بابەتەی داوە. ئەو هەموو بەرهەمە هونەرییەکان بەسەر بەرهەمە کۆمێدی و تراژیدییەکاندا دابەشدەکات.

دراما دوو جۆرە و بەمانای نواندنە. هەندێك لەزانایان وا هەستدەکەن کە دراما بەمانای تیاتروشانۆنامەیە. لە حاڵێکدا کە دراما بەمانای نواندنە، ئێستا چ بەهۆی شیعرەوە بێ، کەهەستەکەی دەنوێنێ، چ بەهۆی وێنەکێشان و پەیکەرتاشی، نووسەری، تێئاترۆوە.... بێت، هیچ جیاوازییەکی تێدا نییە. مەگەر هەموو بەرهەمە هونەرییەکان جۆرێك نواندنی هەست نین؟ بەم پێیە نواندن واتە دراما، ئەگەر بەهۆی ئەکتەرییەوە بێت، شانۆ ئەگەر بەهۆی دەنگەوە بێت مۆسیقا، ئەگەر بەهۆی ڕەنگیشەوە بێت وێنەکێشان بەدیدێت.

لە کتێبەکەی ئەرەستودا دراما بەم مانایەیە. لەم کتێبەدا تەواوی دراماکان دابەش کراونەتە سەر دوو بەش، کۆمێدی و تراژیدی. کۆمێدی دراما شادی هێنەرەکانن و تراژیدیش دراماییێکە کە مرۆڤ دەخاتە نێو خەم و کۆڤانێکی قووڵەوە. خەم بەو مانایەی کە هەندێك جار لەبەرامبەر دیتن یا بیستنی بەرهەمێکدا تووشی ڕامانێکی قووڵی بەربڵاو و ناڕوون دەبێت. وەها هەستێك خەمی پێدەڵێن و وەها بەرهەمێکیش تراژیدییە. بەم پێیە تراژیدی دراماییێکە کەمرۆڤ ناچار بەڕامانی خەم هێنەر دەکات و کۆمێدی بە پێچەوانەوە. هەر لەبەر ئەمەیە کەکۆمێدی بەرهەمی بێ نرخی خەڵکی ئاساییە.

ڕۆشنبیران و ڕۆحەگەورەکان تراژیدیایان خۆش دەوێ (هەموو بەرهەمە نایابەکان تراژیدین). هەندێك جاری وا هەیە کە تووشی خەمگەلێك دەبین، کەئەم خەمانە لەبەر

هۆی مەینەتی و بێ بەشی یا شۆك گەلێكەوەن كەلە ژیانەوە دیتوومانن(لەسەر جەستەمان، ژیانمان، بوونمانو....). وەها خەمگەلێك لەو خەمانەی كەباسیان لێوەكرا جیان و تەواو لەگەڵیان ناتەبان و دەبێ ناوی"داخ"یان لێ بنرێ (داخ لە زەرەر، لە نەمانی پلەو پایەو....).

ئەو خەمەی كەباسی لێوە كرا، خەمێكە كەلەئەنجامی پێویستیگەلێكی ماددی و ئەو پێویستیانەی كە سەبارەت بە ژیان هەن، لەمرۆڤدا پەیدا دەبن و مرۆڤ هەوڵدەدات كەخۆی لەم ژیان و بازنە ماددییە ڕزگار بكات و بەرەو دنیایەك بڕوات كە جێی پەسەندیەتی و لە بنەڕەتدا دەبێت هەبێت. بەڵام ئەم خەمانە(لەدەست دانی سەرمایەو....) داخ لە نەبوونی ئەم پەیوەستییە ماددی و ناپاكییانەیە. واتە نەبوونی ئەوە بووەتە هۆی ئەم داخە. داخ لە ڕەگەزی سەنعەتەو خەم لە ڕەگەزی هونەر.

هەستێك كە منی ناچار بە سەنعەت كردووە، هەستی ڕۆیشتن بەرەو ئەوەیە كە هەیەو هەستێك كە منی ناچاربە هونەر كردووە دەرچوونە لەوەی كە هەیە. ڕۆیشتن بەرەو ئەوەی كە هەیە، سەنعەت بەدیدێنێ و نەفرەتیش لەوەی كە هەیە، هونەر بەدیدێنێ. بەم پێیە ئارەزووی خۆشەویستی بۆ ئەوەی كە هەیە سەنعەتەو نەفرەتیش لێی هونەرە.

بەم كەواتە سەنعەت(ئەوەیە كە هەیە و نەدەبوو هەبا)و هونەریش(ئەوەیە كە دەبوو هەباو نییە). "داخ" لە ڕەگەزی سەنعەتەو خەم لەڕەگەزی هونەرە. خەم بریتییە لەو ڕەنجەی كە لە كەمایەسی ئەو شتەی كە نییە، دەیكێشین،"داخ"یش، ڕەنجێكە لە كەمایەسی ئەو شتەی كە هەمانە. لەسەر ئەم بنەمایە كەسێك كە داخ دەخوات كەسێكە كە عەشقی هەیە بۆ ئەوەی كە هەیەو لەبەر ئەوەی نییەتی، ئاخ هەڵدەكێشێ. كەسێك كە خەم دەخوات كەسێكە كە بەرەوئەوە دەچێت نییەو لە بەر ئەوە خەم دەخوات كە نییەتی.

كۆمەڵناسی نیشاندەدات كە خەم زۆرتر(لەباری ئابوورییەوە) هی چینی دەسەڵاتدارو خۆشگوزەران و هی چینی بورژوایە. بۆرژوا مرۆڤێكە، ئەوەی كە هەیە، هەیەتی. ئەی بۆچی خەمی هەیە؟ لەبەر ئەوەی كە ئەوەی دەبێ هەیبێ نییەتی.



بەڵام چینی خوارەوە، كاتێك ئەوەی كە هەیە ــ بەڵام نییەتی ـــ و بەدەستی دێنێ، خۆشحاڵ دەبێت. ڕاست بە پێچەوانەی بۆرژواوە كە هەموو شتێكی هەیە. بەم پێیە خەم كاتێك دەستپێدەكات كە هەموو شتێك بە كۆتایی دەگات."داخ" كاتێك دەستپێدەكات، كە ئەوەی هەیە، هێشتا دەستیپێ نەكردووە. ئەمەیە، كەسێك كە بۆ خەڵووزی ناوماڵ هەوڵدەدات، ناتوانێ وەها خەمێكی هەبێ كە كەسی خۆشگوزەران هەیەتی. وەها بابەتێك ئەگەر لە ڕوانگەی كۆمەڵناسییەوە چاو لێبكەین ڕاستە. لە ڕوانگەی مێژوویشەوە هەر ڕاستە.لە ڕووی كۆمەڵناسییەوە ئەوە بورژوایە كە دەبێت بە هیپی، بتیلو....و بەدوای ئەو شتەدا دەگەڕێ كە نییە.لە مێژوویشدا دەبینین كە هەمیشە هونەرەباڵا و پەرەسەندووەكان لە چینە باڵاكاندا وەدی هاتوون (لێرەدا مەبەست داكۆكی كردن نییە لە هونەر یا سەنعەت، بەڵكو مەبەست دەربڕینی حەقیقەتە).

كاتێك كە چاو لە مێژووی ئایینەكان دەكەین دەبینین دوو پۆلن: ئەو ئایینانەی كە پەیوەستن بە چینە مەحروومەكان و ئەو ئاینانەش كە پەیوەستن بە چینە خۆشگوزەرانەكانەوە. لە چینە خوشگوزەرانەكاندا، ئایینەكانی چین و هیند و ئێران، كە سێ ناوچەی شارستانێتی گەورەی كۆن بوون و پێغەمبەرگەلێكی گەورەش هەر لەم ناوچانەوە هاتوون. شارستانییەتێكی دیش شارستانییەتی سامییە كە ئیبراهیم و عیسا و محەممەد (لە ئادەمەوە تا دوایین پێغەمبەر) لەوێوە هاتوون و كاتێك كە چاو لەمانە دەكەین دەبینین كە هەموو لە چینە ژێردەستەكان بوون. پێغەمبەری ئیسلام بەڕاشكاوی دەڵێت كەهیچ پێغەمبەرێك نەبووە مەگەر ئەوەی كە شوان بووبێت، واتە لە چینی خوارەوە بووە. ئەگەر بە حكوومەت و پاشایەتی و دەسەلات گەیشت ئەوە شتێكی دیكەیە. بەهەر حاڵ بنەڕەت و سەرچاوەكەی لە چینە نزمەكان بووە.

حەزرەتی ئیبراهیم شاگردی پەیكەرتاش، داود حەسیر دروستكەرو پیغەمبەرەكانی تریش بەزۆری شوانن.

دەبێ بڵێین کە شوان بێ بەشترین مرۆڤێکە کە لەدنیادا، چونکە خاوەنی هیچ ماڵ و بنەماڵە و ژیانێك، تەنانەت دیتنی ئاواییش نییە. ئەو پێغەمبەرانەش کە پیشەکار بوون لە خوارترین چینەکانی کۆمەڵگای خۆیان دەژمێردران.

بەو شێوەی کە پێغەمبەرانی سامی هەموویان لە چینە نزمەکان بوون، پێغەمبەرانی دیکەش(هیند و ئێران و چین) بەبێ ڕیزپەڕ لە شازادە و گەورەکانن. بوودا شایەو دەسەڵاتی هەیە، نانك لەهەر دوولاوە شازادەیە. هەموو ڕێبەرانی مەزهەبی بوودا بەبێ ڕیزپەڕ شازادەن. لە ئێراندا سێ پێغەمبەری گەورەمان هەیە: زەردەشت، مانی، مەزدەك، زەردەشت لە گەورەزادەکانە و مەزدەك و مانیش هەروا.

ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکان بەدوای خەمی میتافیزیکی و گەیشتن بە دنیایەکن کە شایستەی خەم خواردن و ئازارچەشتنە. واتە ئەوەی کە لەدەوروبەریدا دەگوزەرێ گرنگییەکی نییە، گرنگی بەژیان نادا چ بگات بەوەی کە هەستیاری هەبێت کە چ کەسێك لەژیاندا مەحروومە یا ئەوەی کە چ کەسێك هەموو هێزەکانی هەیەو ئەوی دی نییەتی. چ کەسێك جلوبەرگی جوان لەبەر دەکات و چ کەسێك لەبەر ناکات، بەگشتی هیچ بەهایەك بۆ ئەمانە دانانێت. هەر لەبەر ئەمەشە کەدەڵێت: کەسانێك کە هیچیان نییە ئاسانتر دەفڕن، بەم پێیە کەسێك کە مەحروومە، مرۆڤێکی دەسەڵاتدارترەو کەسێك کە دەوڵەمەندە، مەحرووم‌تر دەبێ. هەر بۆ ئەمەیە کە ئەم پێغەمبەرانە تا دەگەن بە پێغەمبەری، بەرەو پادشایەك دەڕۆن کە پشتیوانییان لێبکات. نەبینراوە کە بە دەوڵەمەندێك بڵێن کە سەروەتی خۆت لە ڕێگای خەڵکدا خەرجبکە، چونکە ئەوان بەدوای خۆشەویستییەکی میتافیزیکییەوە بوون و سەرنجیان نەداوەتە خەڵك.

بەڵام کە پێغەمبەرانی سامی ڕادەبن، بەشمشێرەوە هێرش دەکەنەسەر خەزێنەو دەسەڵاتی مەوجودو لە بابەت ئەوەی کە پارەو هێز دەبێ لەدەستی چ کەسێکدا بێت، هەستیارن.

ئەمەیە کە ئەم پێغەمبەرانە، بە دژی دەسەڵاتی مەوجوود هەڵدەستنەوەو ئەوانی دیش (وەك مانیو...) پاڵی پێوە دەدەن.



پەرجووەکانیان جیاوازییان لە گەڵ یەکدا هەیە. پەرجووەکانی پێغەمبەرە سامییەکان هەموو بەهێزو وێرانکەرانە بوون(موسا بەفڕێدانی گۆچانەکەی ماری ساحیرەکان لەنێو دەبات)و بۆ گۆڕینی شکڵی مەوجوودی سەرزەوی بوون. چونکە ئەم دنیاگەڕایە و ئەویش(وەك مەزدەك) ئاخیرەت گەڕایە. موسا لە تەوراتدا دەڵێ: دەبێ هەر حەوت ساڵ یەك جار زەوییەکان دابەشبکرێن، بەڵام لە هەموو ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکاندا مەسەلەی زەوی و خەڵك لە بەرچاو نییە، بەڵکو دەرچوون لەژیان و لێك پچڕانە لێی.

بەم پێیە مەحروومییەت لەوەی کە هەیە لەئایینە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بۆخۆی جۆرێك خاوەندارییە، لەحاڵێکدا لەئایینە سامییەکاندا مەحروومییەت جۆرێك مەحروومییەتە، کەدەبێ بەزۆر بگۆڕدرێت بە خاوەنداریەتی.

ئەمەیە کە لەهیچ یەك لە ئایینە ڕۆژهەلاتییەکاندا گرتنی ماڵیات، چۆنیەتی دابەشکردنی سەروەت و مەسەلەی خاوەن بوون ـ هەموو ـ جێی باس نین. لەقورئاندا بەپێچەوانەی نۆڕینی سۆفیانە(کەلە ڕۆژهەڵاتەوە تێکەڵی بووە)، مادیات(بەمانای پارە) بەوشەگەلێك دەردەبڕێت کە نیشاندەدات چەندە گرنگی بەسەروەتی ماددی دەدات، نەك تەنیا گرنگی پێدەدات بەڵکو زۆرتر لە مرۆڤی ئەوڕۆش سەرنجی دەدات و گرنگی پێداوە، چونکە ئەمڕۆ ئێمە بەسەروەتی مادی، پارە دەڵێین، لە حاڵێکدا ناوگەلێك کە لە قورئاندا مانای پارەو سەروەت دەدەن زۆرن وەك: " فضل الله" یان" فضل من الله "(مغانم کثیرة و فضل من الله: سوودگەلێکی فراوان و خاوەن بوونی پشتیوانی خوا)،خێر(سەروەت). پێغەمبەر دەڵێت: انی احببت حب الخیر(خۆش ویستنی پارەم خۆش دەوێ) ئەم نۆڕینە، نۆڕینێکی تەواو دژەسۆفییانەو عارفانەیە و لەگەڵ ئەوکەسەیدا کە دەسەڵاتدارەو ژیان وەك جەستەیەکی گەنیو دەبینێ، زۆر جیاوازە. پێغەمبەری ئیسلام لە ژیانی خۆیدا نیشاندەدات کەهەمیشە هاوڕێکانی لەزوهدی سۆفیانەو ڕۆحی سۆفیگەریانە لاداوە. هەڵبەت دواتر دەبینین کە وەها حاڵەتێك لە ئۆمەتی پێغەمبەردا، بە هۆکارگەلی جوغرافیایی بەدیدێت.

بەم پێیە، ئەم بابەتانە نموونەیەکی ترن بۆ مەزهەب ناسەکان.

ئەوەی کە لەمەسەلەی بێگانەییو هەستی کەمایەسی مرۆڤ لەپێوەندی لەگەڵ ژینگەو هەستی تەنیایی مرۆڤ لە سروشتدا،بنەمای جیهانبینی منە لە فەلسەفەدا، لەهەموو بابەتە جیاوازە کۆمەڵناسییەکان و مێژووی ئایینەکانیشدا، بەتەواوی بەرچاوە. سۆفیگەری لەسەدەکانی چوارو پێنج و شەشدا بەدیدێت. سەدەیەك کەکۆمەڵگای ئیسلامی بووە بە بورژوازی و دژەکردەوەکەی، خولقاندنی سۆفیگەریو عیرفانە. ئەمرۆش خۆبەدەستەوەدان و بێزاری چینی لاو لە کۆمەڵگاگەلێکدا خۆدەنوێنێ کە شارستانییەت بەوپەڕی خۆی گەیشتووە، بۆ نموونە: لاوێکی ئینگلیزی هەستدەکات کە تا کۆتایی تەمەنیو تەنانەت تا دوا ساتی مردنیشی هەموو شتێکی هەیە و دەتوانێ هەموو شتێکی هەبێ، دەتوانێ هەموو شتێك بڵێ، هەرچەند کە دەبینێ هەمووشتێك لەدەستیدا هەیە، بەڵام ئەمانە تێری ناکەن و ئەوەی کە هەیە دڵگرانیان کردووە و دواجار هەڵدەچێت.

پێویست بە وەبیر هێنانەوە دەکات کە هەڵچوونی ئەمڕۆی وڵاتە پێشکەوتووەکان جیایە لەوڵاتە پاشکەوتووەکان، چونکە لەو ولاتانەدا(دواکەوتووەکان) هەڵچونی مرۆڤ بۆ وەدەستهێنانی ئەوەیەکە هەیە، بەڵام ئەوان نیانە، بەڵام هەڵچوونی خەڵکی وڵاتانی پێشکەتوو لەوەیە کەهەیە. چەند پێکەنیناوییە کە کەسێك سەبارەت بەوەی کە هەیەو بێ بەشە لێی، خەمی ئەوەی هەبێ کە نییە.

**چەند ڕستەیەکی گرنگ:**

بێگانەیی(نامۆبوون) واتە مرۆڤ زاتی خۆی لەگەڵ دنیادا بە جیاو نەگونجاو دەبینێ و هەستدەکات کە جەوهەرێکی دیکەیە (چ مەزهەبیو چ نامەزهەبی). لێرەدایە کە هەستدەکا شتێکی دیکەیەو هەستی کەمایەسی تێدا بەدیدێت.

نامۆبوون و هەستی کەمایەسی لەوەیدا کە هەیە، نامۆیی خۆی لەگەڵ سروشت و کەمایەسی سروشت لەپێوەندی لەگەڵ پێویستییەکانی خۆی، دڵەڕاوکێ، خەمو...هتد، بەدیدێنن. ئەم هەستەو ئەم بەستێنە رۆحییە، دووهەستی جیاوەنەبوو بەدیدێنن:



دەرچوون و نەفرەت لەلایەکەوە، خۆشەویستیو شەوق و ئارەزووش لەلایەکی دیکەوە. واتە دەرچوون لەم دنیایە کە هەیە بەرەو دنیایەك کەدەبێ هەبێ(دنیای میتافیزیك مەبەست نییە، بۆئەوەی لەخۆگری کەسانێکیش بێت کەباوەڕیان بە مێتافیزیك نییە).

پرسیار- ئەرەستو دەڵێ، دراما واتە نواندن و هونەریش کارەکەی درامایە(واتە نواندن). هونەر کە کارەکەی درامایە، ئەدی دراما چییە و لاساییکردنەوەش لە چییە؟

وەڵام- ئەرەستۆ دەڵێ هونەر درامایە، بەڵام بەپێچەوانەوە من باوەڕم وایە کە(هونەر دراماییێکە لەوەی کە لە سرووشتدا نییە) ئەرەستۆ دەڵێت کە(هونەر ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە لە سروشتدا هەیە)و هەر بۆئەمەشە کە ئەفلاتون دەڵێ: رەنج بردن بۆ ئەوەی کە لەبەردەستدایە کارێکی دەبەنگانەیە، چونکە شتێك کە سروشتییەکەی هەیە، درووست نییە کە بە ڕەنج و زەحمەتی دەسکرد، دروستیبکەن.

پ - مرۆڤ بەم هەموو ڕەنج و زەحمەتەوە چ شتێك دروستدەکات؟

و- ئەوەی کە نییە، بەڵام دەبێ هەبێ، واتە پێویستییەك بەرهەڤ دەکەین کە نییە(هونەر). بۆنموونە کەسێك، ئاو یا هەوا یا خاکی دەسکرد چێناکا! بەم مانایە(هونەر ئەوە دروستدەکات کەپێویستمان پێیەتی و، بەڵام نییە) هونەر لەڕیزی گەورەترین پەیامەکانی مرۆڤدایە لەسەر ڕووی زەوی، واتە لەڕیزی کارێکی خوداییە، واتە پەیامی مرۆڤ لەکارە هونەرییەکەیدا تەواوکەرو درێژەپێدەری پەیامی خودایە لەکاری خولقاندنیدا. لەم مانایەدایە کە هونەر ئەوەندە گەورەیی و بەها پەیدا دەکات و دەبێتە بەشێك لەزات و سروشتی مرۆڤ.

لەوانەیە لەم پێوەندییەدا دوو ڕەخنە بگیرێن، یەکەم ئەوەی کە بۆ نموونە: کەسێك کەخۆی خاوەنی قەڵافەتێکە و بەجۆرێك خۆی دەڕازێنێتەوە کەناشرینتر دەبێت، بێ گومان دەزانێت کە خۆی تێکداوە، لەم حاڵەتەدا ئەمە چ هەستێکی کەمایەسی و تێ هێنانەوەیەتی، کەنەك تەنیا کەمایەسییەکەی پڕنەبووەتەوە، بەڵکو جوانی گەلێکیش کەسروشتی بوون، لەنێوی بردوون! ئایا ئەمە هونەرە یان نا؟ ئەڵبەتە کەهونەرەو هەستێك کەوەها کەسێك هەیبووبێ و خۆی ڕازاندبێتەوە و خۆیشی ناشیرینتر کردبێ

لەگەڵ هەستی کەسێکدا کە خۆی ڕازاندۆتەوە و جوانتر بووە، یەك شتە و کردەی هەردووکیان هونەرە، کەدواجار یەکیان سەرکەوتووە و ئەوی دیکەیان نا، چونکە نالوێ کەسێك هەست بەکەمایەسی نەکاو دەستیش بداتە خۆڕازاندنەوە یان کارێکی دیکە.

ڕەخنە لە هونەردا، لەرادەی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی هونەرمەند لە تێ هێنانەوەی هەستی کەماسییەك دەکۆڵێتەوە کە لە پێوەندی لەگەڵ جوانیدا هەستی پێ کردووە، چونکە هەموو هونەرمەندەکان چ ئەوانەی کە جوانی دەئافرێنن و چ ئەوانەش کە جوانی دەشێوێنن، خاوەنی یەك هەستی هاوبەشن.

ڕەخنەی دووهەم ـ لەوانەیە پرسیار بکرێ کە ئایا لیۆناردۆ داڤینچی شتێکی نوێی لەجیهاندا داهێناوە؟ خاتوو مۆنالیزا ماوەیەکی زۆر چووەتە ژووری کارەکەی داڤینچیو ئەویش ئەو زەردەخەنەی کەلەسەر لێوەکانی خانمەوە بووە، کێشاوەتەوە و هیچ شتێکی پێوە زیاد نەکردووە. وەها پێکەنینێك لە سروشتدا بووە، کەواتە چ هەستێکی کەمایەسی بووەتە هۆی ئەوەی کە داڤێنچی ئەوە بخولقێنێ کە لەسروشتدا بووە. ئایا لێرەدا قسەکەی ئەرەستو دروست نییە؟ کە دەڵێت: مرۆڤ ئەوە دەخولقێنێ کە لە سروشتدا هەیە.

نەخێر! چونکە داڤینچی شتێکی هێناوەتە بوون کە سروشت لە بوونیدا دەست کورت بووەو ئەو شتە بەخشینی وەها پێکەنینێکە بەمشتێك گەچ و پارچەیەك(پەڕۆیەك)و لێرەدایە کەبەپێی هونەرو داهێنان دێتە ناوەوە.

* * *

(١) ئیخوانی ئۆمید دەڵێ: ئەوەی ڕوونە دنیایەکی پڕ لە ڕەنج و نەگبەتەو باوەڕێکیشم بە دنیا نادیارەکە نییە. یان سارتەر کە ئەوەندە لەسروشتو ژیان دەناڵێنێ و دەڵێ: ئێرە(دنیا) دەبەنگە، پەستە، خراپە، مرۆڤکوژە، باوەڕیشی بەدنیاکەی دی نییە، بەم پێیە باوەڕی بە دەرگا یان پەنجەرەگەلێکیش نییە، چونکە کاتێك مرۆڤ باوەڕی بە دەرگا یا پەنجەرە هەیە، کەشتێك لە دەرەوەیانەوە بێت. بەڵام بەهەر حاڵ لەگەڵ ئەوەشدا کەدەڵێت لەدەرەوەی ئەم ژوورەدا "سروشت" شتێکی دی نییە، کەچی ناتوانێ بەم ژوورەشەوە دڵ خۆش بکا. مرۆڤ بەشەرەفتر لە دنیایە.

# هونەر لە چاوەڕوانی، چاوەڕوانکراودا

لەوانەیە بڵێن کە هونەر هەرچییەك بێت، بەهەرحاڵ بەشێکی پسپۆڕی ئاڵۆزو تایبەتە وبمانەوێ و نەمانەوێ دەبێت کەسێك لە بارەیەوە قسە بکات کەهونەرمەند بێت. بە شایەتی من و ئێوەش، من هونەرمەند نیم (نووسەر).بەلاّم ئەم قسانەی کە لێرەدا لە بارەی هونەرەوە دەیانکەم لەو قسانەنین کە ئەمڕۆ باون. بە شێوەیەکی ئاسایی کەسانێك کە سەبارەت بە بابەتگەلێك باسدەکەن، دەبێت پسپۆڕییەکیان هەبێت. چەند زانستێك هەن کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا مەزڵوومن، مەزڵووم بەومانایەی کەخاوەنیان نییە، هۆی ئەوەش کە خاوەنیان نییە ئەوەیە کە ئاست و یاساکانیان دیار نین. بەم پێیە و بەهەر حاڵ قسەیەك کە لە بارەی هونەرەوە دەیکەم،لەم جۆرە نییە. من لێرەدا وەك پسپۆڕێك لە کاری هونەردا قسە ناکەم، بەڵکو وەك کەسێکی خوازیاری زانیاری، یا یەکێك لە خوێنەرەکانی ئەم سەرزەوییە،کە دەتوانێت لە هەر بەشێکدا کە پسپۆڕی هەیە،قسە بکات. لە بارەی هونەرەوە قسە دەکەم. بەلاّم لە پلە و پایەی خۆمدا. چونکە هونەر لەهەمان کاتدا کە لایەنێکی تایبەتی و پسپۆڕی هەیە، لایەنێکی تەواو گشتی و مرۆییشی هەیە. بە پێچەوانەی هەندێك لە زانستەکان کە لە چوارچێوەی بەرتەسکی پسپۆڕیی خۆیاندا بە تەواوی گیریان کردووە و ئەوانی تر مافیان نییە قسەیان لە بارەوە بکەن وەك: فیزیا، کیمیاو بیرکاری. لایەنی ئاڕاستەکراو و گوێگری هونەر، هەموو مرۆڤەکانن. لە هەمان کاتیشدا خودی هونەر، تەکنیکێکیشە— بەلاّم نەك ئەوەی تەنها تەکنیکێك بێت — بەهەر حاڵ ناسینی پەیوەستە بە فێربوون وناسینێکی تایبەتەوە. بەلاّم من وەك یەکێك لە موخاتەبەکانی هونەر لە سەردەمی خۆمدا قسە دەکەم و هەر لەم پێگەیەشەوەیە کە



رەخنە دەگرم، یان ئارەزووەکانی خۆم لە بارەی ئەوەی کە هونەر (دەبێت وەها بێت) و یان بۆچوونی خۆم (بۆچی وەهایە؟)دەخەمە روو .

مەسەلەی هونەر لە دوو لایەنەوە بۆ ئێمە جێی باسە:

لایەنی یەکەم ئەوەیە کە ئێمە وەك مرۆڤە ڕۆژهەلاّتییەکان ـ بە تایبەتی ـ بەستراوە بە چەند شارستانییەتێکی مەزن وگەورەی مرۆیین. بەتایبەتی ئەوڕۆ کە هەمووان ئەم دروشمەیان پەسەند کردووە، کە دەڵێت لە سەر پێی خۆمان بوەستین و دەبێت لە سەرچاوە رەسەنەکانی کولتووری خۆمانەوە تێر بکرێین و دەبێت لە سەرسوڕمان ونوقم بوونی بێ ئیرادە لە بەهاو چوارچێوە ڕۆژئاواییەکان بە خۆماندا بێینەوە. هەموو میللەتە ئاسیایی و تەنانەت ئەفریقییەکانیش پەسەندیان کردووە. هەندێك وا بیردەکەنەوە کاتێك کە قبووڵمان کرد، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ خۆمان و کەسایەتییەکەمان، ئیدی بەسە. نا ئەمە سەرەتاو ناونیشانی کارەکەیە. بەلاّم ئەم پرسیارە هێشتا هەر هەیە و دەبێت خێراتر لە هەر شتێکی تر وەلاّمی بدەینەوە. دەڵێین: "بگەڕێینەوە بۆ کەلتووری خۆمان"، بەلاّم ئەم "خۆمان"ە، کامەیە؟

بە داخەوە لە کومەڵگایەکدا کە لە ئاستێکی بەرتەسك و وەستاودایە، چارەنووسی ماناکانیش دڵتەزێنە. کاتێك کە مەسەلەیەك یان فکرێك دەردەبڕدرێت، بە زۆری بەبێ ئەوەی لێی تێبگەین، نەبیستراوانە، نەزانانە و نەناسراوانە، بە لێبڕاوییەوە لە بەرامبەریدا دەوەستن ونەك تەنیا بە بەڵگاندن و بە زانست وبە قسە، بەڵکو بە هەموو ڕێگاو شێوە نائەخلاقییەکانیش هێرشی دەکرێتە سەر و دژایەتی لە گەڵدا دەکەن. ئەگەر بەرامبەرەکە لەم کێشەیە تێپەربوو، دەخنکێت بەلاّم ئەگەر بە هێز بوو و بە هەر نرخێك وەستا، دواتر دەبێت بە مۆد، کە بوو بە مۆدیش، ئەوەندە بێ نرخ دەبێ کە تۆبە دەکات!

ئەم (گەڕانەوە بۆ خود)ە، بە شێوەیەکی لێ هاتووە، کە ئەو کەسانەی بە نرخگەلێکی دژوار ئەم مەسەلانەیان لەم ولاّتانەدا باسکردووە، ئەمڕۆ ئامادەن بەهەر نرخێك کە بووە، خۆیان لەم تۆمەتە بێ بەری بکەن! گەڕانەوە بۆ خود، وەك ژیاندنەوەی

خورافەکان، نەریتە وشك هەڵاتووەکان، کۆنە پەرستی وگەڕانەوە بۆ نەریتە کۆن و وەحشییە سەرەتاییەکانی لێ هاتووە! لەحاڵێکدا کە گەڕانەوە بۆ خود بە مانای گەڕانەوەیە بۆ کەسایەتی خودو بە مانای گەشانەوەی ئەو ڕۆحە بنیاتنەرو چالاکەیە کە لە رابردوودا، فەرهەنگ، کۆمەڵگا و شارستانیەتی بنیادنا، نەك بە مانای گەڕانەوە بۆ مەسەلە مردوو و لە ناوچووەکان بە پێی کات و پێویستی. قەت! مەبەست ئەوە نییە کە ماناو سۆزو هەست و فکر و فەلسەفەکان لە قووڵایی زەمەنەوە دەربهێنین وئەورۆ لە مۆزەخانەکان نیشانیان بدەین، بەڵکو دەبێت بەو شێوەی کە واقعیەت و حەقیقەت دەیانەوێ، بگەڕێیینەوە بۆخود، واتە بگەڕێینەوە بۆ ئەو کەسایەتییە نەتەوەیی وقەومییە ــ بە مانای قەومی ومرۆیی، نەك رەگەزی وخوێنی و خاکی-. واتە لە بەرامبەر هێرشی بەها دەرەکییەکان سەربەخۆیی مرۆیی بە دەستبێنین. لە هەمان کاتدا، یەکێك لە پەیامە خێراو رەسەنەکانی ئەمانە شەڕ کردن لە گەڵ خۆرافە وکۆنەیی ولەگەڵ هەموو هۆکارگەلێکە کە میللەتێك و روانینێك کوێر و بێ هێز و زەلیل دەکەن ولە داهێنان ونوێگەری و پێشکەوتن و ئاڵوگۆری بەردەوام و ژیان ڕای دەوەستێنن. لەبەرئەوەی کە گەرانەوە بۆ کەسایەتی کولتووری بەمانای گەڕانەوە بۆ بۆچوونە پەرپووتە کۆنەکان نییە.

بەڵام ئەم پرسیارە دێتە پێش کە: ئەو کولتوورەی کە دەبێت بگەرێینەوە بۆی،ئەو کولتوورەی کە دەبێت بیناسین و زیندووی بکەینەوە و وەك رۆحێکی داهێنەرو بنیاتنەر لە خۆماندا بی گەشێنینەوە، چییە؟ گەڕانەوە بۆ"خۆمان" دروستە، بەڵام ئەو "خۆمان"ە کێیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە، مەسەلەیەکە کە زۆر بە خێرایی دەبێ وەڵام بدرێتەوە. ئەمە ئیدی دووبارە وەك پرسیارێك ناکەینەوە. گەڕانەوە بۆ "خۆمان"، گەڕانەوەیە بۆ کەلتوری خۆمان، واتە، ئێمە ئێستا دەبێت خۆمان بناسین و بە روانینێکی ئەمڕۆییەوە، دەستبکەین بە لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی لە دەقەکان و سەرمایە مرۆیی و زانستی و کولتوورییەکان و یەکێك لەم کارانەش هونەرە. بە پێچەوانەی داوەری ئەمڕۆیی، کە لە زەینی نەوە خەوتووەکەماندا رەنگدەداتەوە، ئێمە نەك تەنیا لە رووی هونەرەوە لە هەموو رەهەندەکانەوە بێ هێز



نین ونەك تەنیا نابێت وەك مرۆڤگەلێکی سەرەتایی لە بەرامبەر دەرکەوتنە ئەمڕۆیییەکانی هونەری پێشکەوتووی دنیا بوەستین، بەڵکو ئەگەر هونەر بەراستی لە هەموو رەهەندەکانییەوە (هەموو دونیا وهەموو رەهەندە مێژوویییەکانی و رێڕەوە جۆراوجۆرەکان)وەك خوێنەر و مێژوونووسێکی سەربەخۆ و نەك لە وەرگێڕانگەلێکدا کە لە مێژووی هونەر دەکرێن، یا لە بەرهەمگەلێك کە هونەرمەندە رۆژئاواییەکان دەیان نووسن— کە لە یۆنانەوە وەریدەگرن و بە فەرەنسی تەواوی دەکەن- هەڵبسەنگێنین، دەبینین کە ئێمە نەك تەنیا پێگەیەکی زۆر بڵندمان لە هونەردا هەیە، بەڵکو ئەوەش دەخەمە روو کە چۆن ئەمڕۆ هونەری مۆدێرن، واتە هونەرێك کە تایبەتمەندیی سەدەی بیستەم و یەکەمین شەپۆل و دەرکەوتنی هونەری سبەینێیە، هونەرێکە کە بە شێوەیەکی نوێ هەوڵدەدات تا خۆی لە رۆحێکی هونەرییەوە نزیکبکاتەوە، کە رۆحی بنەڕەتی هونەری رۆژهەڵاتی بوو.

دووەم ئەوەی کە مەسەلەی هونەر، بە پێچەوانەی رابردوو، یەکێك لە لقە لاوەکییەکانی ژیانی ئاسوودەی هەندێك لە چینە ئاسوودە و دەوڵەمەندەکان نییە و بە پێچەوانەی سەردەمی رابردوو، ئەمڕۆ جدیترین و پێویسترین مەسەلەی مرۆییە کەلە دنیا و لە دنیای مۆدێرندا جێ باسە و سەرەڕای ئەوەش، لەچوارچێوەی بەرتەسکی کۆشکە ئەشرافییەکان و ژیانی دەوڵەمەندەکان دەرهاتووە و چووەتە ناو ناخی خەڵکەوە و گشتێتی پەیدا کردووە. بە پێچەوانەی ڕابردوو، دەسەڵاتی هونەری نوێ بە دەستی ئەشرافیەتەوە نییە- وەکو ئەوەی کە لە رابردوودا هەبوو- بەڵکو لە دەستی رۆشنبیرە ئازارچەشتوو و رۆشنەکانەوەیە. هونەر بە پێچەوانەی رابردوو ئامرازێکی کات رابواردن و چێژبەخشین بۆ ژیانە بەرتەسك وئاسوودەکان نییە، بەڵکو لە پێشەوەی فەلسەفەی ئەمڕۆ بەڕێدا دەڕوات و تەنانەت زیاتر لە ئەندێشەی ئەمڕۆش هەنگاو هەڵدێنێتەوە. ناسینی هونەر لەرووی بەرفراوانی مرۆییەوە کەهونەر ئەمڕۆ پەیدای کردووە و هەم لە رووی پەیامێکی جدی و زۆر باڵاوە کە هونەر ئەمڕۆ خەریکە پەیدای دەکات، بۆ ئێمە،کە بەستراوە بە هەر مێژوو و کەلتوور و سەرزەوییەکەوە بین ـــ بە هەر حاڵ لەم سەدەیەدا دەژین ــ زەرورەتی هەیە.

لەلایەکەوە، گەڕانەوە بۆخود و ناسینی خود، بە مانای بەرتەسك بوونەوە و دیل بوون نییە لە چوارچێوەکانی خۆماندا. بەڵکو کەسێك دەتوانێ (خۆی) بناسێ و لە هەمان کاتدا، دەتوانێ (ئەویتر)یش بناسێ. پەندێك هەیە کە لە بارەی زمانەوە دەوترێت و لەم بارەشەوە راستە کە دەڵێت: کەسێك دەتوانێ زمانەکەی بناسێ کە زمانێکی بێگانە بزانێت. لە بارەی ئەم مەسەلەشەوە هەر راستە: کەسێك دەتوانێ کەلتوورو مەزهەب و رەگەز و زەوقی مێژوویی خۆی بناسێ کە حەتمەن مێژوو، مەزهەب و زمانی ئەوی تر بناسێ. ئەمەیە کە هەموو هەوڵ و ئامانجی ئێمە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە لە هەمبەر دۆزینەوەی کەسایەتی ون بوو و سڕاوەی خۆمانە، ناسینی رۆژئاواو شەپۆلە نوێیەکانی دنیای ئەورۆ و شارستانییەتی ئەورۆیشە. هەر لە بەر ئەمەشە کە هەر کەسە و کەم وکورتی و ناتەواوی ولادان و پووچی خۆی دەخاتە مل رۆژئاواو دواجار خۆمانی لێ بێ بەری دەکەین! لە حاڵێکدا کە ئەم مەسەلەیە خراپ دەرخراوە. کام رۆژئاوایی وەهایە کە ئێمە خووی رۆژئاواییمان وەرگرتووە؟! ئەوەی کە ئێستا دەیبینین، لە بەر خاتری لاسایی کردنەوە لە رۆژئاوا نییە، بەڵکو لە بەر خاتری لاسایی نەکردنەوەیە لە رۆژئاوا، لە بەر نەناسینی رۆژئاوایە. لەبەرئەوەی کە ئەگەر لاسایی کەرەوەیەکی بەئاگای رۆژئاوا دەبووین، ئەگەریش رۆژهەڵاتی نەبووینایە، لانیکەم شێوە رۆژئاواییەك دەبووین، لانیکەم شتێك دەبووین. لە حاڵێکدا، کە ئێستا هیچ نین!

من ئەو خاڵانەی کە لێرەدا دەیانڵێم، لە ساڵی ١٩٦٢دا لە پێنج کۆنفرانسدا کەلە کلێسایەك لە پاریسدا گرتمن، گوتوومن. یەکێك لەو کۆنفرانسانەی کەگرتم، تایبەت بە رۆحی نەتەوەی ئێران بوو. یەکیان ژیانی پێغەمبەری ئیسلام بوو لە ژێر ناونیشانی (ژن لە چاو و دڵی موحەممەددا)،لە وەڵامی نووسەرێکی کاتۆلیکدا بوو کەژیانی پێغەمبەری بە شێوەی شانۆ دەرهێنابوو. یەکێکی تریشیان تایبەت بوو بە (هونەر لەچاوەڕوانی چاوەڕوانکراودا)، کە ئەم کۆنفرانسە دواتر لە تاران بەهۆی بەڕێزێکەوە وەرگێڕدرا، بەڵام لەبەر چەند هۆیەك ناتەواو بوو. لەبەر ئەوەی کە دواتر بیروڕام گۆڕا.



روانینم لە بارەی هونەرەوە لەم ساڵانەی دواییدا لە گەڵ ئەوەی کە لەوێدا گوتبووم گۆڕانی بەسەردا هات. ئەگەر چی ئەو بابەت و بۆچوونانەیش کە لەوێدا ئاماژەم پێداون لێرەشدا دەیانڵێم. ئەڵبەتە بەگۆڕانکاری لە نموونەکاندا، کە دەبێ لەگەڵ کۆبوونەوەکەدا بگونجێن.

ئەوەی کە حاشا هەڵنەگرە ئەوەیە کە لەم ناونیشانەوە وادەردەکەوێت کە من دەمەوێ بڵێم هونەر چەمکێکی (ئایینی)یە و حەقیقەتێکی باڵاو پیرۆزە کە رزگارکەری مرۆڤایەتییە هەروەها پەیامێکی میتافیزیکی وسەد لە سەد مرۆیی هەیە.

بەڵام مەزهەب و هونەر بەلارێدا براون، ئەویش نەك بە هۆی دوژمنەوە، لە بەر ئەوەی کە هیچ شتێك بە هۆی دوژمنەوە بەلارێدا نابرێت. دوژمن زیندوو کەرەوەی دوژمنە. بەڵکو ئەوەی کە فکرێك و مەزهەبێك لە ناو دەبات، هاورێ یان دوژمنێکە کە لە بەرگی دۆستدا خۆی نیشاندەدا. هەموو مەزهەبەکان لەناوەوە لە ناو براون و لەناوەرۆکەوە پەرپووت بوون. دەبینین ئیسلام لەسەردەمێکدا کە رووبەرووی قورەیش وەستابوو، لە حاڵی گەشانەوە و پەرەسەندن و بەرز بوونەوە و دەسەڵات و شانازیدا بوو، بەڵام کاتێك کە بوونە موسوڵمان وجل و بەرگی هاورێ و دوستیان لە بەر ، بووە شتێکی تر و بە گشتی رێڕەوێکی دژی پێوا. ئەوەیە کە مەسیحیەت، ئیسلام و ئایینی یەهود، هیچ کاتێك بە هۆی دژبەرانەوە، لە شەڕ و پێکدادان و ئاڵۆزییەکاندا، بێ هێز نە بوون یا بە لارێدا نەبراون، بەڵکو بەو شێوەیەی مەسیح دەڵێت: زانایانی جوولەکەن کە ئاینی جوولەکەیان بەلارێدا بردووە و دەبینین کە ((پاپ))یزمە ئاینی مەسیحیەتی بەلارێدا بردووە و دشبینین کە هەر خۆمانین ئاینی ئیسلاممان بەلارێدا بردووە.
هونەریش نە ئەفلاتوون و نە ئەوانە بێ هێزیان کردووە کە دژی شیعرو هونەرن، بەڵکو هونەر هونەرمەندە گەورەکانی مێژوو، هونەرمەندە گەورەکانی سەردەمی ئێمە بەلارێیاندا بردووە و بێ نرخیان کردووە. هەر مەزهەبێك دوای نشوستییەکەی و دوای ئەوەی کە رێرەوەکەی خۆی بە پێچەوانەی رەوتی سەرەتای هەڵدەبژێرێتەوە، بە هۆی کەسانێکەوە زیندوو دەبێتەوە کە خودئاگاییان هەیە و حەقیقەتی ئەو مەزهەبە دەزانن

ولادانەکانیان دیاریکردووە ولەم دوو گرووپەش نین (نە کۆمەڵێك کە باوەڕیان بە شتی بێ نرخ ولە ناو چوو هەیە و نە ئەو گرووپە نیوە ڕۆشنبیرەش کە هەر ئەم شتە بێ نرخ و لەناوچووەیان لاپەسەندە و دەڵێن کەمەزهەب هەر ئەمەیە و دواتریش دژبەرینی، بەڵکو کۆمەڵێك خود ئاگای تەواون کە دەزانن شتێکی تر بووە و بووەتە شتێکی تر). ئەم خودئاگاییبە لە شێوەی فکرێکی تر لە هەموو مەزهەبەکاندا دەردەکەوێت وئەویش باوەڕ بە رزگاربوونێکی رەها وشۆڕشگێڕانە و لە ناو بردنی گەندەڵی و ستەم و لادانە لەم مەزهەبەدا. ئەم رزگاربوونە بە ناوی (مسیانیزم) چاوەروانکراوەوە کە لەبنەڕەتدا بیرێکی شۆڕشگێڕانەیە، لە ناکاودا سەر هەڵدەدات و دواجار هەموو خوو، تەڵقین وغافڵ بوونەکان دەردەخات و رێگای راستەقینە ودروستی ئەم مەزهەبە دەردەخات و هونەر و مەزهەب دەخاتەوە سەر ئەو رێگا راستەی، کە رێگای یەکەمینیان بووە.

هونەر ئێستا لە وەها هەل ومەرجێکدایە. لە هەلومەرجێکدا کە خراپترین ئەرکەکان، ناپەسەندترین ودوژمنانەترین پەیامەکان لەجیهاندا، ئەمڕۆ دراونەتە دەست هونەر، لە حاڵێکدا پەیامی هونەر راست بە پێچەوانەی ئەوەیە کە ئەمڕۆ دەیکات. هەمیشەیش هەروا بووە. هەمیشە حەقیقەتێکی بالاً و جوانییەکی بالاً هەبوون کە خراپ کەڵکیان لێ وەرگیراوە و ساختە کراون. بەگوتەی مەولەوی (مەولانا)ئەگەر ببینن کەپارەی ساختە لەبازاڕدا رەواجی هەیە، دەبێ بزانن کە پارەکە ئاڵتوونە وپێشتر رەواجی هەبووە، لەبەر ئەوەی کە هیچ کەس پارەی ساختە دروستناکات. بەڵکو پارەی ئاڵتوونی ساختە دروستدەکات. خودی ئەم ساختەیە، خودی ئەوەی کە بە هۆی ئایین و مەزهەب، بە هۆی هونەرو فەلسەفەوە مرۆڤ غافڵ دەبێت، دەبێ ئەو باوەڕەمان تێدا بەدیبێنێ کە رێگای ڕابوون و خودئاگایی و رێگای بنیاتنەریی مرۆڤ هەر ئەمە بووە. ئەگەر حەقیقەتێك (ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگە. ئەوەی کە ئەمڕۆ لە نێوان من و هاورێکانم و ئەوانەی کە جیاوازی فکریان لە گەڵمدا هەیە، جێی باسە) کەوتە دەست دوژمن و ئەگەر حەقیقەتێك خراپ کەڵکی لێ وەرگیرا، دەبێ دەستی لێ بشۆین، یا بە پێچەوانەوە، خەباتکردن بەدژی ئەم خراپ کەڵك وەرگرتنە و چەك بوونی دوژمن لەو



چەکەی کە بە دەستیهێناوە، لەوەدایە کە ئێمە حەقیقەتەکە بپارێزین و بەرگری لێ بکەین. ئەگەر بەرەڵای بکەین، ئەو سەرکەوتووە و ئێمەش شکستمان خواردووە. یەکێکی تر لەو رێگایانەی خراپ کەڵك وەرگرتن، کە لە مێژوودا بەزۆری بەناوی مەزهەبەوە بووە و ئەمڕۆ بەناوی هونەرەوە ئەنجامدەدرێ ئەوەیە کە ئێمە دەبێ رێرەوی حەقیقەتی هونەر بناسین و بناسێنین و ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگە، لە بەر ئەوەی کە هونەری هەموو سەردەمەکەی ئێمەی داگیرکردووە ـ واتە سەدەی بیستەم ـ.

لە مێژووی هونەردا، ئەو مەسەلەیەی کە وەك بەستێنی هونەر باسی لێوە دەکرێت، جوانییە. من دەمەوێ بڵێم، کە ناساندنی جوانی وەك بەستێن و بنەڕەتی هونەر، راست نییە، بەڵکو وەك یەکێك لەو جێگایانەیە، کە هونەر دەبێت لێیەوە تێ بپەرێ و بگاتە قۆناغێکی بەرزتر. بەڵام ئەمڕۆ بۆ باس لە سەر هونەر، دەبێ جوانی بخرێتە لاوە، چونکە ئەمڕۆ هیچ بابەتێك لە مەسەلە هونەری، فەلسەفی و زانستییەکان، گرنگتر وگوماناوی تر لە حەقیقەتی جوانی نییە. جوانی بە پێچەوانەی مەسەلە میتافیزکی، مەزهەبی و ئاینییەکان، شیاوی رەتکردنەوە نییە — وەك ئەو مەسەلانەی کە کاتێك تێیان رادەمێنین، رەتیان دەکەینەوە ـ لەبەر ئەوەی کە هەیە. لەبەر ئەوەی کە هەموو مرۆڤایەتی لە ژێر کاریگەریدان و هەموو کەسێك هەستی پێدەکات و ئەگەریش جیاوازییەك هەیە، ئەوا لە جۆرەکانی جوانیدایە. ئەگینا سەبارەت بە جوانی لە ژیانی مرۆڤدا چ لە روانگەی منەوە و چ لەوەیدا کە سەیری دەکەم، هیچ کەسێك رەتی ناکاتەوە. لە لایەکیشەوە ناچارم شیبکەمەوە و خۆشی ناداتە دەست هیچ شیکردنەوەیەك.

لە سەردەمی ئەرەستۆوە، بەو شێوەی کەمێژوو دەڵێت، هەوڵدراوە تا جوانی وەك بابەتێکی زانستی و فەلسەفی شیبکەنەوە و چوارچێوەکەی دەربخەن، بەڵام هەمووی ئەم هەولاّنە باتڵ بوون و تا ئێستاش بە ناکامی ماونەتەوە. ئەڵبەتە هەر کەس و هەر یەکێك لەم تیۆرییانە، کومەڵێك پێرەویان هەن، بەڵام خودی ئەمەش هەر ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم باسە هێشتا نەگەیشتووە بە جێیەك. من ناتوانم لە بارەی بەشەکانی

قۆتابخانە هونەرییەکان وبەشەکانی ئەو تیۆرییە جیاوازانەوە قسەبکەم کە بەدرێژایی مێژوو، لە قوتابخانە جیاوازەکاندا لەبارەی جوانییەوە کراون، لەبەر ئەوەی مەجال نییە. بەدڵنیاییەوە (ناسینی جوانی و هونەر بەستراوەتەوە بەناسینی مرۆڤەوە، بەتایبەتی مەسەلەی هونەر زیاد لە هەمووان و زیاد لەهەمیشەش پەیوەستە بە رۆڵی مرۆڤ و ناسینی مرۆڤەوە. من تەنانەت لەمەسەلەی فەرهەنگ و شارستانیەتدا گوتوومە کە هەموو ئەو هەولانە کە بۆ پەرەسەندنی فەرهەنگ و کامڵ بوون وبەهێز کردن دەدرێن بە ناکامی دەمێننەوە، لەبەر ئەوەی کەسێك کە دەبێت لە شارستانیەت و لەم قاڵبە فەرهەنگییانەدا بژیت، ناسراو نییە و پێویستییەکانیشی دیار نین و ئەوەش مرۆڤە. بەتایبەتی هونەر زیاد لە هەمووان پێویستی بە ناسینی مرۆڤە، لەبەر ئەوەی کە بەزۆری، هونەر بەشتێکی دەروونی واتە سەد لە سەد مرۆیی دادەنێن. ئەوانەی کە زۆر بەرهەستانە(objective) بیردەکەنەوە، باوەڕیان وایە کە جوانی بریتییە لە: حەقیقەتێك کە بە گونجان لە "من" وشتی دەرەکی وکاریگەری دەرەکی بەدیدێت. بەم پێیە دەبینین کە بەرهەستیش نیوەیەکی تەواو دەرەکی و نیوەیەکی سەدلەسەد مرۆییە. بەم پێیە لە بارەی هونەر وجوانییەوە ناتوانین بە تەواوی قسە بکەین، مەگەر ئەوەی کە پێشتر لە بارەی مرۆڤەوە قسەیەك بکەین.

بۆچوونێك کە من لەبارەی مرۆڤێکەوە کە دیناسم هەمە، بەجۆرێکی جیاواز وتەنانەت لەرواڵەتدا، دژ بەیەك پەسەند دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە کاتێك دەڵێین مرۆڤ، لە گەڵ (بەشەر) دا جیاوازی هەیە، (بەشەر) کاتێك پێکهاتووە کەلە مەیمون جیابووەتەوە، لە گەڵ ئەوەی کە کلکی کەوتووە و لەسەر پێیەکانی وەستاوە بوو بە(بەشەر). مرۆڤی راستەقینە لەحاڵی بوون دایە، لە حاڵێکدا (بەشەر)بوونێکی دیاری کراوە کە دەکرێ لە بارەیەوە باسبکرێت و پێنج سەد هەزار ساڵیش پێشینەی هەیە.(بەشەر)ئەو حەقیقەتە نییە لەحاڵی بووندا، کە لە جۆری (بەشەر)دا، لە حاڵی بەدی هاتندایە. ئەو حەقیقەتە لە تایبەتمەندییەکانی ترە، کە لە قووڵایی بنەڕەتەکانەوە تا فەلسەفە مۆدێرنەکانی ئەورۆ هەموو بەشێوە و دەربڕینگەلێکی جۆراو جۆری



عیرفانی، فەلسەفی یا تەنانەت ماددی، قسەیان لێوە کردووە. ئەوەیە کە(موجود) هەبوویەك، بەڕادەیەك کەلە ناوەرۆکی سروشتەوە و بەئەندازەیەك کەلە ناوەرۆکی کۆمەڵگا و هۆزەکەی خۆی و بەئەندازەیەکی کە لە یاسافیزیۆلۆژیکی وماددییەکانی کە حکوومەت دەکەن بە سەر ئەم بوونەدا، جیادەبێتەوە، هەستی تەنیایی، هەستی ئازادی بە گوێرەی ئەم هەستە، دڵەڕاوکێ و هەوڵدان بۆ دووبارە پەیوەست بوونەوە بەوەی کە بەهەوڵ لەو پچراندن و تینوێتی و پێویستییە هەمیشەییە و ئیرادەی هەڵبژاردن وهەوڵدان بۆ تێ هێنانەوەی ئەو کەمایەتیانەی کە لەو دنیادا هەستیان پێ دەکات، بەدیدێن. بەهەشتێك کەمن دەیناسم١ بریتی بوو لەشتێکی دەرهەست (subjective) و پەیوەستە بەخودی مرۆڤیشەوە. لە چیرۆکی خوڵقاندنی ئادەم دا — بەو شێوەی کەمن تێی دەگەم — مێژوو پێشێل ناکرێ، مێژوو سروشتی نییە، بنەرەتێکی فەلسەفی رەمزییە کە دەیەوێ رێگای ئێستای مرۆڤ و ئەو لوغزە شیبکاتەوە، کە ئێمە ئێستا بەناوی مرۆڤەوە دەیناسین. ئادەم واتە (بەشەریەت)واتە مرۆڤایەتی، بەهەشت یانی چی؟ ئێستا مرۆڤگەلێك دەبینین کە لە بەهەشتدان و هێشتا دەرنەکراون و هێشتا لەبەهەشتدان.کێ لە بەهەشت دایە؟ ئەوەی کە هەستدەکات دنیا پڕە لە نیعمەت، دنیا پڕە لە چێژ و هەست بە تێر و پری و رازی بوون و تەواوی دەکات. ئەو کەسەی کە لە وێناکردنی ئەوەی کەچەند ساڵی تر مومکینە پەرلەمان یاسایەك پەسەند بکات کە ٢٥ تمەن بەمووچەکەی زیاد بکرێت و هەر لە ئێستاوە خۆشحاڵە، ئەوا لە بەهەشتدایە. ئەو هێشتا نەهاتووەتە دەرەوە(لە بەهەشت). کەسێك کە ئەو میوە یاساغەی نەخواردووە کە خوا گوتوویەتی (نەیخۆی) ئاسوودە و خۆشبەختە. مەگەر ئەو میوە یاساغە چییە؟ تەورات وقورئان هەردووك دەڵێن (بینایی وخود ئاگایی)من مرۆڤگەلێك دەناسم کە لە بالاترین ژوورەکانی بەهەشتدان. ئێمە مرۆڤگەلێکی بەهەشتی دەناسین، مرۆڤگەلێك کە چێژ لەم دنیایە وەردەگرن (مرۆڤگەلێك کە دەبینن ماستی تازەی مەڕ هاتووە و هەست بە چێژ دەکەن و هەر لەوێشەوە هەست بەبەهار دەکەن!) بەلام بەهەشتێك کە بەتەواوی (ئایدیالیستی و دەرهەستە) ئەویش ئەوەیە کەئێستا شتێك نییە، بەلام لە وەبیر هێنانەوە و گێڕانەوەی

ئەو داستانەی کە لە هەژدە ساڵ لەمەو بەر لە میوانداریيەکدا هەیانبووە وتێیدا خانم خۆرشتی فسنجانی{خواردنێکی ئێرانییە کە بە گوێزی هاڕاوە درووستدەکرێ} دروستکردبوو، کە مرۆڤ خەریك بوو پەنجەکانی بخوات. ئێستا دەیهەوێ پەنجەکانی بخوات! -چێژی وەبیر هێنانەوەی ئەو بیرەوەرییە — ....و دیارنییە لە هەڵکەوتێکدا کە لەو حاڵەدا بوو، لەوانەیە خۆی و هەرچییەك کە لە پێشی بوو، دەیخوارد؟

هێنری لوفور دەڵێت: مرۆڤەکان دوو جۆرن: هەندێکیان مرۆڤگەلێکی بەرهەستن (عەینی)، سەد لەسەد واقیع بین،رێك وپێك و ورد، کە هیچ دەردێکی بێ هۆیان نییە وسەراپا ئاوەزن. بەڵام کام ئاوەز؟ ئاوەزێك کە حوکم بە سەر دنیای ماددیدا دەکات. من یەکێك لەم مرۆڤانەم چەند ساڵ لە مەوبەر دیت، کاتێك کە لە رێستورانتێکدا بووم وخەریك بووم رۆژنامەی (لۆمۆند) م دەخوێندەوە. سەروتار، لێکدانەوەیێکی قووڵبوو لەبارەی بۆلیڤیاوە. کودەتایەك لەوێ کرابوو. لەو کاتەدا کەمن سەروتارەکەم دەخوێندەوە، ئەو هاورێیە لە گەڵ ئەوەی کە نانی دەخوارد، سەری دانەواندبوو کە لەژێر رۆژنامەکەوە، لاپەرەی سێیەم بخوێنێتەوە، کەلە لایەك لەلایەکانی رۆژنامەکەوە دەرهاتبوو. من سەرنجم نەدابوو. گوتم: کام لاپەرە دەخوێنییەوە؟ وتی لاپەڕەی سێیەم.لاپەرەی سێیەم لاپەڕەی ئابوورییە. واتە لاپەڕەیەك کە هەموو رۆژێك لیستی نرخی ئۆتۆمبیل و شمەکەکان وهەروەها سەرکەوتن ودابەزینی شمەکەکان، دەنووسێ. ئەم لاپەڕەیە بۆ بازرگان و سەرمایەدارە گەورەکانە. لێی پرسیم: تۆ ئیشت چییە، کە ئەم سەروتارە دەخوێنییەوە؟ خەڵکی بۆلیڤیای؟ گوتم نا، من سیاسەتمەدار نیم،خوێندکارێکی ئێرانیم، خەڵکی مەشهەد. گوتم: ئێوە چ دەکەن؟ گوتی: من خوێندکارێکی ئیسرائیلیم ومانگێ ٦٠٠ فرانك وەردەگرم و ژیان دەکەم. گوتم: چت بەو شمەکانەیە؟ ئەوانە هەرچی هەن با بن، گرانی وهەرزانی فرانك، پێوەندیان بە ئێمەوە نییە. گوتی: تۆ کە خەڵکی گۆشەیەکی تری دنیای و سیاسەتمەداریش نی، دەتەوێ بزانی چی لە بۆلیڤیا دەگوزەرێ، بەڵام من بە هەر حاڵ مرۆڤێکم و خەریکم بەم شەسسەد فرانك لێرە دەژیم. ئەم بەرزی ونزمییەی فرانك، لیرە و دۆلار لەم ژیانە



٦٠٠فرانکییەی مندا، کاریگەریان هەیە: جگەرە دەکڕم. ئەگەر بەهای فرانك بێتە خوارەوە، دوو فرانك دەبێتە دوو و نیو. نان دەخۆم، ئەگەر هەل ومەرجی فرانك، بەو شێوەیەی کەمن بە دوایەوەم بێت، ساڵێك کە تێبپەڕێ —واتە ساڵێکی تر- پێنج سەنت بەبلیتەکەوە زیاد دەبێت و ئەمانە هەموویان کاریگەری بەرهەستیان هەیە، لە سەر ژیانمان. بەڵام ئەوەی کەتۆ دەتهەوێ بەهیچ شێوەیەك کاریگەریەکی ئەوتۆی نییە. من تێدا مام! ماوەیەك سەیری یەکترمان کرد و لە چاوی یەکتریدا هەستماندەکرد کە چەندە بەلای یەکترەوە دەبەنگین!

بە گوتەی هێنری لۆفور، سێ سەرچاوە لە مرۆڤدا هەن، یەکێك عەقڵ ویەکێك دەرکە و ئەوی تر بیرکردنەوەیە. شتێك هەیە و ئەویش تێگەیشتنی منە، لە رەگەزی پەسەندکردن و ناسینی منە. عەقڵ بەم شێوەیە دەڵێت: (هەستی من وەها دەڵێت). مەگەر وەهانییە؟ عەقڵەکان جیاوازن وهەر کەسەو لە سەر بنەمای رەگەزێکی عەقڵی کە هەیەتی، دنیا دەبینێ و تەنانەت شتە ماددییەکان و رەنگەکانیش. بە دڵنیاییەوە لە روانینی عەقڵێکەوە کە لەگەڵ عەقڵێکی تردا نزیکایەتیان نییە، رەنگێکیش لەگەڵ ئەو رەنگەی کە ئەوی تر دەیبینێ، گونجانی نییە. جیهان بەو شێوەیە کە لە راستیدا هەیە نایبینین، بەڵکو بەو شێوەیە دەیبینین،کە لە راستیدا هەین. ئەم پێویستییە کە بەشێك لە زاتی مرۆڤە، لە فەلسەفەی خۆڵقاندنی ئادەمدا زۆر جوان و ورد شیکراوەتەوە: ئەو ئادەمەی کە هەموو شتێکی هەبوو، تێر بوو وهیچ پێویستی ودەردێکی هەست پێنەکردووە و هەموو چێژەکان و هەموو نیعمەتەکانیش لە بەر دەستیدا بوون! گوتیان (لەو میوەیە مەخۆ)بەڵام شەیتان هەڵیخەڵەتاند و چوو میوەکەی خوارد و یەکەمین رەنگدانەوەیەکیش کە تێیدا پەیدا بوو، تەواو ئاشکرایە. ئەو درەختە چییە؟ لە خوڕا راڤەکارە ئیسرائیلی و ئیسلامییەکان هەوڵدەدەن کە جۆرەکەی دیاریبکەن، کە ترێ یا گەنم یا شتێکی تر بووە! ئەوە ئاشکرایە،کە لە قورئاندا دەڵێت: لە دوای ئەوەی کە میوەکەی خوارد خودا هات بۆ لایان، دیتی کە نین، بانگی کردن، دیتی کە نایەن، گوتیان کە ئێمە لە رووتیی خۆمان شەرمان هەیە.

خودا تێگەیشت کە لەو درەختەیان خواردووە. واتە پێشتر رووتی خۆیان و پەستییان وهەل ومەرجی خۆیان _کە چۆنن _هەست پێ نەدەکرد و هەر لە بەر ئەمەش بوو کە خۆشبەخت و لە بەهەشتدا بوون. ئەم میوەیە لە تەوراتدا، ڕاست وراشکاو بە میوەی بینایی و ئاگایی ناوی لێنراوە، هەر بەم راشکاویەش لە قورئاندا هەیە و تەواو لە دەقەکەوە دیارە. لە گەڵ ئەوەی کە ئەم میوە یاساغە لە گەرووی ئادەم چووە خوارێ، بەهەشت لەچاویدا و لەهەستیدا گۆڕا بۆ دنیایەکی خاکی و پڕلە ڕەنج، کە کەمتر لە مرۆڤ ونیازی مرۆڤ بوو. ئەمە مانای تێکشکان و دابەزینە. بەهەشتی عەدەن لە سەر رووی زەوی بووە و ئەمەش زەوییە و ئێستا و هەمیشەش دەبینین کە مرۆڤەکان، بەو رادەیەی کە میوەی زۆرتریان خواردووە، خۆیان زۆرتر لە زەویدا، لە تەنگانە و کەمایەسی و رەنجدا هەستپێدەکەن و بەو رادەیەش کە کەمتریان خواردووە، ئارامی زیاتریان هەیە و لە چێژەکان زیاتر چێژ وەردەگرن و تێر دەبن و نیازەکانیشیان بە زوویی بەرهەڤ دەبن! ئەو پێویستییە بوو کە ئەگەر هەمووی بوون لە بەر دەستی برسێتی وتینوێتی ئەودا دابنرێت، لە گەڵ ئەوەشدا هەر هەست بە برسێتی دەکات.

یەکێك لە خزمەکانمان نەخۆش کەوتبوو. دەیگوت: لە چاویان بردووم. گوتم: بۆچی؟ تێگەیشتم کە شەش مانگ پێش دامەزرابوو و مانگانەکەی مانگی ٢٧٨ تمەن بوو. یەکراست هاتبووەوە و دراوسێ وخزمەکان لە چاویان بردبوو! کەسێك کە هەستێکی وەهای هەیە، چەندە دنیا بە پڕی دەبینێ وتا چ ئاستێك نیازەکانی بەرهەڤن. ئەمەیە کە دەڵێن "لە بەهەشتدا، بەیەك سەڵەوات هەرچی بوێت دێتە دەستی ".ئایا لەمە سادەتر دەبێت و قسەی لەمە راستتریش هەیە؟ میوەیەك کە ئەم ئادەمە خواردوویەتی (ئەم میوەیە یەکجار نەخوراوە،مرۆڤ بەردەوام لە حاڵی خواردنیدایە)بۆچی یاساغە؟ چونکە ئادەم لەو ئاسوودەیی وتێری و خۆشگوزەرانییەی دەکەوێت و لە دنیادا هەست بەکەمی دەکات ودیوارەکانی بوون بەرووی رۆحیدا بە تەنگی هەستپێدەکات و رەنجدەبات. ئەم دنیایە، بەئەندازەی پێویست ماددەی نییە کە بۆ هەمیشە رازیبکەن، هەمیشە لە حاڵی رۆیشتن، لە حاڵی هەول وکوشش ولە حاڵی کارو چاوەروانیدایە. تێر



نابێت و هەر کەسێك کە لەو میوەیە دەخوات و دەگات بە خودئاگایی زیاتر، پێویستی زیاتر هەستپێدەکات و هەڵچوونیش واتە ئەمە. چ کەسێك هەڵدەچێت؟خود ئاگا هەڵدەچێت، هەڵچوون لە بەرانبەر ئیرادەی خواوەند. ئیرادەی خواوەند چییە؟ ئیرادەی خواوەند یاسا گەلێکن کە لە مێژوودا هەن، ئیرادەی خواوەند یاساگەلێکن کە لە سروشتدا هەن، ئیرادەی خواوەند یاساگەلێکن کە لە خێڵ وکۆمەڵگای مرۆییداهەن، یاساگەلێکن کە لە فیزیۆلۆژی مندا، وەك مرۆڤێك وەك بوونەوەرێکی زیندوو لەم جیهانەدا هەن. کەواتە ئیرادەی خواوەند کە پێمان دەڵێ (لەو میوەیە مەخۆ) واتە لەم چوار شوێن و چوار جەبرو چوار زنجیرەدا، بمێننەوە. مرۆڤێك کە دەگات بە خودئاگایی، لە جەبری سروشت و مێژوو،کۆمەڵگا و خۆی ئازاد دەبێت، و ئەمەش هەر ئەوەیە کە هیگڵ دەڵێت: ئیرادەی رەهاو ئازاد لە یەکەمین بەند. ئەم قسەیەی "هیگڵ"ە، کە بەشێك بووە لەعیرفانی ئێمە و هەر ئەم قسەیەی "هیگڵ"ە کەمەزهەبەکەی ئێمە دەڵێت: بەرەو لای خودا دەگەرێینەوە. هەرئەم قسەیەشە کەمەزهەبەکەمان دەڵێت: مرۆڤم لە شێوەی خۆمدا خۆڵقاند و دەڵێت: کردمە جێنشینی خۆم لە سەر زەوی). واتە ئەم مرۆڤە، لە هەوڵەکانی خۆیدا، لەبەندی سروشت و یاساگەلێك کە سروشت بۆپێکهاتەکەی دەخۆڵقێنێ و دەیانخاتە ناو پێکهاتەکەیەوە و۔ لەو حاڵەدا مرۆڤ ئیدی گیانلەبەرێك و گیایەکە۔ هەروەها لە زیندانی مێژوو (بەو شێوەی کە هیستۆریزم دەڵێت: واتە هەر کەسێك بەرهەمی مێژووی خۆیەتی) ئازاد دەبێت. هەروەها تێزی زیندانی یاساکان و نەریتە کۆمەلاّیەتییەکان نیشاندەدەن کە هەموو مرۆڤەکان بەرهەمی هەل ومەرجی کۆمەلاّیەتی و یاساکان و پێوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانی خۆیانن، بێجگە لەو مرۆڤەی کە خەریکە بە خۆدئاگایی دەگات و لە زیندانی خۆی و جیهانە ماددییەکەی- واتە بەهەشتی ـ خۆی رزگار دەبێت. ئەم مرۆڤە بەو ئەندازەی کە بەخود ئاگایی دەگات ئازاد دەبێت و دەبینین کە ئەمرۆ دەگات.

دەبینین کە ئێمە خەریکە لە رێگەی تەکنیکەوە لە جەبری چواردەور رزگارمان دەبێ. بە هۆی ناسینی کومەڵناسی، خۆمان لە یاسا کۆمەلاّیەتییەکان سەربەخۆ

دەکەین و بەسەر کۆمەڵگادا زاڵدەبین. مرۆڤی ئەمڕۆ کۆمەڵگاکەی دەگۆڕێت وبنیاتی دەنێتەوە، لە حاڵێکدا کە مرۆڤی ڕابردوو، بەو شێوەیەی کە خێڵ و کۆمەڵەکەی دەیهەویست بنیاتدەنرا. هیچکەس لە خێڵدا بەم حاڵەتەی خودئاگایی نەگەیشتووە کە بتوانێ نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی بگۆڕێت، مەزهەبەکەی بگۆڕێت و لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ژیاندا گۆڕان بەدیبێنێ. وەها ناکات، لە بەر ئەوەی کە (من) بوونی نییە، مرۆڤی ئازاد و ڕەها بوونی نییە.

من، مرۆڤێك کە دیلی خۆیەتی، واتە تەواوی ڕەمەکەکان (غەریزەکان)، تەواوی ئەو ئارەزووانەی کە بۆ درێژەدانی ژیان، سروشت لە منیدا پێکهێناون و ئیرادەی منیان لە داوی ئەم جەبرانەدا بەند کردووە لە خۆم دوور دەکەمەوە دواتر ئەو مرۆڤە، واتە ئەو خود ئاگاییە ڕەهایە، واتە ئەو ئیرادەی هەڵبژاردنە، لە خودا نزیکدەبێتەوە. نزیکدەبێتەوە لە(بوونە خودا). ئەو مرۆڤەیە، کە بەو ڕادەیەی بە خودئاگایی دەگات، ئازادی هەستپێدەکات، جیایی هەستپێدەکات و دەگات بە تەنیایی. ئەم مرۆڤە تەنیایە کە جیهان بە کەم دەبینێت و ئەو تەنیایەیە کە شڵەژانی تێدا بەدیدێت و ئەو تەنیایەیە کە نیازە زەمینییەکان و سفرەی سروشتی، نیازەکانی تێر ناکات.

مرۆڤ قەت بەرەو بێڕەنگی ناڕوات و نابێت ئارەزووش بکات کە بگات بەبێ ڕەنگی. بێ ڕەنگی واتە مەرگ، واتە بوون بە گیا. مرۆڤ دەبێت ئارەزوو بکات کە ڕەنجە گەورەتر و بالاترەکان هەستپێبکات. چ کەسێك زیاتر شڵەژان وتینوێتی هەیە؟ نەك هەر کەسێك کە زۆرتری هەیە یا کەمتر. ئەمە جێگەی باس نییە، بەڵکو هەر کەسێك کە زۆرترو بالاتر پێویستی پێیەتی، زیاتریش پەشۆکاو و ئازارچەشتوو دەبێت. لە کۆنفرانسی مرۆڤناسیدا کە لە بەلجیکا بەڕێوە چوو، خاڵی کۆکی نێوان هەموو کۆمەڵناسەکان ئەوە بوو، کە سەدەی بیستەم ناو بنێن (سەدەی شڵەژان وبێ ئارامی). بۆچی؟ هەموو ئەو هۆکارە جیاوازانەی کەمن لە بەستێنەکان و لە بۆنە جیاوازەکاندا لێرە باسکردن، هەن، بەڵام ئەمە ڕەتناکرێتەوە کە مرۆڤی ئەمڕۆ ئاگاییەکی زیاتری هەیە و خود ئاگاترە لە مرۆڤی ڕابردوو.



بە وتەی دۆرکایم، لە مرۆڤی ئەوڕۆدا (من) بەدی هاتووە، واتە تاك لەودا هاتووەتە بوون. مرۆڤی ڕابردوو خانەیەك بوو لە پەیکەری کۆمەڵگا، مرۆڤی ڕابردوو بوونەوەرێکی زیندوو بوو لە هەناوی کۆمەڵگا و شیرەی ژیان وسروشتی تێدا دەگەڕا. بە هۆی ئەو شیرەوە بوو کە گەشەی دەکرد وپەروەردە و هێمن وئارام ورێك وپێك دەبوو. بەڵام مرۆڤی ئەمڕۆ تەنیایە،واتە چی؟ واتە لە حاڵی ئەوەشدا کە لە ناو هەموواندایە، تەنیایە. ئەم مرۆڤە پێویستی بە چییە؟ پێویستی بەوەیە کە پێویستییەکەی تێر دەکات، واتە دیاریدەکات کە دەبێت هەبێت، بەڵام نییە. ئەم نیازە بەردەوام لەودا زیاتر دەبێت. بەو ڕادەیەی کە بە ئاگایی وخودئاگایی وجیهان ئاگایی زیاتر دەگات و سەربە خۆ دەبێت و هەستدەکات کە سروشت ماڵێکە و تێیدا لەگەڵ گیا وگیانلەبەردا هاوپلەیە، بۆیە هەست بە کەمایەسی دەکات و نیازی ئەوەشی لا پەیدا دەبێت کە جیهان هەستپێبکات. هەرچی مرۆڤ تەنهاتر دەبێت، لە خۆیدا زیاتر نامۆیی هەستپێدەکات. ئەوەی کە کامۆ دەڵێت (بێگانە)، مرۆڤی ئەوڕۆیە کە لە گەڵ هەموو شتێکدا بێگانە دەبێت و ئەم بێگانەییە زیاتر لە هەموو کاتێك هەست بە پێوەندی و ئاشنایی دەکات وپێویستی بە ئاشنایی وخزمایەتی هەیە وجیهان زیاتر لە هەموو کاتێکی تر لە گەڵیدا بێگانەیە. ئەو لەناو خۆیدا و لە بیرکردنەوە قوولەکانی خۆیدا هەستدەکات. هەستەکەی ئەو کاتێك لەم جیهانەدا بەردەوام دەبێت و بە جێگایەك دەگات، کە ئیتر سنووری بوون تەواو دەبێت و بوون بە کۆتا دەگات، بەڵام هەستەکەی ئەو هەروا بەردەوامە. ئەوەی کە هەیە، لەگەڵ پێداویستییە مەعنەوییەکانی و ئەوانەشی کە لە سەرووی خۆیەوەن هەڵدەسەنگێنێ و دەبینێ کە کەم دەهێنێ و دواجار هەست بە غوربەت دەکات. ئەم کێشەی غوربەتە، کە هەم سارتەرو هەم کامۆ و هەم یاسپرس قسەیان لەبارەوە کردووە، کێشەیەکی میتافیزیکی نییە. لێرەدا هونەر دێتە بوون. زانست هەوڵی مرۆڤە بۆ ئاگا بوون لەوەی کەی هەیە. تەکنیك وسەنعەت بریتین لە: ئامرازی هەوڵی فکری مرۆڤ بۆ بوون بە خاوەنی هەرچی زۆرتری ئەوەی کە هەیە. بەڵام هونەر بریتییە لە: هەوڵی مرۆڤ بۆ بوون بە خاوەنی ئەوەی کەدەبێ هەبێ، بەڵام نییە. بەم پێیە، مرۆڤ

که هەست بە تەنیایی خۆی دەکات، بە هۆی هونەرەوە دەیەوێ ڕەنگی ئاشنایی لەم زەوی و ئاسمانە یا ئەو شتانە بدات کە لە گەڵیدا ناگونجێن، یا لەگەڵیدا بێگانەن، بۆئەوەی دەرکیان بکات. بەم پێیە کارێکی هونەر ئەوەیە کە لە دوای ئەوەی کە مرۆڤ بە ئاگاییەکی مرۆیی زیاترەوە، لە سروشت هەڵات و سروشتی لە گەڵ خۆیدا بە بێگانە دیت وخۆی لە سروشتدا بە غەریب دی، دێتە یارمەتی تا هەستی غوربەتی تێدا بهێنێتە خوارێ. چۆن؟ مرۆڤ دیواری ئەم زیندانە بە شێوەی ئەو ماڵە دەرازێنێتەوە،کە ئارەزوو دەکات هەبێت، بەڵام نییە. ئەم شتانە، ئەم ئاسمانە و ئەم ئەستێرە وکێوانە دەرك ناکات. ئەو لە نێو تەواوی ئەم شتە بێگیان وکوێرانەدا، بەتەنیایی ماوەتەوە. هونەر هەموو ئەم شتانە والێ دەکات کە هەستیانپێبکرێ. شیعری ئێمە، نموونەیەکی تەواوە، زۆربەی شیعرەکانی ئێمە کاریان ئەوەیە کە شاعیری تەنیا بخەنە ناو کۆمەڵەوە. ئەو تاکەی کە تەنیایە بە مۆمێك، پێکەوە هەڵکردن وهاورەگەزی پەیدا دەکات. هونەر مۆم دەگۆڕێت بۆ ئاشنایەك کە ون بوونی ئەو هەستپێدەکات. هونەر هەڵاتنی خۆر وەك سووڕانی زەوی و ئاسمان کە خۆر تێیدا دەردەکەوێت وەسفناکات- کە نیازی ئەو بەدی ناهێنێ— بەڵکو وەك پەیامێکی ئاشنا کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دێت وەسفیدەکات. لەم فێڵە هونەرمەندانەیەدا، هەستی بێگانەیی و دووری لە شتەکانی سروشت، دادەبەزێت. هونەر کارێکی تر کە دەیکات، پێکهێنان وخۆڵقاندنی شتێکە کە لەم ژیان وسروشتەدا نییە. بەڵام من پێویستمە کە هەبێت.

هونەری کۆن، لە ئاستی لاسایی کردنەوەی سروشتدا هێڵرابووەوە. بەو شێوەیەی کە ئەفلاتوون گوتبووی، هونەر لاسایی کردنەوەی سروشتە. ئەگەر هونەر لاسایی سروشتە، قسەکەی ئەفلاتوون ڕاستە: کەواتە هونەر یارییە، فێڵ ودرۆیە، لە بەر ئەوەی کاتێك مرۆڤ شتە ڕاستەقینەکانی لەبەر دەستدان چ پێویستی بەوەیە کە نارەسەنەکەیان دروستبکات. خۆ ئەگەر ئەمە بکات! ئەوا ئەم مرۆڤە تێکەڵی کردووە. کاتێك کە ئاو هەیە، ئیدی ساختەکەی بۆ چییە؟ ئەفلاتوون ڕاست دەڵێ کەهونەر یارییە و بێ سوودە. بەڵام من ڕاست بە پێچەوانەی تێدەگەم. هونەر ڕاست



لاسایی ئەو شتانەیە کە لەسەرووی هەستەوەن، میتافیزیکە. تا سروشت لەسەر شێوەی ئەو برازێنێتەوە، یان لەسروشتدا ئەوە دروستبکات کە دەیەوێ، بەڵام دەستی ناکەوێ. دواجار هەستی پێویستیی مرۆڤ و نائارامییەکەی و تەنیاییەکەی و مەزنتر لە هەمووان، پێویستی بە کامڵبوونەکەی واتە دوور کەوتنەوە لە کۆت و بەندە ماددییە هەستپێکراوەکان، بەدیبێنێ.

ئەوەیە کەهونەر ئەو ئەمانەیەیە کە خوا داویەتی بە مرۆڤ. دای بە هەموو زەوی و ئاسمان وکێو و دەریاکان، بەڵام هیچکامیان هەڵیاننەگرت. مەبەست ئەوە نییە کە وەستا و وتی ئەی (کێوو ئاسمان، ئایا دەتانەوێ؟) دواتر گوتیان نەخێر و پاشان مرۆڤ هەڵیگرت! بەڵکو واتە،کێو و دەریا خاوەنی توانای داهێنان و هەستی ئاگایی نین و پێویستیان نییە بە زیاترلەوەی کە هەیە و ناتوانن هەستیش بکەن. نە پێویستیان پێیەتی، نە پەرۆشن، نەدەردمەندن و نەدەتوانن دایبهێنن. ئەوە مرۆڤە کە هەڵی دەگرێ.چ شتێك؟ لێهاتووییەك کەدەتوانێت هەستیپێبکات و دەتوانێت هەڵیبژێرێت و دەتوانێت بیخوڵقێنێت. ئەمەیە کە گوتمان هونەر دەرکەوتنی دەسەڵاتی خۆڵقاندنی مرۆڤە لە تێهێنانەوە و ڕازاندنەوە و بەردەوامی بوون.

(بوون) مەبەست لە هەموو شتێکە، هەم بوونی سروشتی، هەم بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەم بوونی ئەندامیی و هەم بوونی ئاست و سنووری مرۆییمان. هونەر دەرکەوتنی خۆڵقێنەریی مرۆڤە لەم بەردەوامی بوونەدا- کە دەرکەوتنی خۆڵقێنەری خودایە — تا سروشت و بوون بەو شێوەی کە دەخوازێت و نین، برازێنێتەوە، یا ئەوەی کە دەیەوێ و نییە، دروستبکات. ئەمەیە کە هونەر، بەو شێوەیەی کە هیگڵ دەڵێ بە درێژایی مێژوو، خەریکە لە بەرهەستییەت و ماددیەتەوە بەرەو دەرهەستی و بەرەو ماقووڵ بوون، عەقڵی بوون و زەینییەت، هەنگاو دەنێ و بەرەو کامڵبوون دەچێ. مەبەست لە زەینییەت(دەرهەستی بوون) ئەو ئایدیالیزمە بۆرژوازییە نییە کە لە زەینی ئێمەدایە و هەمووش مەحکوومی دەکەین و کارێکیشمان بە فەلسەفەکەیەوە نییە. ئەو دەڵێ (هیگڵ)کە دنیای بوون سەرەتا ڕۆحێکی موتڵەقی ناخودئاگا بوو، پاشان چووە ناو سروشتەوە. دواتر ئەو ڕۆحە کامڵتر بوو، تا گەیشت بە مرۆڤ. دواتر

مرۆڤ خەریکە بە خودئاگایی دەگات و هەرچی زیاتر بەم خودئاگاییە دەگات، دەتوانێت هەست بە شتە موجەرەدەکان بکات و خۆیشی هەستپێبکات، چونکە خۆیشی موجەرەدە. هونەر واتە بوون بە موجەرەد و هەستپێکردنی، واتە گەیشتنی ئەو رۆحە رەها و ناخودئاگایەی مرۆڤ بە خودئاگایی، واتە خودا ناسین. دەبینین وەهاشە. لە نموونەکانی خۆماندا چاو لە(مەنوچەری — فەرۆخی و روودەکی) بکەن: ئارەزوویان، ژیانیان،ئایدیالیان ونیازەکانیان، هەموو بەرهەست ومادی و مەوجودن. هۆی ئەمە چییە؟ هۆی ئەمە نەبوونی ئەو شتەیە کە هەیە، لە حالێکدا دەردی مەولەوی نەبوونی ئەو شتەیە کە نییە:

**گفتند: یافت می نشود جستەایم ما      گفت: انکە یافت می نشود انم ارزوست**

هونەر درێژەی ئەوەیە، سەنعەت درێژەی ئەمەیە. سەنعەت هەوڵدەدات تا مرۆڤ بگەیەنێت بەو شتەی کەلە سروشتدا هەیە و دەستی مرۆڤی ناگاتێ. راست بە پێچەوانەوە، لە هونەر دا —بەو جۆرەی کە گوتمان- مرۆڤ بە دوای ئەو شتەدا دەگەڕێ کە نییە. دڵەراوکێش لێرەوە سەرهەڵدەدات و ئەو شکستەی کە سارتەر لە کتێبی (ئەدەبیات چییە؟) دا باسی لێوە دەکات ئەمەیە: کە ئەگەر شیعر پەیامی هەبێ شکستی خواردووە، چونکە هەرچی هەوڵدەدات و هەرچی دروستدەکات و هەرچی زیاتر بەرەو کامڵتر بوون دەڕوات، هەستدەکات کە لێی دوورکەوتووەتەوە. لە بنەڕەتیشدا، مەکینەی کامڵبوونی هونەر ومرۆڤ هەر ئەمەیە. مەنوچەری، خۆشەویستییەکەی لە ئاستی بابەتێکی بەرهەستدایە، کە بچووکترین هەستی مرۆیی تێیدا دەر نەکەوتووە، هەر لە بەر ئەمەشە لە خوارێیە و راست (بەهەشتی)شە:

**صنما بی تو دلم هیچ مدارا نشود      اگر امروز شود بی شك فردا نشود**

پاشان دەگەین بە سەعدی و ئینجا بە حافز ومەولەوی(مولانا)، کە چیرۆکی هەست ودەرکەوتنی رۆح لە موجەرەدییەکی مەزندا دەگوزەرێت، کە دنیای باڵایە و وەهمی تێدا نییە. تەنانەت دیاریکردن وبەرهەستییەت وماددییەت لەوێدا نین. هەندێ کات مرۆڤ کاتێك کە دەیەوێ ئەم بابەتە ببینێ و هەستیپێبکا، دەبینێ راست وەك شێوەی



عەقڵێك و رۆڵی خۆشەویستی و خودی هەستی لێ هاتووە. لە بنەڕەتدا هەندێك کات دەرك پێ ناکرێ و ناتوانین تێبگەین:

"ئاخر بەچی بڵێم کە هەیە،لە بەر ئەوەی کە هەواڵم لێی نییە"

ئەمە لەبارەی خوشەویستی ئاسمانی نییە، ئەگەرچی بە شێوەی موجەرەد و باڵا دەرهاتووە و ئیدی لە گەڵ یەکتردا هەڵە دەبن. چونکە سنوور تایبەتە بە بەرهەستییەتەوە. ئەم جیاوازییە کە هەمیشە "دەڵێن ئایا مەی یەکێتی(وحدت) بووە یا مەی ترێ، ئەمانە قسەگەلێکی بێ سوود بوون. مەسەلەی رۆیشتنە بۆ موجەرەد بوون. لە حاڵەتی موجەرەدیدا ئیتر ئەم دابەشکردنانە نین، لە هەستدا ئەم دابەشکردن و سنوورانە نین. ئەوە مەنوچەرییە کە کاتێك قسەدەکات،مەبەستی هەمان مەیە کە لە پێدا هەڵگوتنەوە وەرگیراوە و روونە دوای ئەوەی کە پیر دەبێ و دەبێت بە مەزهەبی، ئیدی روونە کە مەیەکەی مەیەکی ترە و خۆشەویستەکەشی خۆشەویستێکی ترە. لەم هەستەدا کامڵبووە و بەرەوموجەرەدبوون دەڕوات. ئەم باسانە باسگەلێکن، کە شایستەی بەرهەم و ژیانی مەنوچەری و فەروخین. هەستی موجەرەد دەگاتە ئێرە، کە دەڵێ:

**اخر بە چە گویم هست، از وی خبرم چون نیست      واز بهرچە گویم نیست، با او نظرم چون هست**

بە تەواوی، لە حاڵەتێکی دەرهەستدا و لە دەروونێکی مرۆیی جیا لە سروشت و ماددیاتە بەرهەستەکاندایە، تادەگات بەم شیعرە،شیعری نوێ، شیعری مۆدیرن. قەت لەو چوارچێوە دیاریکراوانەدا کە دەیانبینین و هەستیان پێدەکەین و دەیانناسین، لە دارو ئاسمان و زەوی کەباسیان لێوە دەکەین، نە ئەو ئاسمانەیە و نە ئەو زەوییەیە و نە ئەو رەنگەش. هاوڕێی ئازیزم د. موختاری، کتێبێکی وەرگێڕابوو،وەرگێڕانەکەی دا بەمن وخوێندمەوە. لەم رۆمانە نوێیەدا، تەنانەت رۆمانێکی نوێش کە دەڵێین پڕە لە وەسفی شتەکان.٢ دەڵێت: بە پێچەوانەوە، ئەم شتانە هیچ کامیان، لەو شتانە نین کە لە دەرەوە هەن. دەڵێ: دارێك کەمن باسی لێوە دەکەم،ئەو درەختە نییە کە لەباغدا رواوە، بەڵکو دارێکە کە لە دڵی مندا هەیە ومن وەسفیدەکەم. فلاَن مرۆڤ کە من

باسی لێوە دەکەم، جیا لەو مرۆڤەیە کە ژیاننامەنووس یا دوکتۆر باسی لێوە دەکەن. مرۆڤێکە کە لە وێناکردنی مندایە. بەم پێیە من ئەوانە بەجۆرێکی تر دەبینم وبەجۆرێکی تر مانایان دەکەمەوە و بەشێوەیەکی ترن بۆمن.

هونەر بەردەوام بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئەرەستۆ دەڵێت، لەو هەوڵەدا بووە، کە لە کۆت و بەندی ئەوەی کە بەرهەستە وبابەتی زانستە، بێتە دەرەوە و مرۆڤ بێنێتە دەرەوە. هونەری مرۆڤگەرایانەی یۆنانی کۆن، زیاتر لەسەر بنەمای جوانی ئەندام، جوانی واقعیەت، جوانی دەشت و کێو وجوانی ئەندامی مرۆڤ وەستاوە، بەلاَم بەدرێژایی مێژوو هەر کاتێك کەهونەر ئازادانە دەرکەوتووە و دژ کردەوەی فیزیۆلۆژی نەبووە، هەوڵیداوە خۆی لە کۆتو بەندەکان دەربێنێ. تەواوی ئەو بزووتنەوە هونەرییانەی کە بە هۆی هونەرمەندگەلێك کە خاوەنی هەستی میتافیزیکین یا ئەو هونەرمەندانەی کە هەستێکی وەهایان نییە، بەدیهاتوون، هەوڵیان ئەوە بووە کە هونەر وەك ئامرازێك بۆ وێنەکێشان و وەسفکردنی واقعیەت، یا بۆ دیاریکردنی مرۆڤ لە چوارچێوەی خۆیدا،پێك نەهێنن، بەڵکو وەك بانگێشتێك و داهێنانێك و خۆڵقاندنێکی خودایی لە بوون و لە کاملکردنی هەست وزات و بوون وحەقیقەتی مرۆڤ، بەکار ببەن. بۆ نموونە، کاتێك کەسەیری بەرهەمەکانی پیکاسۆ دەکەین، وەهان. ئەمرۆ هیچ کەسێك نییە کە شفتییەك بکێشێتەوە و زەینی مرۆڤ بکەوێتە سەر ئاو. وەها بزووتنەوەیەك، بزووتنەوەی هونەری نوێ نییە. وێنەکێشێك تابلۆیەکی لە ترێ کێشابووەوە و ببووە باو کە دەیانگوت،هەر کاتێك کە نیشانیان دەدا، مریشکەکان دەهاتن ولێیان دەخوارد، ئەمە نیشانەی ئەو پەری سەرکەوتنی هونەری ئەم وێنەکێشەیە. بەلاَم ئەمڕۆ ئەم سەرکەوتنە لە وێنەکێشاندا نییە. بەگاڵتەوە دەڵێ: کەئەگەر من هونەرمەند دەبووم و هونەریش ئەو هێزەی دەبوو، ئەوا من ئەم تابلۆیەم دەدایە دەست منداڵێك کە بیبات، تامریشکەکان نەتوانن ترێیەکە بخۆن! دەڵێ هەموو بەرهەمە هونەرییەکان لە سەر بنەمای رۆیشتن لە بەرهەستییەت ومادییەتەوە بەرەو موجەرەد بوون وزەینییەت،پلە بەندی دەکەم: لە هەمووان مادیتر پەیکەرە، کەهەم بێ گیان وهەم سێ رەهەندی تەواو ماددی هەیە. کاملتر لەو وێنەکێشانە. بۆچی کاملترە؟



چونکە لە رەهەندێکەوە ناتەواوترەو دوو رەهەندی هەیە. بەرادەیەك کە رەهەندێکی کەمتری لە سروشت هەیە و لێهاتووییەکی نزیکتری لە زەینییەت هەیە. هەر لە بەر ئەمەشە کەئەمڕۆ لە وێنەکێشاندا مرۆڤگەلێکی وەك پیکاسۆمان هەیە. بەلاَم لە پەیکەرتاشیدا هێشتا وەها لێهاتووگەلێك نەیانتوانیوە بەدیبێن، لەبەر ئەوەی ئەوان لەسێ رەهەندی ماددیدا، تووش بوون.

سەما لە حالێکدا کە هونەرێکی کلاسیك و هونەرێکی بەرجەستەشە، لە هەمان کاتدا ئەم بەرجەستەییانە، گونجاون لەگەڵ ررۆح و هەست ودەرکدا و بەم پێیە دەتوانێ نوێنەری رۆحی مرۆڤ وتەجەرودیش بێت. مۆسیقا تەنیا وتەنیا رەهەندێکی هەیە، ئەویش کاتە و شیعر موجەرەدی رەها و تەواوە. ئەمەیە کە دەبینین ئێمە لە شیعردا توانایی ئەوەمان هەیە، کەماناکان لەوپەڕیی بالآیی خۆیاندا دەربڕین کەلەبەرهەمەکانی تردا نین.

ئەمڕۆ پەیکەرتاشی، کە ماددی ترین دەرکەوتنی هونەری کۆن و نوێیە، ئیتر وەکو رابردوو هەوڵنادات تا پەیکەری قارەمانێك چێبکات، یا وێنەکێشێك وێنەی پیاوێك یا ژنێك یا کێوییێك بکێشێت. ئەمڕۆ پەیکەرتاش بە بەرد جەستە دروست ناکات و وێنەکێشیش بە رەنگ روومەت ناکێشێتەوە، بەڵکو بە رەنگ و بەرد قسە دەکەن. ئەمڕۆ ئێمە دەبینین کە هەندێ لە بەرهەمەکانی پەیکەرتاشی و وێنەکێشان، کەخودی خۆمان چاکتر لەوان چاك دەکەین، نایانەوێ "بۆنموونە" کەپوو وەك کەپووی راستەقینە دەربێنن! کەپووی راستەقینە "خۆی" نرخی چەندە کەئەم بیەوێ ناراستەقینەکەی دروستبکات. ئەمە مرۆڤێك دروستدەکات — وەك ئەوەی کە پیکاسۆ دروستیکرد- کە چاوێك لە ناوەڕاستی تەوێڵی دایە. دەیەوێ چی بڵێ؟ دەیەوێ قسە بکات. هونەرمەند نایەوێ بەو جۆرە خۆی بنوێنێ کە هەیە. بەڵکو دەیەوێ بڵێ (مرۆڤی ئەوڕۆ بووەتە یەك رەهەندی). دەیەوێ ئەمە بڵێ. ئەمڕۆ پەیکەر،پەیکەری مرۆڤەکان نییە، پەیکەری مرۆڤایەتی دروستدەکرێ، وێنەکێشی ئەمڕۆ —پیکاسۆ — وێنەی شەڕ و ئاشتیی لە سەر دیواری یۆنسکۆ نەکێشاوەتەوە، بەڵکو وێنەی فەلسەفەی شەڕ و ئاشتی کێشاوەتەوە و قسەی لێوە کردووە. ئەو

مەسەلەیەی کەمن لەچوارچێوەی وشەکانی (شەڕ) و (ئاشتی) دا وەك مەسەلەیەکی مرۆیی باسی لێوە دەکەم، ئەو بە فلچە قسەیان لە بارەوە دەکات، نەك ئەوەی کە وەکو وێنەگرێك وێنەکەیمان پێ بداتەوە.

ژێرژ سواری یەکێك لە ئیمپرسیۆنیستە گەورەکان، کەتەنانەت سەرچاوەی ئیمپرسیۆنیزمیشە،دەڵێت: من لەوانەیە ئەسپێك بکێشمەوە، بەلاَم ئەوئەسپە نییە کە لە بیاباندایە. ئەمە ماناو چەمکی ئەسپەکە دەردەبڕدرێ، نەك هەیکەڵی ئەسپ کە بەرجەستە بووە.

هەر ئەم ئیمپرسیۆنیستە دەڵێت: (ئەوانەی کەمن لە تابلۆی (دورگە)دا نیشانم داون، کەسانێك بوون چەمانەوەکانی لاشەیان لەخاڵگەلێکی بچووکی زۆر پێکهاتبوون وبێجگە لە شێوەگەلێکی زەینی هیچی ترنەبوون. ٣ تابلۆ و رەنگەکانمان روونـاکتر لە رەنگی تابلۆکانی مانەوپیسارۆی ئیمپرسیۆنیست بوون. ژیانێك کەتابلۆکە نیشانیداوە، ژیانی هیچ نەتەوەیەك نەبوو. رووناکییەکی سەرسوڕهێنەر لێیەوە دەدرەوشایەوە، بەلاَم رۆح وزات ونەفس لێی بێگانە بوون. جوولاَن بەگشتی لێی دوور خرابووەوە. لە ئیمپرسیۆنیزمدا، دیمەنێکی تێکەڵ و پێکەڵی لە بەر هەتاو، بریتی نییە لە زەوییەك کە هەتاوی راستەقینە لێی دەدات، بەڵکو لە ئاستی ئەوەدایە کە ئەو چۆن خۆر دەبینێ. یا پێویستی بە جۆرە هەتاوێکە کەلە بەر ئەوەی نییە، دەیخۆلقێنێ. دارگەلێکی نەناسراوی تێدا دەبینران، هەروەها گیانلەبەرانێکیشی تێدا دەبینران کە فۆریە،گیانەوەرناسی بەناوبانگ، لەخەیاڵیشیدا وێنای نەدەکردن. ئەمە مانای خۆلقاندنە لە (نەبوونەوە بۆ هێنانە بوون). پەیامێکە بۆ خودا و هونەر، واتە دەرکەوتنی خوایی هونەر. سنوورەکانی گوگن سنوورگەلێکن کەگوگن خۆلقاندوویەتی:

دەریایەك دەبینرا کە دەتگوت لە لێواری بورکانەوە دەرهاتبوو، ئاسمانێك کە چاوی هیچ کەسێك نەی دیتبوو پیاوگەلێکی دڕندە، واتە بێگانە، واتە نەبوو و بەشێوەگەلی سەیرو سەمەرە، ئەمە دەیهەوێ باسی مرۆڤ بکاو گوگن بەدوای ئەم مرۆڤەدا دەگەڕێ.



نییە، دروستدەکات. هەمان ئەو مرۆڤەی کە مەولەوی بە دوایدا دەگەڕێ، هەمان ئەو مرۆڤەی کە هەر مرۆڤێك بەدوایدا دەگەڕێ. ئەو لە رێگەی عیرفانەوە دەگات بەخۆر، ئەم لە رێگەی وێنەکێشانەوە دروستیدەکات. ئەم مرۆڤە، بەشکلێکی سەرسوڕهێنەر رەمزی بێ کۆتایی لە چاوە سادە و بێ گوناهەکانی خۆی نواند. پەردە خەیاڵییەکان بەڕەنگی سوورو وەنەوشەییە تۆخەکان وێنە کێشرابوون و هەرکامەیان مانایەکیان دەگەیاند، بەجۆرێك کەلە هیچ پەردەیەکدا نەبوو. دیمەنگەلێکی سەرسورهێنەر کە تێیاندا گیانلەبەرەکان و گوڵە وەحشییەکان لەژێر تیشکی خۆری گڕاویدا پەروەردە ببوون. چ گوڵێکن کە لە ئاگردا پەروەردە دەبن ودەپشکوێن؟ ئەمە قسەکردنی وێنە کێشانە، کە ئەمڕۆ هیگڵ دەڵێت ماددییە وهەمیشە دەبێ لە بەندی سروشتدا بمێنێتەوە، لە حاڵێکدا تەنانەت گەچ و بەرد بە فەرمانی هونەر لەژێر پەنجەی هونەردا دەگۆڕێن بۆ ماناو هەست وعەقڵ وموجەرەد دەبن.

ئەمڕۆ کاتێ پێ دەنێینە ناو فەلسەفەوە، هایدیگەر دەبینین، کە سەرنجی مرۆڤ و زاتی حەقیقی مرۆڤ دەدات، کە زانست هەمیشە لێی غافڵ بووە — چونکە هەمیشە سەرنجی سروشتی داوە و لێی کۆڵیوەتەوە. یاسپرس هێرش دەکاتە سەر زانست — زانستێك کە مرۆڤ لە گەڵ خۆیدا بێگانە دەکات — تاخودی مرۆڤێك لە ناوەروکی ئەو سروشتە جیابکاتەوە کە تەنها زانست وسەنعەت لەگەڵیدا دەستی هەیە ومرۆڤ بە تەنیایی ماوەتەوە.

سارتەریش ئەم تەنیاییە هەستپێدەکات و جیهان بەبێ مانا تێدەگات و دەڵێت: مرۆڤە دەبێ بە بیرکردنەوە ئیرادەی خۆی بنیاتبنێتەوە و "کامۆ"یە کە دەڵێت: لە گەڵ ئەم تاعون و بێگانەییەی مرۆڤ لەم جیهانەدا، میحرابێك کە لوکرس باسی لێوە دەکات هەر ئەم دنیایەیە.

بۆ کێ؟ بۆ کەسێك کە گەیشتووە بەو خودئاگایی وتەنیاییە. ئەو تاعون وئەو بێگانەییە هەیە و لە ژیانی ماددیدا بە پووچی دەگات؟ کێ؟ مرۆڤ. کام مرۆڤ؟ مرۆڤێك کە تا ئێستا بەردەوام لە سەدەکانی ١٧و١٨و١٩دا بۆرژوازی دەیویست

فەلسەفەی بەهەشت سازیی لە دنیادا، بۆ بکات بە فەلسەفەی حەقیقەت پەرستی وجیٚ نشینی دین و فەلسەفە. بورژوازی لە بیری نەبوو کەمرۆڤ ملیۆنەها ساڵ پێش لە بەهەشتێکدا کەخودا دروستیکرد و بەردەوام هەموو شتێکی لە بەر دەستدا بوو، بە دژی هەستایەوە. ئەدی چۆن لە بەهەشتێکدا کە بۆرژوازی دەیەویٚ لە ژیاندا، لە کات ولەسەر زەوی بنیاتی بنیٚ، مرۆڤی ئاگا -مرۆڤێك کە گەیشتووە بەم خودئاگاییە میتافیزیکییە- دەتوانێت هێمن بێت و بیٚ دەنگ دانیشیٚ؟ رادەپەرێت، هەڵچونێك کە ئەمڕۆ دەیبینین، مرۆڤی خۆشگوزەران دەیکات، راست هەمان ئەو راپەڕینەیە کە ئادەمی خۆشگۆزەران لە بەهەشتدا کردی. مرۆڤی ئەمڕۆ بە خودئاگایی دەگات و رادەپەرێت و هەر مرۆڤێك ئەگەر چی لەبەهەشتی خودایی و(عەدەن)یش دابێت، ئەگەر بە خودئاگایی بگات هەڵدەچێت. لە بەرمبەر هەرچییەکدا کە هەیە، لە حەسرەت وهەوڵ وخۆشەویستی گەیشتن بەوەی کە دەبیٚ هەبیٚ، ئەمەش یاسای مرۆییە.

دواین بابەت کە دەمەویٚ باسیبکەم ئەوەیە- بەو جۆرەی کە دەیبینین هونەر- هاوشانی فەلسەفە ومرۆڤی خۆشبەختی ئەمڕۆ - بە پێچەوانەی دەورەی مرۆڤگەرایی یۆنان و مرۆڤگەرایی سەردەمی رێنسانس- کە رۆیشتن بەرەو چێژو نیشاندانی جوانییەکانی سروشت وئاست و سنووری جەستەی مرۆڤ ونیشاندانی جوانییە مرۆییەکانە و لە چوار چێوەی بەرهەستییەت و واقعیەتدا ماوەتەوە- هەڵچووە. هەڵچوون لە کۆت و بەندی بوون. بوون وبەرهەستییەت، نەك نوقمبوون لە وەهمەخورافییەکان. بەڵکو بەردەوامبوونی مرۆڤ لە رێڕەوی سروشت و واقعیەت و کامڵبوون لەرووی پایەکانی واقعیەت وبەرهەستییەتەوە. وەستان لە بەرهەستییەت و لە واقعیەتدا، نەك سارد بوونەوە لێیان، کە ئەوە وەهم پەرستییە.

ریالیزم واتە مانەوە لە چوارچێوەی ئەوەی کە هەیە و ئەمەش هێشتنەوەی مرۆڤە و ئەمە لەگەڵ مرۆڤی هەڵچوو وبەردەوام تینوودا ناگونجێت. بەو شێوەیەی کە ئایدیالیزمی وەهمی، خیانەت بە مرۆڤە.



هاوشانی فەلسەفە و مرۆڤ، ئەمڕۆ هونەر ئالآهەڵگری ئەم هەڵچوونەیە بە دژی سروشت و شتە بەرهەستەکان، ئالآهەڵگری دۆزینەوەی خودی مرۆڤ و پشکوتن و گەش کردنەوەی هەموو توانا میتافیزیکی و تەنانەت میتا عەقڵی ولۆژیکییەکانی مرۆڤیشە. هونەر ئەمڕۆ، بە پێچەوانەی دوێنیٚ، مانەوە لە تەکنیککاریدا نییە. بەڵکو دروستکردنی جۆرێکی بالآترە لە مرۆڤ. ئەمەش پەیام و ئەمانەتێکە بە گوتەی مترلینگ (خوا کاتێك کە هەموو شتەکانی دروستکردن و گەیشت بە مرۆڤ و کاتێك کە گەیشتیش بە مرۆڤ، دەستی لە خۆڵقاندن هەڵگرت و دایە دەستی مرۆڤ) و مرۆڤی داهێنەریش واتە هونەرمەند، مرۆڤێك کە لە هەموو شتێك دەبات. ئەمە گەورەترین کاری هونەرە، کاتێك کە لە هەموو شتێك دەبات و لە حاڵێکدا کە دەخۆڵقێنیٚ و بەخۆڵقاندنە هونەرییەکەی گۆرانی دەڵیٚ، مۆسیقا لێدەدا و پەیکەر چاك دەکا، بە خۆی دادەچێتەوە و خۆی دەردەبڕیٚ. من لەو حاڵەدا کە شتێکی نویٚ دادەهێنم، خۆم خۆڵقاندووە. کەسێك بەرهەمێکی نویٚ دەنووسێت. فردەوسی کە شانامەی خولقاندووە، خۆی ئافراندووە، واتە فردەوسی ئافراندووە. مرۆڤ، بەو ئەندازەیەی کە هونەر لە مانا مرۆییەکەیدا، نەك لەمانا زانستی و سەنعەتگەرییەکەیدا بەرەو پێشەوە دەڕوا و دەبێتە خۆڵقێنەرو دروستکەری خۆی.

ئەمڕۆ هونەر لە شێوەی سەرگەرمی فەلسەفەی بورژوازیدا- کە رەسەنایەتی ژیانی سەردەمە- لەکوێیە؟ لەو بەهەشتەدا کە ئەو دەیەویٚ لە سەر زەوی بنیاتی بنیٚ، کە تەنیا لە سەر خواردن وچێژوەرگرتن و مانەوە لە بەهەشتدا، بەندە. لەم حاڵەدا هونەر وەك سەرگەرمیی، وەك پرکردنەوەی کاتەکانی بێکاری و پشوو و چێژبەخشی و هێمنی دان بەژیانی بیٚ رۆحی سەنعەتییە و دواجار ئەمەش دانەدەستی پەستترین کارە بە پیرۆزترین کار، کە هونەرە. ئەمەش سپاردنی کاری موتریبییە بە داهێنەرو پێغەمبەرێکی دوای (خاتمیت)، واتە هونەر.

.....................

١- واتە بەو شێوەی کەمن گومان دەکەم، ئەگینا رەنگە هەموو ئـەو تیۆرییانـەی کە مرۆڤ دەیانداتـە دەرەوە راسـت نـەبن. بـەڵام زانـست واتـە هەوڵـدان وبیرکردنـەوە ودەربرینی بۆچوون، هەروەها گۆڕانکاری کردن، تاگەیشتن بـە شـوێنێك. ئێمـە نابێـت تەنیا کاتێك قسە بکەین کەبە(علم الیقین وحق الیقین)گەیشتبین، لە بـەر ئـەوەی هـیچ لەناکاوێك ئیمکانی نییە، مەگەر ئەوەی کەبە (وحی الیقین) بگـەین. دەبێـت ئەوەنـدە بیربکەینەوە تا پوخت بین.

ماموستایەکمان هەبوو کە هەر کات قورئانمان بـە هەڵـە دەخوێنـدەوە، بەزللـە لێی دەداین. هەر لەبەر ئەمەش بوو، کە تا ئەو کات هیچکەس نـەیتوانی دروسـت قورئان بخوێنێتەوە.

٢- رۆمانێك کە دەکەنەوە، دەبینن کە باس لـە پـاس و بلیـت کـڕین و هـاتنی سەیارە و هۆڕین لێدان و... دەکات، کە ئەمـەش هـەمووی وەسـفی ژیانـە. مـرۆڤ خەیاڵ دەکات کە ئەدەب و هونەر لە دەروونی مرۆڤـەوە بـەرەو دەرەوە رۆیـشتوون و بە ماددی بوونە.

٣- لە راستیدا ئێمە هیچکام لەم وێنانە بە گونجاو دانانێین و هەر بەم سادەییەش گاڵتەیان پێ دەکەین. بێگۆمان (هەمیشە داهێنانێکی تازە، سادەترە لە هەر شـتێکی تر دەتوانرێ(هوی)لێ بکرێ(رەتبکرێتـەوە وگاڵتـەی پـێ بکـرێ) وبـۆ هێـرش کردنـە سەریشی پێویستی بەهیچ پسپۆڕی وبەهیچ ویژدانێك نییە، ئەوەندە بەسە کە تێناگەم. لەم حاڵەدا خۆم مەحکووم نیم، بەڵکو ئەو مەحکوومە!

# هونەر و مەزهەب

## هونەر و ئایینی زەردەشتی (١)

لە رووی فەلسەفییەوە، بنەماگەلێکی دارێژراو و رێك و پێك- بەو شێوەیەی کەلە یۆنانی کۆندا هەبوون- لە ئێرانی کۆندا دانەرێژراون و هەرچەندە مێژوونووسە یۆنانییەکان، بەزۆری ئاماژەیان بە فەلسەفەی (موغان)کردووە، بەلاّم بەداخەوە تا ئێستا دەقێکی نووسراو لە فەلسەفەی ئێرانی کۆن لە دەستی ئێمەدا نییە و سروشتییە کە لە رووی هونەرو جوانیشەوە بابەتگەلێکی راشکاوانە نین کە باسەکەمانیان لە سەر دەستپێبکەین. ئایینی زەردەشتیش وەك فەلسەفەی دراوسێ —واتە ئایینی بوودا — بەشێوەیەکی گشتیی لایەنێکی کردەیی زیاتری هەیە و بە شێوەیەکی کورت، فەلسەفەیەکە کە لە سەر بنەمای خۆشبینی وهاندان وزەوق بۆکار وەستاوە، لە هەمبەر مانەوە بە هاوکاری چاکی و جوانی و رووناکی.

دوولایەنییەك کە لە ئایینی زەردەشتیدا دەبینرێ —خەباتێك کە لە نێوان رووناکی و تاریکی، چاکە وخراپە ئاهورامەزداو ئەهریمەن، لەروانگەی ئایینی زەردەشتییەوە لە ئارادایە —لەرووی جووانی ناسییەوە تا ئاستێکی زۆر، بەهای هەیە. چونکە یەکێك لە هۆکارەگرنگەکانی جوانی، گونجان لەنێوان دژەکان (contrast) و جۆرا و جۆرییە. هەرچەندە فکری ئێرانی لەم ئاستەدا ناوەستێ و ئەم دوالیزمە سەرئەنجام بەم جۆرە چارەسەر دەکات: (رۆژێك دادێت کەخواوەندی جوانی وخێر، واتە ئاهورامەزدا، بەسەر ئەهریمەندا —خواوەندی شەڕ وخراپەکاری- سەردەکەوێت وحوکمی ئاهورامەزداش وەهایە کەهاوکاری خێرو چاکە بکەین)بەلاّم دەبێ بزانین، کە ئەگەر بە پێی ئارەزووی ئێرانی — کە خوازیاری یەکێتییە— ئەو رۆژە بگات و ناپەسەندی وخراپە و



تاریکییەکان و سێبەرەکان لەجیهان وەدەرکەون، بێجگە لە جوانی و چاکە و رووناکی، شتێکی تر لەجیهاندا حوکم نەکات، ئایا لەوەها دنیایەکی یەك دەست وتەقریبەن دوور لە هەر جۆرە کێشمەکێشێك، هونەر هیچ جێیەکی دەبێت؟ ئایا ئەگەر جوانی خەمەکان و جوانی سێبەرەکان و جوانی جۆراوجۆری و دژەکان نەبن، هونەر چ شێتێك دەنوێنێ و دادەهێنێت؟ ئایا تەنانەت ئامانجی کۆتایی ئاینی زەردەشتیش بە زەرەری هونەر نابێت؟ ئایا دوور خستنەوەی ئەهریمەن، جوانی وهونەر لە نێو نابات؟

بنەمایەکی گرنگ، کە لە رووی جوانی ناسییەوە بەهایەکی زۆری هەیە "پەرستنی ئاگر "ە، لەئاینی زەردەشتیدا. هەرچەندە پیرۆز کردن و ستایشی ئاگر، لەدێر زەمانەوە لەنێو هەموو میللەتاندا ئاسایی بووەوە، هەرچەندە "بەتایبەت" نەتەوە هێندۆئەوروپییەکان، بەچاوی رێزەوە روانیویانەتە ئەم رەگەزە جوان وسوودمەندە — کەیارو یاوەرییانە لەتاریکی وساردی وناخۆشییەکاندا —بەلاّم هیچ نەتەوەیەك وەك ئێرانییەکان، بەم جۆرە ئاگری نەپەرستووە و ستایشی نەکردووە.

لە ئایینی زەردەشتیدا، ئاگر نوێنگەی رووناکی خودایییە و پردی پێوەندی خۆلّقێنراو وخۆلّقێنەرە و دوعا و رازو ونیازە مرۆییەکان —بە بلّێسە زێرین ودرەخشانەکان کەبەرەو ئاسمان دەڕۆن— دەگەیەنێتە ئاهورامەزدا. ئەم رێزە لە رادەبەدەرە بۆ ئاگر، ئاگری جوان و رووناك، پر پێچ و خلیسك، لە جوانی ناسیدا گرنگییەکی زۆری هەیە وبنەمای زۆرێك لە بنەما جوانییەکانە، بە جۆرێك کە دەبینین لەبەرهەمە ئەدەبییە ئێرانییەکانی دوای ئیسلامیش رەنگی داوەتەوە و نەك تەنیا لە دیوانە شیعرییەکانی شاعیرەکاندا، لەگەلّ وەسفی ئەم رەگەزە نەرم ودرەوشاوەیە "زۆر" بەرەو روودەبین، بەلّکو تایبەتمەندییەکانیشی، واتە پێچا وپێچی وخلیسك بوونەکەی، نموونەیەك بوون کەجوانی ئێرانییان بە بەرداکردبوو و جوانی ئێرانی بەشێوەی (تناز) و رەعنایەکی لەرادەبەدەر، لە وێنە کێشان وشیعری فارسیدا رەنگی داوەتەوە.

ئەم نوشتانەوەو(تنازی)یە- کە لەو ژن و پیاوە جوانانەی کەلە مینیاتۆری ئێرانیدا نوێندراون، دەبیندرێ- و ئەم پێچاو پێچی و ئالّۆزی جل وبەرگە، ئەم زۆلّفە

ئالۆزە، ئەم دڵبەری و شۆخ وشەنگییە ــ کەدراونەتە پاڵ خۆشەویستە ئێرانییەکان لە شیعرە فارسییەکاندا —هەموو وێکچوونێکیان لەگەڵ بڵێسە رووناك و درەوشاوە و پێچاو پێچەکانی ئاگردا هەیە، کە لە دێرزەمانەوە پەرستراوی ئێرانییە کۆنەکان بووە.

لە بەرهەمی ئەوروپاییەکان ولە جوانیناسییە رۆژئاواییەکاندا، لەگەڵ بنەماگەلێکی نووسراودا رووبەڕوو دەبینەوە کە لە ئاگرپەرستی ئێرانییەکانەوە ئیلهامیان وەرگرتووە. لێرەدا بۆ نموونە، باوەڕەکانی ڤلیام هۆگارتی (١٦٩٧-١٧٦٤) وێنەکێشی بەناوبانگی ئینگلیزی، دەهێنینەوە.

هۆگارت، وێنەکێشێکە کە لە جوانیناسیدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی و راستەقینە کاری کردووە و بنەماگەلێکی گرنگی لەپێوەندی لەگەڵ جوانیناسیدا دەربڕیون، کەتەنها ئەو بەشە لە باوەڕەکانی دەهێنمەوە، کە لە پێوەندیدان لەگەڵ باسەکەی ئێمەدا. ئەو دەنوسێ ((هەرچەندە گونجانی بەشەکان و یەکێتی و هاوئاهەنگی لەجوانیدا گرنگن، بەلاّم لەم بنەمایانە گرنگتر جۆراوجۆری بەشەکانە. جۆراوجۆری لەجوولاّن، لە ورووژاندن و لە شکڵ و لەجۆرو لەبەشدا)) نوێنگەی ئەم هەمەرەنگییە، هێڵێکی مارپێچی و شەپۆلاوی، دیاریدەکات. چوونە ناوەوە، بەرزی ونزمییەکانی ئەم هێڵە، گونجان و پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا، نیشانەی هەمەرەنگییەکی تەواوە، کە بە باوەری ئەو بنەڕەتی جوانییە، بە مەرجێك قووڵی داچوونەکان وبەرجەستەییەکان زیاد لە ئاستی پێویست نەبن. بەم پێیە، بەباوەڕی هۆگارت، جوانی لە هێڵگەل وئاستێکی دیاریکراو و گونجانی لاشەی مرۆڤ وشتە ماددییەکانی تردا، سروشتی و دروستکراوە. لە هێڵە جۆراو جۆر و گونجاوەکانی هەیکەڵی مرۆڤ، هێڵەکانی ئەندامەکان، ئێسکە جیاوازەکانی جەستە، ئەو پێچاو پێچانەی کە بەدی دەهێنن، جوولاّن وکردە هاوسەنگ وگونجاوەکانی لاشەن، باشترین وێنەکێش ئەوەیە کە هێڵەکانی لاشە بەباشی نیشانبدات، گۆشت وماسوولکەکان بە باشی بەرجەستە بکات و بە هێڵگەلێکی ئاشکرا، سنووری گۆناو گەردن وتەوێڵ نیشانبدات، بەجۆرێك وەك نموونەیەکی زیندوو بکەوێتە بەرچاو، جوولاّنێك بەرجەستە بکات و رۆحی بنەڕەتی ومۆدێل تێیدا درەوشانەوەی پێویستیان هەبێت.



بە پێی ئەم پێشەکییانە، هۆگارت هەمەرەنگی بەو تایبەتمەندییانەوە زیاد دەکات، کە زانایانی پێش ئەو بۆجوانی، دیارییان کردبوو. بەر لەهۆگارت، سیفەتەکانی جوانی بریتی بوون لە ((سادەیی، دروستی ئەندازەگیری، روونی، یەکێتی وگونجانی بەشەکان، گونجان لەنێوان بەشەکان وگشتدا، شایستەیی بۆ ئەنجامدانی ئامانجی دیاریکراو، راست ودروست بوونی هەر شتێك وهێنانی هەرشتێك لە شوێنی گونجاوی خۆیدا))هۆگارت، بنەمای هەمەرەنگییشیان پێوە زیاد دەکات ودەڵێت: هونەر بریتییە لە چاك نیشاندانی هەمەرەنگی (جۆراوجۆری)و جوانیش بریتییە لە گۆنجانی نێوان بەشە جیاوازەکان. دەنوسێت:

راستە کە سادەیی ــ ئەوەی کەجوانی یەکراست هەستپێبکەین وپێویستمان بە وردبینی وخۆقووڵ کردنەوە نەبێت- گرنگە، بەلاّم سادەیی بەبێ هەمەرەنگی، بێ تامە. شایستەیی وگونجانی شت بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئامانجێکی دیاریکراو، کە لەبەر ئەو ئامانجە دروستکراوە، گرنگە. (بۆ نموونە کەشتییەوان، جوانترین کەشتی بەو کەشتییە دەزانێ کە بارگرەکانی بەباشی هەڵدابن وبەوپەڕی مەزنییەکی تایبەتەوە سینگی شەپۆلەکان تێکبشکێنێ).... و راستە کە جوانترینی تاکەکانی مرۆڤ کەسێکە، کە شایستەیی ئەنجامدانی ئامانجی خولّقاندنی هەبێت، بەلاّم ئەم بابەتانە گشتین ومن ئەم بنەمایە بەو بنەمایانەوە زیاد دەکەم کە پێشینەکان بۆ جوانییان دیاری کردوون، کە بۆنموونە لەمرۆڤدا سەرەرای گۆنجانی بەشەکان، پێچاوپێچی ونوشتانەوەی لاشە، هەمەرەنگی جوولاّنەوەکان و رەفتارگەلی گونجاو، دەبنە هۆی هاندانی فکر و دواجار جوانترین شتەکان ئەوانەن کە جوولاّن لەفکرو رۆحی ئێمەدا بەدیدێنن. هەر بەو جۆرەی کە جوانترینی هێڵەکان، هێڵی مارپێچە کە نوێنگەی جوولاّن و چالاکی وبزووتنەوەیە.

هێڵی مارپێچ (وەك مارێك کەبەدەوری گۆچانێکدا دەپێچرێ)هێڵی جوانی ونوێنگەی جوانییە. وپیتی(S)لەنێو پیتەکاندا، جوانترینیانە ونوێنگەی گونجان وهەمەرەنگییە لەنێوان هێڵی راست وناراستدا. لەنێو شتە مادییەکاندا، جوانترین

شکڵ–کە نوێنگەی جوولاَن و بزووتنەوە بێت– ئاگرە، کە بڵێسەکەی دەجووڵێت و شکڵە پێچاو پێچە تایبەتییەکەی، ئەوەندە جوانە کەهەندێك لە نەتەوەکان پەرستوویانە ونووکەکەی ئەوەندە جوانە کە دەڵێی هەوا دەبڕێت و ئارەزووی هەیە کەخۆی بگەیەنێتە سەرچاوە سەرەکییەکەی. چاو لە دیتنی هێڵێکی ناڕاست (منحنی)چێژ وەردەگرێت، دەستیش لە کێشانەوەی چێژ وەردەگرێ. جوانی شێوە، لەهەمەرەنگی هێڵەکانی هەیکەل و هەست وسۆزگەلێکە، کە نیشانیاندەدات. جوانی ئەندامەکان، بەستراوەتەوە بە رەفتارگەلێکی هاوسەنگ وجوولاَنگەلێکی گونجاوەوە. هەمەرەنگی جل وبەرگ و رازاندنەوە گونجاوەکان، ئەگەر زیاد لە ئاست نەبن –دەبنە هۆی جوانی جەستە.

## هونەر و مەزهەب

## هونەر و ئاییینی زەردەشتی(٢)

(هەروەك وتمان) ئاگرپەرەستی لە ئاییینی زەردەشتیدا– لەڕووی جوانیناسییەوە– بەهایەکی مەزنی هەیە و دەڵێی لە ئێراندا، بەرگی چاکە وجوانییان بە سەر نموونەیەکی فراوان لە رەعنایی و عیشوەکردن و درەوشاوەیی ئاگردا نواندووە. هاوکات ئاماژەش کرا بە جوانیناسی دارێژراوی رۆژئاوایی، هەروەها ئاماژەش بەوەکرا کە چۆن ڤلیام هۆگارتی ئینگلیزی، ئیلهامی لە پەرستنی ئاگر وەرگرتووە و بنەڕەتی گونجانی دژەکان وهەمەرەنگی زیاد کردووە بە بنەماکانی پێشووەوە. ئێستاش درێژەی ئەم باسە:

گومان لەوەدا نییە کە دوای ئیسلام، پیرۆز کردنی ئاگر لەنێوچوو، بەلاَم جێژنەکانی (سەدە و میهرەگان)هەروا تا دوو، سێ سەدە بەردەوام بوون و ئەوانەی کە خۆشەویستی ئێران پەرستیان لە دڵدا هەبوو، هەروا بە چاوی رێزەوە دەیان روانییە نەریت و دابە کۆنەکانی ئێرانییەکان. بەشاری کوڕی برد ـ کەلە شاعیرە نەتەوەییەکان بوو، حەزێکی تایبەتی هەبوو بۆ هۆکارەکانی بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە ئێراندا ـ ئاگری (واتە رەگەزی پیرۆز لای ئێرانییە کۆنەکان)



دەخستە پێش خاکەوە و تەنانەت شەیتانی، کە لە ئاگر خولقێنرا بوو، لە پێش ئادەم دادەنا کە- لەخاکەوە خۆلقێنرا بوو:

| | |
|---|---|
| **الارض مضلمة  والنار مشرقة** | **والنار معبودة قد كانت النار** |
| **ابليس خيرمن ابيكم ادم** | **فينبهوا يا معشر الفجار** |
| **ابليس من نار و ادم طيفة** | **والأرض لا تسمو سمو النار** |

...و ئەم کێشەیەی شەیتان –شەیتان کە لە ئاگرەوە خۆلقێنراوە و هەر لەم رووەوە کە مرۆڤ لەخاکەوە دروستکراوە، سوجدەی بۆ نابات – بەتایبەتی لە ئەدەبیات و لە هونەرەکانی تریشدا، رەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە و بووەتە قارەمانی زۆرێك لە بەرهەمە هونەرییەکان. دەڵێی کە هونەر لەم رێگایەوە تۆڵەی خۆی لەمەزهەب کردووەتەوە.

بەلاَم شاعیری ئێرانی، قەد پەرستراوی کۆنی لە بیرنەکردووە. لە دیوانی شاعیرە فارسی زمانەکاندا ـ سەرەرای ئەوەی کە لەگەڵ جوانترین وەسفەکانی ئاگردا بەرەورووە دەبین ـ رووی خۆشەویستی ئێرانیش دەبینین، کە بەردەوام بەئاگر چوێنراوە و شاعیری فارسی تەنیا ئاگری بەبەس نەزانیوە، بەڵکو تەواوی ئەو وشانەی کە بەمانای ئاگرن، وەرگرتوون و رووی خۆشەویستەکەی خۆی پێ چواندووە و تەنانەت لەمە زیاتریش هەنگاوی ناوە و هەموو رووی خۆشەویستەکەی چواندووە بە کەعبە و قیبلەی زەردەشت.

وشەکانی (ئازەر و نار)بەزۆری لەباتی ئاگر بەکار براون، مۆم –کەلە ئاگرەوە گیان دەگرێ و بڵێسە جوانەکەی لە جیهاندا، لە رووی پێکهاتە و پێچاوپێچی دڵ پەسەند وروناکی بێ هێز ورەنگ پەریوە، بەناوبانگی کردووە–بەزۆری چوێنراوە بەروومەتی یار. گوڵنار، لەو رووەوە کە لێکچوونێکی تەواوی هەیە لەگەڵ بڵێسەی ئاگردا، جێی پەسەند وپیرۆزیی ئێرانییە کۆنەکان بووە و پۆلوی ئاگریش لەرووی ئەم لێکچونەوە، بەزۆری لەگەڵ رووی خۆشەویستی ئێرانیدا وێکچوێندراوە.

ئاتەشکەدە، قیبلەی زەردەشت وکەعبەی زەردەشتیش، هەر بەو جۆرەی کە گوترا، بە شێوەیەکی خوازراو(خواستن) لە باتی ئاگر بەکار براوە. دیوانی شاعیرە ئێرانییەکان، پڕن لەم وێکچواندن و خوازانە(استعارە) و لە بەر ئەوەی لێرەدا هەوڵدەدرێ بابەتەکان بەشێوەیەکی کورت وگشتی دەربڕدرێن، بۆیە چاو پۆشی دەکەین لە هێنانەوەی نموونە و بەڵگە و ناچینە ناو شتە لاوەکییەکانەوە.

بێجگە لە ئاگر، چەمکێك کە لە ئایینی زەردەشتەوە، لە ئەدەبیاتی فارسیدا ماوەتەوە و لەرووی جوانیناسییەوە ناتوانین بەهاکەی بخەینە لاوە،(نووری یەزدانی و تاریکی ئەهریمەن)ە. لەشیعرە فارسییەکاندا، بەزۆری دەبینرێ کە رووی یار، لەگەڵ نووری یەزدان)وزولفیشی، لەرووی رەشی و تاریکییەوە، بە (تاریکی ئەهریمەن)چوێنراوە و ئەم وێکچواندنە، ئاماژەیەکە بۆ بالاترین خاڵی فەلسەفەی ئایینی زەردەشت، واتە وێناکردنی ژیان، وەك خەباتێك لە نێوان رووناکی و تاریکیدا، یەزدان وئەهریمەن. لە شیعری فارسیشدا، کە دەتوانین بلێین لە هەموو هونەرەکانی تر لەئێراندا زیاتر کامڵە، ئەم دوو وێکچوونە، لەهەموو شوێنێکدا لە گەڵ یەکتریدا هاتوون.

خاڵی سەرنجراکێش لەئایینی زەردەشتیدا ئەوەیە کەپاداشتی پیاوی باوەڕدار بەباوەڕی مەزدایی کچێکی جوانە کە لە سەر پردی چینووتدا دێت بە پێشوازییەوە. لە(هادخت نسك)دا کەوەرگێڕدراوی (پووورداود)ە، ئەمە دەخوێنینەوە:

((کاتێك کە پیاوی تەواو (کامڵ)دەمرێت و دەگاتە سەر پردی چینووت، ئەو کات دەبینێ کە کچێکی لێ بەدیار دەکەوێ. جوان، درەوشاوە، باڵ سپی، خۆشروو،بالا بەرز، سینگ دەرپەڕیو، ئازاد، رەگەز پاك ، "تەقریبەن" پازدە ساڵە،جەستەی جوان، بە قەد جوانی هەموو خولقێنراوەکان. ئەوکات رۆحی پیاوی دین پاك —کە تووشی سەر سورمان بووە —پێیدەڵێ: ئەی کچی جوان! تۆ کێی؟ ئەی جوان ئەندامترینی ئەو کچانەی کەمن دیتوومن! لەوەلاّمدا دەڵێت: (من "دئنای" تۆ، واتە خوی چاك وتەی چاك و کردەی چاکی تۆم. خۆشەویست بووم، تۆ منت خۆشەویستتر کرد. جوان بووم، تۆ جوانترت کردم. خوازراو بووم، خوازراوترت کردم، پایە بڵند بووم، بڵند پایەترت کردم))



بەڵام هۆکارە وێنەییەکانی ئایینی زەردەشت، کە لە وێنە بەرجەستەکانی ئێرانی پێش ئیسلامدا دەیان بینین، تا ئەو جێیەی کەمن دەزانم، بەم،شێوەیەن:

١- وێنەی فروهەر،کەرەمزێکە بۆ ئاهورامەزدا، لەتەختی جەمشیددا. داریۆش لە سەر بەردنووسەکەوە دەنوسێت کە ئەم پاشایەتییە ئاهورامەزدا پێی داوم. لە سەردەمی ساسانییەکاندا، لەباتی وێنەی ئاهورامەزدا، لەگەڵ زنجیری هێزدا (دەسەلاّت) بەرەو روو دەبین، کە ئەردەشێر لە ئاهورامەزداوە وەری دەگرێت.

٢- لەسەر رووی هەندێ لە سکەکانی سەردەمی پارتییەکاندا، ئاگردانگەلێکی بچووك دەبینرێن، کە دوو پاسەوان لە دوولایەوە پاسەوانی ئاگری پیرۆزن.

٣- گوڵی نیلوفەری ئاوی، کە لە هونەری هیندوبووداییدا زۆر دەبینرێت و پشکوتنی لە خۆردا، رەمزی رۆشنگەری وپشکوتنی مەعریفەیە. هەر ئەم گوڵە، کە یادگاری شارستانیەتی هیندو ئەوروپاییە، بە شێوەیەکی رێك وپێك، لە تەختی جەمشیدیشدا دەبینرێ کە:

سلاوێکە بۆ خۆر و رەمزی شەوق وجوولانەوەیە، کە لە دەمەوبەیانەوە دەستپێدەکات.

## هونەر و مەزهەب
## هونەر و ئایینی مانی(١)

دوای فەلسەفەی ئایینی زەردەشتی، لە سەردەمی ساسانییەکاندا، لە گەڵ فەلسەفەی مانیدا بەرەوروو دەبین. فەلسەفەی مانی، "تالیف"ێکە لەنێوان ئایینی زەردەشتی و ئاینی مەسیحیدا. ئەگەرچی ئایینی مەسیحییەت کاریگەرییەکی زۆری لەلایەن ئایینی مانییەوە لێکراوە، بەڵام ئەم فکری " تالیف"یە تایبەتمەندی رۆحی ئێرانییە و لە کۆنترین سەردەمەکانەوە لە ئێراندا هەبووە و کاریگەرییەکەی لە سەنعەتە ئێرانییەکاندا، بە تایبەت بیناسازی وکۆڵێنکاریدا، ئاشکرایە. هۆی ئەمەش، هەڵکەوتی جوگرافیایی ئەم سەرزەوییە و دواجار کاریگەری ئەم فکرە (تالیفی) یە لە

فەلسەفە و هونەری ئێرانیدا حاشالێنەکراوە.((هونەری ئێرانی ئۆقیانووسێکی قووڵە کەلە لێوارە وشکەکانی عەرەبستانەوە، تا دورگەکانی یابان ومەغریب وهیندستان، دوڕومەرجان و مرواری، تێدان. هونەری ئێرانی، نیشانەگەلێکی لە جوانییەکان ومەستییەکان و پێکەنینەکان وخەووخەیاڵەکان و ئەندێشە وفەلسەفەی دراوسێکانی تێدایە. لە گەڵ ئەوەیدا کە خۆی پێکیهێناوە، بەڵام بە لێهاتووییەکی ئەوتۆ تێکەلی کردوون، کە جیاکردنەوەی ئەوەی کەخۆی هەیبووە لەگەڵ ئەوەی کە لەوانی ترەوە وەری گرتووە، زۆر قورسە.

((ئێران لەسەر رێگەی دنیایە و ناوەندی دانانی باوەڕ و فکرەکانە. پردێکە کە بیابانی سوتێنەر و بێ ئاو وگیا، لەگەڵ سەوزاییدا پێکەوە گرێدەدا، تینوێتییەکان بە ئاوی شیرین تێر دەکات وکاروانەکان، پاش تێپەڕکردنی شوێن و رێگای دوورو وشك و گەرم، دەگەیێنێتە شارەجوان وسەرسەوزەکان)). ئەمە باوەڕی خەڵکانی ترە لە بارەی فەلسەفە و هونەری ئێرانییەوە و مانی تا ئاستێکی زۆر، نوێنگەی ئەم فکرە (تالیفی)یەی ئێرانییەکانە.

لە تورفانی تورکستاندا، نووسراوگەلێك لە پێوەندی لە گەڵ مانیدا دۆزراونەتەوە کە بە زمانی پەهلەوی ئەشکانی (بەبێ هزوارش)بەناوی (شاپورگان)ەوەیە، هەروەها وێنە گەلێکیش بەهۆی (فن لوکوك)ەوە، بەدەستهاتوون، کەتایبەتن بەیەکێك لەکتێبە مەزهەبییەکانی پێرەوانی مانی کە لەجۆری خویاندا کەم وێنەن.

وێنەکێشیی ئێرانی– ئەگەرچی پێش لەمانیش هەبووە- بەڵام لەگەڵ (مانی)دا، بەشێوەیەکی بنەڕەتی دادەڕێژرێ و ئەم بابەتە لەرووی جوانیناسییەوە بەهای هەیە، کە لە مێژووی هونەری ئێرانیدا، پەرجوی پێغەمبەری ناوبراو، وێنەکانیەتی و ئەمەیش، نەرمی رۆحی ئێرانی دەگەیەنێ کە پەرجوویەکی باشتری لە هونەر نەدۆزیوەتەوە و بەم هۆیەوە هونەری لەگەڵ مەزهەبدا ئاوێتە و ئاشت کردووەتەوە. دەتوانین بڵێین کە مانی و پەیرەوەکانی، داهێنەری مینیاتۆر یا وێنەی کتێبی خەتی بوون، هەرچەندە بە سووتاندنی هەموو کتێبەکانی، دەبوو هونەری وێنەکێشانی ئەو لە نێو بچێت، بەڵام



دۆزینەوەکانی تۆرفان نیشاندەدەن کە هونەری وێنەکێشانی پەیرەوەکانی مانی ومەزهەبەکەی، تاسەدەی سێهەمی کۆچی بەردەوام بووە و ئەگەرچی لەئێراندا مەزهەبی مانی فەرمی نەبووە و تەنیا کەمایەتییەکی دیاریکراو پەیڕەوییان لێکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم مەزهەبە لە دەرەوەی ئێراندا لە رۆژهەلاَت و رۆژئاوای ئێراندا کاریگەرییەکی لەرادەبەدەری هەبووە. دۆزینەوەکانی تۆرفان و کاریگەری لەرادەبەدەری میترابیزم لە ئەوروپادا، پشتڕاستکەرەوەی ئەم بابەتەن.

ئەوەش بڵێم کە هەرچەندە مانی و پەیرەوەکانی سەرنجێکی زۆریان داوەتە هونەری وێنەکێشان ولەرووی مێژووی هونەرەکانەوە دەتوانین شێوەی وێنەکێشانی مانی بە یەکێك لە بناغەکانی قۆتابخانەی وێنە کێشانی عەباسی بزانین، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا، وێنەکێشانی مانی وپەیرەوەکانی، درێژەی هەمان وێنەکێشانی باوی سەردەمی ساسانییەکانە و گومانی تێدا نییە کە وێنەکێشان لە ئێرانی پێش مانیشدا، هەبووە. ئەوەی کە ئەو وتە بەناوبانگە بە بەڵگە بزانین کە مانی هونەری وێنە کێشانی لە چینەوە بۆ ئێران هێناوە، بەهیچ جۆرێك راست نییە، ئەگەرچی حاشا لەوەش ناکەین کە کاریگەری شێوەی مینیاتۆری چینی لەسەر وێنەکێشانی ئێرانی هەیە.

بەڵگەی هەبوونی وێنەکێشان لەئێرانی پێش لەمانیدا، وێنەیەکی شاپوور، کوڕی بابەك، برای ئەردەشێر و خودی بابەکیشە کە پرۆفیسۆر (هرتسفلد)کۆپی ئەم وێنەیەی لە کتێبی (ئێران لە رۆژهەلاتی کۆندا)چاپکردووە. ئەوەش کە لەو بارەوە پێداگری دەکەین، لەو رووەوەیە کە ئەوانەی لە بارەی هونەری وێنەکێشانەوە قسەیان کردووە، بنەڕەتی وێنەکێشانی ئێرانییان لە چینەوە زانیوە و پێشکەوتنی وێنەکێشانیان لە دوای ئیسلام، پەیوەست بە هونەری بیزانس زانیوە. لە حاڵێکدا کە یەکەم: پێش لەمانی لە ئێراندا، وێنەکێشان هەبووە و سەرەرای ئەوە، بەر لە سەردەمی عەباسیش — وپێش ئەوەی کە قوتابخانەی عەباسی، بە کاریگەری لەرادەبەدەری وێنەکێشانی مەسیحییە نەستورییەکانی رۆمای رۆژهەلاتی و عەرەبەکانی ئێران، بەدیبێت — وێنەکێشان لە ئێرانی کۆندا هەبووە و باشترین

بەڵگەی ئەم بانگەشەیەش، وتەکەی مەسعودییە لە کتێبی (التنبیه) دا، کە لەمێژووی ٣٠٤ کۆچیدا، لە لای یەکێك لەبنەماڵە رەسەنەکانی ئێران، کتێبێکی وێنەیی ٢٧ وێنەیی لە سوڵتانەکانی ساسانی دیتووە. ئەم کتێبە کە لە رواڵەتدا ساڵی ١١٣کۆچی دانراوە، مەسعودی لە بارەیەوە دەنووسێت کەئەو رەنگانەی لە وێنەی سوڵتانە ئێرانییەکاندا بەکار براوە، ئێستا پەیدا نابن، هەروەها ئەوەش زیاد دەکات، کە هونەری وێنەکێشان لە ئێراندا هونەرێکی کۆنە.

## هونەر و مەزهەب

## هونەر و ئاییینی مانی(٢)

لەبەشی پێشودا هەوڵدرا کە سەرەتای وێنەکێشانی ئێران تا ئاستێك روون بکرێتەوە و بچەسپێنرێ، کە یەکەم: پێش لەمانی وێنەکێشان لە ئێراندا باو بووە، ئەگەرچی وێنەکێشیی ئێران لە گەڵ مانیدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی دادەڕێژرێ، بەڵام وێنەکێشیی پەیرەوەکانی مانی، هەروا درێژەی وێنەکێشیی باوی سەردەمی ساسانییەکانە، هەروەها کاریگەری وێنەکێشیی ئێرانیشمان لە شێوازی عەباسیدا تا ئاستێك دەرخست.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی کەلەبارەی وێنەکێشیی ئێرانییەوە قسە دەکەن، بە هونەرێکی رەسەنی دانانێن و باس لە کاریگەری زۆری وێنەکێشیی چینی و یان وێنەکێشیی بیزانس لە وێنەکێشیی ئیرانیدا، دەکەن. تاجێگایەك کەتەنانەت مانی یان بە چینی دەزانن یان بە پێغەمبەرێك دەزانن کە رۆیشتووە بۆ چین و هونەری وێنەکێشییان لەوێ فێر بووە. ئەڵبەتە ئەم هەڵەیە لەو رووەوە روویداوە کە لە سەردەمی کۆنەوە، وڵاتی گەورەی چین بەهونەری وێنەکێشیی بەناوبانگ بووە و شاعیر و فەرهەنگ نووسانی ئێرانی پاش ئیسلامیش بەبێ هیچ تێرامانێك، مانییان بە چینی زانیوە و تەنانەت شوێنی پەرەگرتن و بلاَوکردنەوەی کتێب و ئایینەکەشیان هەر بە چین زانیوە. فردەوسی لەبارەی (مانی)یەوە، وەها دەڵێت:



**بیامد یکی مرد گویا زچین     که چون او مصور نبیند زمین**
**بەصورتگری گفت پیغمبرم     ز دین اوران جهان برترم**
**ز چین نزد شاپور شد، بارخواست     به پیغمبری، شاه را یار خواست.**

و دواتر مانی بە فرمانی شاپوور و لە لای ئەو، لەگەڵ موبەدەکاندا گفتو گۆ دەکات. دواجار لەم گفت وگۆیەدا شکست دەخوات و موبەدەکان دەڵێن ((لەحاڵێکدا بانگەشەی پێغەمبەری تۆ دروستە و پەسەند دەکرێ، کە ئەو وێنەیەی کێشاوتە، بە زیندوویی نیشانیبدەی))

**به برهان صورت چرا نگروی     همی پند دین اوران نشنوی**
**که گویند پاکیزه یزدان یکی است     جز از بندگی کردنت چاره نیست**
**گر این صورت کرده جنبان کنی     سزد گر زجنبنده برهان کنی**

مانی لە دانەوەی وەڵام تێدا دەمێنێ و بە فەرمانی شاپور دەکوژرێت و لاشەکەی لەسەر دەروازەی شار هەڵدەواسرێ. ئەم ناوبانگە بێ بنەمایە بووەتە هۆی ئەوەی کەروومەتی جوانی خۆشەویستیی ئێرانی، بچوێنرێ بە بووکە شووشە و نیگاری چینی — کەدەزانین چ شتێکن ــ. لە ئەدەبیاتی فارسیدا لە گەڵ وێکچواندن و خوازە و درکەگەلێکی زیادی لەم جۆرە رووبەروو دەبینەوە. بووکە شووشەی چینی، وێنەی چینی، وێنەخانەی چینی، هەروەها نەقشی مانی و ئەرژەنگی مانی (ناوی کتێبەکەی مانی کە خاوەنی جۆرەکانی نەقش و وێنە بووە) لە ئەدەبیاتی فارسیدا، بە بەربلاَوی بە کاربراون و لەگەڵ روومەتی جواندا وێکچوێندراون. ئەمە کاریگەرییەکە کە بوونی مانی ومەزهەبەکەی، لە سەر ئەدەبیاتی فارسی داناوە. هەرچەندە لەئێرانی دوای ئیسلامدا، جێگا و رێزێکیان بۆ مانی دانەناوە.

با مانی باشتر بناسین. گومانی تێدا نییە کە مانی ئێرانییە. مانی کرفکو، کوڕی پاتەکی هەمەدانی یان ئەسڵ نەیشابوورییە. بە پێی هەندێ بۆچوون لەبابل و بەپێی گوتەی پرۆفیسۆر جاکسون لە گوندی مەردینو- لەنزیك شاری بەغدا- لەدایکبووە. مێژووی ژیانی لەم چەند دێرەدا کورت دەکرێتەوە ((مانی لە ساڵی چوارەمی پاشایەتی

ئەردەوانی ئەشکانیدا — دوایین پاشا لە زەنجیرەی ئەشکانییەکان — لەدایکبووە (٢١٥- ٢١٦ ی) زایینی، و لە سەردەمی ئەردەشێری بابەکاندا، بانگەشەی پێغەمبەری کردووە. لە سەردەمی شاپووری یەکەمد، لە ئێران دەرچوو، یان بە گێڕانەوەیەکی تر سەفەری گرتە پێش. لە ساڵی ٢٧٠ ی زایینی گەڕایەوە بۆ ئێران و بە پێی گێڕانەوەیەك، هورمز —کوڕی شاپووری یەکەم ـ خودی شاپوری یەکەمیش روویان تێکرد و دواجار لە پاشایەتی بەهرامی یەکەمدا — کوڕی هورمزی یەکەم — بە پێی فتوای موبەدەکان کوژرا.))

بەلاّم شاعیرە فارسییەکان، هەرچەندە هەندێ کات "مانی" یان بە درۆزن و هەندێ جار بەکافر و هەندێ جار بە بوت پەرەستی خەڵکی چین زانیوە، بەلاّم نەیانتوانیوە زەوقی سەرسورهێنەری ئەو لە وێنەکێشاندا رەتبکەنەوە.

گومانی تێدا نییە کەمەزهەبی مانی — واتە مەزهەبێك کە لە لایەن کەسێکی ئێرانییەوە، لە سەرزەوی جوانی ئێراندا بەدیهاتووە — لەگەڵ جوانیدا سەروکاری زۆری هەبووە. ئەم بابەتە راستییەکی دیارە، کاتێك کە کتێبی ئایینی مانی و پەیرەوەکانی، هەمووی بەوێنەی گوڵی جوان رازێنرابووەوە. تەقریبەن لە شیعرە فارسییەکاندا لە هەموو شوێنێك، ناوی مانی لە گەڵ وێنەکێشیی و وێنە پەرستیدا، باسی لێوەکراوە و دەتوانین بڵێین وشەکانی: وێنە، وێنەیی و وێنەخانە لەم رێرەوەوە تێکەڵ بە ئەدەبیاتی فارسی بوون.

خاوەنی(روضة الصفا)لە وەسفی هونەرمەندی "مانی" دا دەنووسێت:

((مانی وێنەکێشێکی بێ هاوتا بوو، بە شێوەیەك کە دەڵێن بە پەنجە بازنەیەکی کێشا کە تیرەکەی پێنج گەز بوو، کاتێك کە بە پەرگار تاقییان کردەوە، هیچ جیاوازییەکیان نەبوو. لە سەرزەمینی هیندوستان ناو بانگی زۆری پەیدا کرد، چونکە وێنە سەرسورهێنەرەکان هەموو ئەو دەیکێشانەوە. بەردەوام لە ناوچەی سەرزەویەکانی رۆژهەلاتدا لە هاتووچۆدا بوو. لە حاڵی گەڕان و چاو لێکردندا، بە کێوێك گەیشت کە ئەشکەوتێکی خۆش ئاو و هەوای هەبوو....هتد)



بەلاّم مەزهەبی مانی زۆرتر لە تورکستان و "ماوراء النهر"دا باو بووە. ((بگەرێنەوە بۆ (الفهرست)ی ئیبن الندیم))، رەنگە بتوانین بڵێین کە ئەم رەواج هەبوونە بەتایبەتی لەشاری تورفاندا زیاتر لە شوێنەکانی تر بووە. لەوانەیە شاری ناوبراو ناوەندی مانەوییەکان بووبێ. چونکە زۆربەی زانیارییەکەمان لە سەر مانی، لە هەمان دۆزراوەکانی تۆرفانەوەیە. ئەو دۆزراوانە زۆربەیان وێنەیین و بە ئاڵتوون رازێنراونەتەوە و بەشێك لە کتێبی (شاپورگان)ی (مانی)شیان تێدایە. کۆبوونەوە وێنەکێشراوەکانی ئەم کتێبە، بە زۆری کۆبونەوەی دەرس یا دەرس گوتنەوەی هونەری مۆسیقان کە مامۆستایەك دانیشتووە و شاگردەکانی بە چواردەوریدا خەریکی کارن. سەرەرای ئەمە بەرهەمگەلێکی تریش لە هەندێك لە فرۆشگاکانی ئەم شارەدا دۆزراونەتەوە کە بە وێنە و نەقشگەلی بالاّ و پەیوەست بە کاروباری ئایینی مانەوییەکان، رازێنراونەتەوە.(بگەڕێنەوە بۆلێکۆڵینەوەکانی جاکسون لە بارەی "مانی"یەوە —چاپی نیویۆرك)

بەلاّم لە نێو بەرهەمەکانی "مانی" دا، کتێبی ئەرژەنگ یا ئەرتەنگەکەی، لە ئەدەبیاتی فارسیدا ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردووە. شاعیرانی فارس بە زۆری روومەتی جوانیان بە ئەرژەنگی مانی چواندووە. بەلاّم ئایا ئەرژەنگی مانی چییە؟ ئایا کتێبێك بەم ناوەوە هەبووە؟ دیار نییە. ئیبن الندیم —کەناوی زۆر لە نووسراوەکانی مانی دەبات — باسێك لە ئەرژەنگ ناکات و ئەبوریحانی بیرونیش باسی ناکات. بەلاّم فەرهەنگ نووسەکان کە سەرچاوەکانیان زۆرتر شیعرە فارسییەکانن، بەزۆری باسی ئەرژەنگ یا ئەرتەنگی "مانی" یان کردووە. فەرهەنگی مەسروری، ئەرژەنگی بە وێنەخانەی چین ناو بردووە ومانیشی بە وێنەکێشەکەی داناوە. لە نووسراوەکەی "حسێنی وەفایی" دا، ئەرژەنگ بەمانای (بوت خانە) هاتووە، یان کتێبێك کە تێیدا شێوەکانی مانی هەن. لە(برهان قاطع)دا ئەرژەنگ بەمانای وێنەخانەی مانی وێنەکێش هاتووە و وتەیەکی تریش هەر لەم کتێبەدا هاتووە کەسەرنج راکێشە. دەنوسێت ((هەندێك دەڵێن ناوی مانی ئەرژەنگ بووە ومانی دوعایەك بووە کە کردوویانە و بووەتە نازناوی...هتد)){بگەڕێنەوە بۆ برهان قاطع}

بەهەرحاڵ لە کۆی ئەم وتانەی کە لە بارەی ئەرژەنگەوە لە بەر دەستدان، ئەوە هەڵدەهێنجین کە ئێرانییەکان ئەرژەنگیان بە کتێبێك زانیوە کە مانی لە وێنەو نەقشگەلێکی جوان، رێکی خستووە. بەزۆریش ئەم کتێبەیان بەکتێبێکی مەزهەبی زانیوە و شوێنی رەواج وبلاّو کردنەوەکەشیان بەچین زانیوە، لە حاڵێکدا کە تەنانەت رۆیشتنی مانی بۆ چین گومانی لە سەرە. بەلاّم لەم رێرەوەدا بەو شێوەیە کەگوترا، چەمك و شەگەلێکی زۆر تێکەڵ بە ئەدەبیاتی فارسی بوون، کەلە روانگەی جوانیناسییەوە گرنگییەکی زۆریان هەیە. لە دیوانی شاعیرە فارسەکاندا، هەر وەکو گوترا، زۆر لەگەڵ ئەو شیعرانەدا بەرەو روو دەبین کە روومەتی جوانیان بە ((بووکە شووشەی چینی، وێنەی چینی، پێشانگای چینی، نەخشی مانی و ئەرژەنگ))چواندووە، تاجێگایەك کە وشەی وێنە، لە باتی خۆشەویست بەکاربراوە.

بۆ وتەی کۆتایی ئەم باسە، ئاماژە دەکەم بەیادداشتی ئەبوشکور سالمی، نووسەری سەدەی یازدەیەمی زاینی. دەنووسێت: مانەوییەکانی ئاسیای نێوەراست، جوان پەرستانێك بوون، کە(جوان)یان وەك وەسفکراوێك بۆ لاشەی مرۆڤ، یا پەیوەست بە دنیای ماددی دانەدەنا. جوانی، بۆمانەوییەکان، بە تەواوی رۆحانی و پەیوەست بوو بە رۆحی مەعنەویەوە و هەر ئەمەشە کە باوەڕیان وابوو تەنیا بە رووناکی دەروونی، دەرك کردنی بەرهەڤ دەبێت و هەر ئەمەشە کە پەیامی هونەری وێنەکێشانیان بەسەرنجدان بەدنیای بالاّ وخۆشەویستی بۆ (زادەکانی نوور)دەزانی ولە(مندالاّنی تاریکی) بێزار بوون.

ئاڵتوونکاری (جوانکاری) کەدواتر لە مینیاتۆرە ئێرانییەکاندا بە بەربلاّوی بووە باو و لەهونەری ئیسلامیسشدا فراوان بوو، رەنگە ریشەی لە وێنەکێشیی پەیرەوانی مانیدا هەبێت ـ ئازاد کردنی نوور و رووناکی و لابردنی تاریکی ـ. بۆنیشاندانی رووناکی، سوودیان لە کانزاگەلی گرانبەها وەردەگرت وەك ئاڵتوون ونوقرە. چ کانزایەکی شایانتر لە ئالتون دەتوانێت نوور (رووناکی) نیشانبدات وبە بەدیهێنانی تیشکە بەربلاّوەکانی، لەگەڵ رۆحی چاولێکەردا پەیوەندی مەعنەوی پەیدا بکات؟ ئایا ناتوانین بڵێین وەها شێوە بیرکردنەوەیەك بووە هۆی ئەوەی کە لە مینیاتۆرە ئێرانییەکاندا لە گەڵ



سێبەرەکاندا رووبەروو نابین و تەواوی بەشەکانی بەرهەمەکە، لە بەردەم رووناکی تەواودا نیشاندەدرێن؟

## هونەر و ئایینی مەسیحی(١)

ئایا پەیوەندییەکی هاورێیانە لە نێوان ئایین و هونەردا هەیە؟ ئایا لەو رووەوە کە هونەر و ئایین، هەردووکیان پەیوەستن بەژیانی رۆحی و لایەنی مەعنەوی رۆحی مرۆڤەوە، پێکەوە پەیوەندییەکی تایبەتییان هەیە؟ ئایا لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ لەناخەوە چێژ لە هونەرو ئایین وەردەگرێ دەتوانین بڵێین ئەم دوو رۆڵەیە هاورێن لەگەڵ رۆحی مرۆڤدا، ئایا هەڵەیەکی ناڕەوایە، گەر بڵێین هونەر دژ بە ئایینە؟

هەندێك لە جوانیناسەکان، بەتایبەتی ئایدیالیستەکان، لەنێوان جیهانی هونەرو جیهانی ئاییندا پێوەندییەکی پتەو دادەنێن و باوەڕیان وایە کە سەدەی ئایین هەمیشە سەدەی گەورەی هونەریش دەبێت. بەو هۆیەوە کە کەسێکی ئایینی، لە رووی سوودی ماددییەوە بۆشتەکانی جیهان ناڕوانێت، بەڵکو لەو رووەوە سەرنجیان دەدات، کە جیهان و شتەکان لەگەڵ حەقیقەتدا هەیانە. سەرەڕای ئەوەش، ئایین لەراستیدا دەربڕی هەستی مرۆییە سەبارەت بە حەقیقەتی جیهان و شتەکان و هونەریش شتێکی جگە لەمە نییە. کەواتە خاڵی هاوبەشی نێوان هونەر و ئاین زۆر زۆرن. بەتایبەتی کە لە سەدەی ئاییندا، چونکە دنیای ماناو رۆح بەسەر جیهانی ماددیدا زاڵدەبن، بۆیە بە زەوقێکی تەواوەوە، گوێ بۆ چیرۆکی رۆح رادەدێرین.

کەواتە سروشتییە کە هونەر لە سەردەمی ئاییندا، رووە و پێش بروات وپێش بکەوێت. لە بەرامبەر ئەم باوەڕەدا- کە لێوان لێوە لە دەمارگرژی ئایینی ـ باوەڕی زانایانی ماددی جوانیناسە ریالیستەکان هەیە. بە شێوەیەکی گشتی باوەڕی ماددییەکان وەهایە کە هونەرو ئایین و سیاسەت و ئەخلاق، هەموویان لە نیازە ماددییەکانی مرۆڤەوە سەریان هەڵداوە و ئامانجیان ئەوەیە کە ژیانی ئێمە باشتر، ئاسوودەتر ودرێژتر بکەن و سەرەرای ئەوەش، کاروباری ماددی و هەرچییەك کە لە مادەوەیە، راستە و لە سەرووی ماددەوە شتێك لە دنیادا نییە.

لەگەڵ ئەمانەدا، دەبێت بە داخەوە، دان بەوەدا بنێین کە بەزۆری لە سەدەی ئاییندا، هونەر بە شێوەیەکی گشتی رووە و لە ناو چوون چووە و کەوتووەتە ژێر تیشکی ئایینەوە و لە دەمارگرژی و بەرتەسکییەکانی ئاییندا، لە رەنج و عەزابدا بووە.

ئێستا ئەگەر زۆر پێداگری لە سەر ئەوە بکەین کە هونەر بە ماناگشتییەکەی لەگەڵ ئاییندا ئاشتبکەینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین کە هونەر خۆی ئاینییە، ئایینێك کە قەشەی نییە و رێگایەکیشی بۆ دەمارگرژی وخاوی نییە. هیچ کەسێك تەکفیر ناکات ودۆژمنایەتی لە گەڵ کەسدا نییە، ئایینێکە کە هەموو دنیا دەیناسن، چێژی لێ وەردەگرن و بەردەوام لەئاڵ وگۆڕدایە و هیچ رێگایەکی بۆ وەستان تێدا نییە.

ئێستا با ببینین کە لە لایەن ئایینەکانەوە چ بەسەر هونەردا هاتووە.

سەرەتا لە ئایینی مەسیحییەوە دەستپێدەکەین:

لەگەڵ ئەوەی کەئایینی مەسیحی بلاّو بووەوە، میللەتی جۆراو جۆر روویان تێکرد و پەسەندیان کرد. گەورەکانی ئایینی مەسیحی، بەر لە هەمووشتێك فەلسەفەیان بۆ خزمەت بەئایینی نوێ راکێشا و کەڵکیان لە فەلسەفە وەرگرت بۆ باس وگفت وگۆی ئایینی.

لە بارەی جوانی وهونەریشەوە باوەڕیان لە سەر ئەوە بوو، کە نەفرەت لە پەیکەرتاشی بکەن، لەبەر ئەوەی کە کاری بت پەرەستانە و شانۆ بە کاری شەیتان بزانن، چونکە جوولێنەری هەستەکانە. سەرەڕای ئەوانە، راسپاردەیان دا بە پەیرەوەکانی ئایینی مەسیحی کە جوانییەکانی سروشت بخەنە لاوە و بیانخەنە ژێر پێوە، تامەجالی سەرنجدانی خوایان هەبێت. لە ناو ئەمانەدا جوانیش خرایە ریزی ناوەکانی خواوە.

ئەگۆستین قەدیس (٣٥٤- ٤٣٠ز)لە مەزنەکانی ئایینی مەسیحی، بە درێژایی ژیان، لە بارەی هونەر وجوانییەوە تووشی گۆمانگەلێکی زۆری باوەڕداری بوو. با دانپیانانەکانی خۆی ببینین:

((ئەو کات ئەم شتانەم نەدەزانی و شیفتەی جوانییە نزمترەکان بووم و هەروا بەرەو(اسفل السافلین) دەرۆیشتم و بە هاورێکانم دەگوت ((ئایا ئێمە عاشقی بێجگە لە



جوانییەکانیش دەبین؟جوانی چییە وکامەیە؟ چییە کەبەرەو خۆشەویستەکەمان هانمان دەدات و دەمان رفێنیێ؟چونکە ئەگەر لەوەیدا کە خۆشمان دەوێ هێزێکی راکێشان نەدەبوو، ئەوا دڵمان پێوە نەدەبەست. ...و تێگەیشتم کەلە جەستەیەکیشدا، جۆرێك جوانی هەیە، چونکە هەر جەستەیەك، کۆمەڵەیەك پێکدەهێنێ و سەرنجمدا، کەجوانییەکی بالاّتریش هەیە کە لە پێوەندی بەرامبەریەکی رۆحی هەر جەستەیەکە لەگەڵ جوانی رەهادا. راست هەر وەکو بەشێك لە لاشە لەگەڵ گشتیدا، یان پێوەندی پێلاّو لەگەڵ پێدا، یا هاوشێوەی ئەوانە. ئەم رامانە لە مێشکی مندا، لە ناو دڵمەوە پشکوت و وابزانم لە بارەی جوان و شایستەوە، دوو یان سێ کتێبم نووسیەوە.))

بێجگە لە کتێبی (دانپیانانەکان)، ئەگۆستین کتێبی (شاری خوا)شی نووسیوە. (شاری خوا) لە(مەدینە فازڵە)ی ئەفلاتوون دەچێت، بەو جیاوازییەوە کە لەباتی فەیلەسووف، خواوەندە کە حوکم دەکات و ئەم جوانییە رەهایە، کە خێری رەهاشە، لەلاشەی (عیسی درخ) وپاشان لە پێکهاتەی کەنیسەدا دەرکەوتووە و عیسا وکەنیسە لە شاری خوا)دا،لەسەرەوەن، لەبەر ئەوەی کە عیسا جەستەی مرۆیی وکەنیسە جەستەی بێ گیانی خواوەندە. بەلاّم عیسا خۆلّقێندراوە، نەك ئەوەی کە لە دایك بووبێت. لە سەرەتای بەشەریەتەوە بووە تا بەشێوەی عیسای ناسری لەجیهاندا دەرکەوتووە.

بەلاّم لەناو مرۆڤەکاندا، ئەوانەی کە لەگەڵ جوانی خێری رەهادا یەکدەگرن، جوانن، چونکە لە کۆت و بەندی خۆیان رزگاریان بووە هەرەها ئەوەیش کەدەڕبرینی ئەم چەمکانە، بەهۆی وشەکانەوە نەشیاوە و وەها ئامانجگەلێکی عیرفانی، رەنگە لە جەزبە یان گفت وگۆکانی ئێوارە خوانی کۆتایی مەسیحدا، بە تێگەیشتنی قسە رەمزییەکانی ئەو روون بنەوە.

بەم پێشەکییانەوە، ئەگۆستین قەدیس سەرەتا شیعر و شاعیری بەدووکەڵ وبا ناوبردن. چێژی مۆسیقای بەچێژێکی بازاڕی و وبێ سوود دانا و جێگای ئەو کەسەی کەشیعری هۆمیرۆس بخوێنێتەوە، لە ناخی جەهەننەمدا دیاریکرد. چونکە بەباوەڕی ئەو،((لە

بەرامبەر شیعردا هاندەدرێن و بۆ عاشقێکی گوناهبار، یان بۆ بێ نەوایەك كە لە بەر چاومانە و سواڵدەکات، زیاتر فرمێسك دەڕێژین. هونەری مەزن، تەنیا ئینجیلە و ئینجیل دەبێت جێی شیعرو ئەفسانە و درۆکانی وتاربێژەکان و گومرایی فەیلەسووفەکان بگرێتەوە.

نووسەرە مەسیحییەکانی تریش لاسایی ئەفلاتوونیان کردووەتەوە و هونەریان بە لاسایی کردنەوە داناوە. ئەوپەڕیی لاسایی کردنەوە لە شەیتان، کەخۆی لە سەرەتای خۆڵقاندنەوە، فێڵباز و درۆزن بووە.

بە کورتی، مەزنەکانی ئایینی مەسیحی، شیعر و هونەرە جوانەکانیان بەگومراکەرو هەڵخەڵەتێنەر دانان، بۆیە حەرامیان کردن و دواجار باشترین وێکچوونێك کەتوانیان بۆ هونەری پەیدابکەن، ئەوە بووکە ((هونەرە جوانەکان وەك ژنێکی خراپەکارە، کەلە باتی دەرمانی راستەقینە، ژەهرێکی شیرین دەکاتە ناو دەمی مرۆڤ وتوخمی بەرهەم هێنەری عەقڵی مرۆڤ، بەدرووی بێ بەری هەستەکان، بێ نرخ دەکات.

ئەگەری ئەوەی کە هەندێك لە ئاینەکان — نەك هەموویان — لایەنگرییەکی زۆریان سەبارەت بە هونەر دەربڕیوە، کەمە. بەڵام بەردەوام خودی هونەر — کە شاراوەیی ناپارێزێت مسکێکە کە بە شارەوەیی نامێنێتەوە — بۆئەوەی کە بمێنێتەوە، خۆی داوەتە لای ئایین و هەر لە بەر ئەمەشە کە دەبینین کەم کەم باوەڕی مەزنەکانی ئایینی مەسیحی دەگۆڕێت. هونەری پەیکەرتاشی بۆنواندنی مەسیح و مریەم بەکار دەبرێ. هونەری رازاندنەوە دەچێتە ناو کەنیسە و تەنانەت خودی ئەگۆستین قەدیسیش لەشیعردا حەقیقەتگەلێك دەبینێ و دوژمنایەتی خۆی لەگەڵ شاعیرەکاندا کەم دەکاتەوە و دەڵێ:

((درۆ، کە لە رواڵەتەکانی هونەرە، دوو جۆرە. یەکەم درۆ سەبارەت بە سروشت، دووەم سەبارەت بە بوونەوەرە زیندووەکان. شیعر درۆیەکە لە هی دووەم، کەبۆ کات بە سەر بردن دەگوترێت، هەر بۆیە بەهایەکی کەمی هەیە. بەڵام عەیبی هونەر لەوەدایە کەراستەو راست لاسایی ناکرێتەوە. بۆ نموونە شتێك کەلە وێنەکێشاندا دەنوێندرێت لەگەڵ حالەتە رەسەنەکەیدا، لەرووی رۆح، قسەکردن و جوولانییەوە، جیاوازە. بەم پێیە



هونەر، درۆی لەگەڵدایە و جۆرێك دەرخستن ونواندنی ناراستە و هونەرمەند دروستکەری شتێکە کە لە گەڵ حەقیقەتدا دژایەتی هەیە. بەڵام ئەگەر ئەم درۆیە زیان بەخش نەبێت، گوناهێکی تێدا نییە و تەنانەت کەمێك شەرافەتیشی تێدا دەبینرێ.))

هەر بەو جۆرەی کەدەبینین، مەزنەکانی ئایینی مەسیحی- ئەگۆستین قەدیس، بەرجەستەکەیانە- لەبەرانبەر هونەردا، سەرەتا روانگەی نەرێنییان هەیە و لەبەر ئەوەی کە ناتوانن پلەی باڵای هونەر رەتبکەنەوە ـ سەرەڕای ئەوەش بۆ بڵاو کردنەوەی ئایین، لە کۆمەکی هونەر بێ نیاز وهونەر وەك گەورەترین هاندەری رۆحی مرۆڤ دەبیننەوە- کۆمەك هەر لەم هونەرە گومراکەرە وەردەگرن و باوەڕەکانی خۆیان دەگۆڕن. تا ئەو شوێنەی کە ئەگۆستین قەدیس جارێکی تریش باوەڕی خۆی دەگۆڕێت و دەڵێت:

((شیرینییەك کە ئازار نەگەیەنێت، هەر چەندە کە سوودێکیشی تێدا نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە شیرینە، دڵخوازە. وەك شیعرو هونەرە جوانەکانی تر.)) لەشوێنێکی تردا دەنووسێت: ((ئەگەر هەستە چاکەکان بەهۆی هونەرەوە بورووژێندرێن، ئەوا هیچ زیانێکی تێدا نییە.))

## هونەر و ئایینی مەسیحی(٢)

کەسانێك کە ئەم وتارانە دەخوێننەوە، بێ شك لە بیریانە کە لەدووو تاری پێشوودا، چەند هۆیەکم هێنانەوە کە دنیای مەزهەب، بەردەوام دنیای هونەری بەرتەسك کردووەتەوە و هەوڵیداوە کە بیخاتە خزمەتی ئایینەوە و بەو لایەنە جووڵاوەی کە هونەر هەیەتی، بۆ بانگەشەی مەزهەبی سوودی لێوەرگرێت.

سەرەڕای ئەمەش، هەرکاتێك مەزهەبییەکان سەرنجیان داوەتە جوانی، خێرا چوونەتە ناو رێگای بەربلاوی جوانی ئەخلاق و لەئەنجامدا، بەو جۆرەی کەدەبێت، مافی بابەتەکەیان نەداوە و بە شێوەیەکی پێویست باسیان لێوە نەکردووە.

گومانی تێدا نییە ئەو پێناسەیەی کە مەزهەبییەکان لە جوانی دەکەن، پێناسەیەکی مەزهەبی و عیرفانییە. ئەم لایەنە عیرفانییە بە تایبەت لە هەموو

بەرهەمەکانی هونەری مەسیحیدا لەلایەکەوە رەنگی داوەتەوە ولەلایەکی تریشەوە لە هەموو بەرهەمەکانی سەدەکانی نێوەڕاست، لە شیعر و وێنەکیشان و بیناسازی وئەدەبیاتدا، رەنگیداوەتەوە و باشترین هونەری سەدەکانی نێوەڕاست، هونەرێکە کەلاسایی کاری خوایی دەکاتەوە. وێکچوونەکەشی دەپارێزێ ودواجار ئەو نەزم و هاوئاهەنگییە کە لە دنیادا هەیە، لە بەرهەمی هونەریدا دەردەبڕێت.

بە باوەڕی مەسیحییەکان، ((ئەو جوانی و هاوئاهەنگییەی کە لە دنیادا هەیە، نیشانە و ئاماژەی "خوا"ن. چونکە دنیا، زاتی فرەییە و ئەم یەکێتی و هاوئاهەنگییە و ئەو گونجانەی کەلەنێوان دژەکاندا هەیە، نیشانەی "خوا"ن ولە جوانترین شتەکانیشە. چونکە هاوئاهەنگی وگونجان، گەورەترین پلەی تاکایەتی "خوا"ن، کە دنیا دەتوانێت نیشانیان بدات. دنیا وێنەی ناتەواوی خوایە و لەحاڵی فرەییدا، یەکێتییەکەی نیشاندەدا.

((بەم پێیە دنیا شیعری خوایە. واتە شیعرێکی کێشدار کە خوا دایناوە. خوا بیناساز و پەیکەرتاشەکەیەتی. وێنەکێشان وپەیکەرتاشیی، وێنەکێش و پەیکەرتاشە گەورەکان، بەبێ ئیمزاکەیان، لەو هاوئاهەنگی و گونجانە تایبەتەوە کە بەکاریان بردووە، دەتوانین بناسینەوە. چۆن ناتوانین هەست بە دروستکەری جیهان بکەین؟ خوا لە هەموو جیهاندا دەرکەوتووە و نیشانەی بەجێ هێشتووە.))

و..."دنیا خاوەنی رێکخستنێکی تایبەتە، لەبەر ئەوەی کە خوا نەزمی خۆش دەوێت و خۆڵقێنەرییەتی. تەواوی شمەکەکانی دنیا بەپێی ئەندازە و گونجانی تایبەت بەدیهاتوون ولەگەڵ یەکتریدا گونجاون. "یەك" کەسەرچاوەی بوون وبنەڕەتی شتەکانە. هەر بەو جۆرەی کەژمارە یەك سەرچاوەی ژمارەکانە و ژمارەکانی تر، بە پەیوەست بوون پێیەوە بەدیهاتوون.))

بەڵام لێرەدا پرسیارێك بەدیدێت کە بۆچی خوا، کە خۆڵقێنەری جوانی وگونجان وئەندازە دروستەکانە، ناپەسەندی بەدیهێناوە؟ ئەگۆستین قەدیس لە پێشرەوانی ئایینی مەسیحی — ئەم پرسیارە دەکات و وەڵامیشی دەداتەوە: ناپەسەندی چییە؟



ناپەسەندی تەواو بوونی نییە. بەڵام شتگەلێك هەن، کەبە بەراورد لەگەڵ شتگەلی دیکە- کەگونجان وپێکهاتەی شایستەیان هەیە — خاوەنی کەماڵ وشایستەیی و پێکهاتەی جوان نین. کەواتە ناپەسەندی بریتییە لە ناتەواوی و نەبوونی رێژەیی. بەڵام ئەم گونجانانە رۆحگەلێك هەستیان پێدەکەن، کەتوانایی دۆزینەوە و دیتنیان هەبێت، تاسەیری هەموو شتەکان بکەن و پێوەندی و تایبەتمەندییەکانیان تێبگەن وجووڵێنەری شتەکان بناسن. کەواتە هەموو شتێك پێوەندی بەگونجانەکانەوە هەیە و کاتێك کە پێوەندییەکانمان زانین، دەبینین کەهیچ شتێك ناپەسەند نییە و هەموو شتێك بەشێکە لە سیستەمی جیهان و تەنانەت گوناهیش، کە پاداشتی درایەوە، ئەوا دواتر جوانی عەدالەت بەدیدێت. ((ئێمە وەك سەربازێکین لە ناو قشونێکی رێك وپێکدا، کە خۆمان هەست بە رێکییەکەی ناکەین و وەك وشەیەکین لەناو شیعرێکی کێشداردا، کەکێش وجوانییەکەی هەستپێناکەین.))

ئەم باوەڕە عیرفانیانە، لە سەدەکانی نێوەڕاستدا، لەگەڵ بنەماکانی هونەردا گۆنجێندراون و تۆماس قەدیس —یەکێکی دیکە لە پێشرەوانی ئایینی مەسیحی— جوانی وەها پێناس دەکات: ((جوانی شتێکە کە دیدە دەیبینێت و رازی دەبێت وکاتێك دیدە، شتێك پەسەند دەکات و رازی دەبێت، کە بەشەکانی گونجاو بن پێکەوە. هونەرمەندێکیش ئەم گونجانە هەستپێدەکات، کەخاوەنی توانایی و ئیلهامی خودایی و نیعمەتی دۆزینەوە و دیتن بێت و لەم حاڵەدا، ئیدی پێویستمان بە یاسا ورێساکانی بیرکاری نییە و زەینی هونەرمەند خۆبەخۆ سەرنجی پێوەندییەکان دەدات و هەر لە بەر ئەمەشە کە زۆربەی هونەرمەندە مۆسیقا زانەکان، ئاوازی کێشدار ساز دەکەن و لە رێساکانی بیرکاری نازانن.))

گومانی تێدا نییە، کە ئەم لایەنە عیرفانییە، لەلایەکەوە بووەتە هۆی ناروونی هونەرەکان وقوتابخانەی سیمبۆلیزمی بەدیهێناوە و لە لایەکی تریشەوە، هونەرمەندەکان ناچار بوون کە لە چاوەڕوانی دۆزینەوە و دیتندا راوەستن و ئەگەر ئەم نیعمەتە بەرهەڤ نەبوو، ئەوا لەبەدی هێنانی هونەر دەست هەڵگرن.

بەلاّم بۆ سەرچاوەی هونەرە سیمبۆلیستییەکان، دەبێت هەر لەم هونەرە مەسیحییەدا، بەدوایدا بگەڕێین. چونکە سەرەڕای ئەوەی کەئایینی مەسیح بۆخۆی ئایینێکی سیمبۆلیستییە، ئەوا بنەماکانی باوەڕە عیرفانییەکانی پێشرەوانی ئایینی مەسیح و پەیرەوەکانیشیان، لەبەدی هاتنی ئەم شێوازە هونەرییە و بەرفراوان بوونیدا، کاریگەرییەکی زۆریان داناوە. تاڕادەیەك دەتوانین بلێین کەئەدەبیات و هونەرە سیمبۆلیستییەکان لەسەر بنەمای ئەم باوەرە رۆژهەلاّتییە وەستاون: ((لەبەر ئەوەی خولّقێنراوەکانی خوا لە خۆی دەچن ـ هەرچەندە لە بەشگەلی جیاواز دروستکراون ـــ ئەوا بەهۆی ئەو هاوئاهەنگی و گونجانەوە کە لە نێوانیاندایە، رووە و یەکێتی دەڕۆن.))

کەواتە هەموو بوونەوەرەکان، خاوەنی ئەو شێوە رەهایەن و وەك سێبەرگەلێکی بێهێزن، کە لە حەقیقەتەوە بەدیهاتوون و بۆ دەرکەوتن لە گەلّ ماددەدا تێکەلّبوون. بە دەربڕینێکی تر، خوا حەقیقەتێکی رەهایە و خولّقێنراو، روالّەتێکی دەرەوەییە، کە بێگۆمان لە حەقیقەتەوە نزیکترە، تا لاسایی کردنەوەیەك کەلە هونەردا لەم سێبەرە دەکرێت .

بەلاّم ئێمە دەتوانین لە لاسایی کردنەوەی هونەریشدا، رەمزو شان وشەوکەتی خولّقێنەر بگونجێنین و بەم پێیە لە دەربڕینگەلێکی یەکگرتووەوە ماناگەلێکی جیاواز هەلّبهێنجین: ماناگەلی روالّەتی، عیرفانی، ئەخلاقی و هتد. کەواتە دەتوانین هەر بەو جۆرەی کە لە کێو و دەشتی سروشتدا، نیشانەی حەقیقەت دەدۆزینەوە، لە هونەریشدا دەتوانین ئەم نیشانانە دابنێین و لە ژێر پەردەی روالّەتیدا، مانایەکی قوولّ وناوەکی دابنێین. ئەلّبەتە ئەم چەمکە فراوان بوو و بوو بە هۆی بەدی هاتنی درکە، خوازەو وێکچونگەلی فراوان و سەرەنجام کار گەیشتە شوێنێك، کەمەسیحییەکان هەموو بوونەوەرەکانیان بەنیشانەی دنیای بالاّ، دانان. لە رووبارەکاندا باوك، کوڕ و "رۆح القدس" یان دانان و لە شێرو مانگا و هەلّۆشدا، مۆژدەیان دۆزییەوە. هێلکە شەیتانۆکەیان بەمانای هەستانەوەی عیسا و کۆتریشیان بە مانای (روح القدس)، لەئەدەبیات وهونەرە جوانەکانی دیکەدا



بەکار بردن. تەنانەت گیانلەبەرگەلێکی وەك پەپوولە و تاوس ومراوی ودارگەلێکی وەك بادام وگولّی سووریان -سەرەڕای مانا روالّەتییەکەی خۆیان- لە مانای عیرفانیدا دیتنەوە و بەمانای دووەم لە هونەرەکاندا گونجێندران و وێناکردن و خەیالّ پلاّوی لە ئەدەبیات وهونەردا، گەیشتن بەو پەری خۆیان.

بەم پێشەکییانە دەبینین کە ئایینی مەسیح، یەکەم: نرخێکی زۆری بۆ بنەما عیرفانییەکانیان — کەئەفلاتوون و بەتایبەت فلۆتین (دامەزرێنەری بزووتنەوەی فەلسەفی ئەفلاتوونییە نوێیەکان) دایاننابوون — داناو پاشان لەرادەبەدەر فراوانی کردن. دواتر لەرۆژهەلاّتدا و بەتایبەت لە ئێرانیشدا، تەسەوف وعیرفان گەیشتن بەو پەڕی خۆیان و ئەدەبیاتی فارسییان بەشێوەیەکی بێ وێنە فراوان کرد.

دووەم: تێبینی ئەوەکرا کە لە ئایینی مەسیحیدا، شیعرو مۆسیقا بۆ پروپاگەندەی مەزهەبی و وێنەکێشان و پەیکەرتاشی، بۆ رازاندنەوەی کەنیسە بەکار براون و هونەر وەك یەکەیەکی سەربەخۆ لەئایین — بەمانا ئەوڕۆییەکەی — بوونی نەبووە. پێشرەوانی ئایینی مەسیحی، تەنانەت شیعرو وێنەکێشانیشیان بە بەشێك لە حەوت سەنعەتەکە (رێزمان، رەوانبێژی، لۆژیك، مۆسیقا، بیرکاری، ئەستێرەناسی) دانەدەنان. شیعریان هەندێك جار بەبەشێك لە رەوانبێژی و هەندێك جاربەبەشێك لە لۆژیك و وێنەکێشانیشیان بەبەشێك لە زین سازی دادەنا. چونکە لەو کاتەدا، وێنەی زینەکانیان دەکێشایەوە.

بەلاّم لەسەر ئەو باوەڕە بوون، کەجوانترینی هونەرەکان، زانستە ئایینییەکانن، کەلە گەلّ رۆحی مرۆڤدا، پێوەندیان هەیە و لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە خوا گەورەترین هونەرمەندە، کەسروشتی دروستکردووە و مرۆڤیش لە هونەرەکانی خۆیدا، پێڕەوی لەو دەکات و بەهێزی دۆزینەوە و دیتنی خۆی، چاو لە سێبەرەکان دەکات و درێژە بەرێگای خۆی دەدات لەپێناو بەدیهێنانی هونەردا. لەحالێکدا کە کارەکەی ئەو لە چوارچێوەی ئامرازی ماددیدا بەرتەسك بووەتەوە، بەلاّم کاری خوا، بۆهیچ ئاستێك بەرتەسك ناکرێتەوە .

گومانی تێدا نییە کە ئەم باوەڕو دابەشکردنە دەمارگرژانەیە، بەزیانی هونەر تەواو بووە و لەو بارەوە لە وتاری پێشوودا، بەرادەی پێویست قسەی لە بارەوە کراوە. سەرەڕای قسەکردن لە بارەی ئایینی زەردەشت وئایینی مانی، ئەو کاریگەریەشم خستەوە بەرچاو کەئەم دووە، بەتایبەت لە رووی جوانیناسییەوە، لەسەر ئایینی مەسیحی کاریگەریان هەبووە.

سێیەم: دەرکەوت کە هونەری مەسیحی، تائاستێکی زۆر دامەزرێنەری قوتابخانەی سمبۆلیزمە لە ئەدەبیات و هونەردا. قوتابخانەیەك کەئێستا ئیدی بەتەواوی لە مەزهەب (ئایین) جیابووەتەوە و بۆ خۆی بەکەماڵ گەیشتووە. لەحالێکدا کە نابێت ئەوەش پشت گوێ بخرێ، کە سەرەڕای ئایینی مەسیحی، بنەماکانی باوەڕی ئەفلاتوون (ئایدیای ئەفلاتوونی) میتۆلۆژی یۆنان و سمبۆلیزمی رۆژهەلاتیش، لەدامەزراندنی ئەم قوتابخانەیەدا، بێ کاریگەری نەبوون و ئەم شێوازە کەڵکێکی زۆری لەوانە وەرگرتووە. تەنانەت گرووپێك لەجوانیناسەکان، بنەڕەتی سمبۆلیزمیان بە میتۆلۆژی یۆنانی داناوە.

زۆر روونە کەشانۆی مەسیحی — واتە نیشاندانی واقعیەت لەجل وبەرگێکی دیکەدا — تادەسپێکی سەردەمی رێنسانسیش، هەروا کاریگەری خۆی لەسەر هونەرە مەسیحییەکان، پاراست. بەبێ ئەوەی کە سەرنجی سەرچاوەکانی بدەین.

دانانی کاریلە و شوان وەك رەمزی عیسا ، ماسی وەك نیشانەی ئاو ، تەعمید بە ئاو وەك باوەڕ ، ئاسك وەك رۆحی تینووی تەعمید ، کەشتی وەك نیشانەی کەنیسە ، تاوس وەك رەمزی هەتاهەتایی ، خاچ وەك رەمزی لە دایکبوون ومردن ، تەنانەت لە سەردەمی ئێمەشدا، کەم و زۆر لە هونەرە مەسیحییەکاندا، لەئارادان.

## هونەر و ئایینی ئیسلام(١)

لەسەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی زایینیدا- کەسەدەی تاریکی ونەزانی بوو لە ئەوروپا و پیاوە ئاینییەکانی مەسیحی بە سەر هەموو ئەوروپادا زاڵبوون — ئیسلام سەری هەڵدا. سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئیسلام بەشەڕ و گرتنی دەوڵەتەکان و



پروپاگەندەی ئایینی نوێ تێپەڕی  و بەم پێیە جێگەیەکی ئەوتۆ بۆ پێشکەوتنی هونەر نەمایەوە. بەتایبەت نەتەوە زاڵبووەکان بۆ خۆیان خاوەنی بەهرەیەکی ئەوتۆ نەبوون. بەم پێیە هەموو خەمی ئایینە نوێیەکە — بەر لە هەر کارێکی تر — بوو بە خەبات بەدژی بوت پەرەستی و بێ باوەڕی و ئەخلاقی ناپەسەندی عەرەبەکان و جەورو ستەم و شتی تری لەو بابەتە.

بابەتی کتێبی ئایینی قورئانیش زیاتر پاك کردنەوەی ئەخلاق و یەك خودایی بووە نەك تەنیا ئاسەوارێکی ئەوتۆی لە پێوەندی لەگەڵ هونەرو پێشخستنی تێدانەبوو، بەڵکو روانگەی (نەرێنی)شی، سەبارەت بە هونەرەکان تێدا دەربڕابوو. لەم بارەوە لە قورئانی پیرۆزدا نووسراوە: ((الشعراء یتبعهم الغاوون. الم تراهم فی کلّ واد یهیمون.{سورەتی شعراء،ئایەتی٢٢٤} {گومراکان پێرەوی لەشاعیرەکان دەکەن. ئایا نەتان دیتووە کەلە هەمووکارێکدا، (شاعیرەکان) سەر سورماون؟

هونەری پەیکەرتاشیش چارەنووسی هەرلەسەرەتاوە روون بوو. لەترسی ئەوەی کەوەك بوت، نەبێتە پەرەستراوی پەیکەرتاشەکان، یاساغ کرابوو. بەلاّم لەبارەی هونەری وێنەکێشانەوە، لە قورئاندا ئایەتێکی ئەوتۆ نییە، کە بە روونی و راشکاوی یاساغ کرابێت، بەلاّم لەبەرامبەردا، لە فەرموودەکاندا لەگەڵ یاساغ بوونی نیشاندانی وێنەی  کەس وگیانلەبەراندا، رووبەڕوودەبینەوە. لەم وتارەدا، مەجالی نیشاندانی هەمووی ئەو فەرموودانە نییە کەباس لە یاساغ کردنی وێنەکێشان دەکەن، بەڵکو تەنیا دوو فەرموودە لە (سفینة بحار) لەبارەی **(علە اختلاف صور المخلوقات)** دەهێنرێنەوە: **((عن النبی (ص) قال: اشد الناس عزاباً یوم القیامة رجل قتل نبیا او قتلة نبی او رجل یضل الناس بغیر العلم او مصور یصور التماثیل))** هەروەها ئەم فەرمودەیەش: **((عن الصادق علیه السلام، قال ثلثة یعزبون یوم القیامه... من صور صورة من الحیوان، یعزب حتی ینفغ فیها.))**

دەربڕینی وەها بۆچونگەلێك سەبارەت بە هونەری وێنەکێشان، بوو بە هۆی بەدی هێنانی کۆمەلێك ئاڵوگۆڕی تایبەت لەهونەری وێنەکێشانی ئیسلامیدا. رەنگە

هێواشی بەرەوپێش چوونی ئەم هونەرە لەئێرانی دوای ئیسلامدا، تائاستێکی زۆر بەهۆی ئەم رێگرە ئاینییەوە بووە. بەلاّم ئاسەوارەکانی ئەم رێگریە ئاینییە، لەوێنەکێشانی ئیسلامی وئێرانیدا، تارادەیەکی زۆر بەو شێوەیەیە کە لە پەرستگە و مزگەوتە ئێرانی وئیسلامییەکاندا، لەگەڵ بوونەوەرگەلی زیندوودا بەرەو روو نابینەوە، بەڵکو لەبەرانبەردا گوڵ وگیا و وێنەگەلی رازاندنەوە و شێوە هەندەسی شێوازمەندمان بەرچاو دەکەون، کەبەنەخشاندنی زۆر وەستایانە، دیوار و گومەز و منارەی مزگەوتە ئێرانی وئیسلامییەکانیان، رازاندووەتەوە.

ژالی فور، لەکتێبی (مێژووی هونەر)دا، لەبارەی هونەری ئێرانی — ئیسلامی وکاریگەری ئاینی ئیسلام لە سەر ئەم هونەرە، ئا بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت: ((لە ئێراندا، بەتایبەت لەشاری ئیسفەهاندا ئەو مزگەوتە جوانانەی کەگومەزە خڕ یا شەش پاڵووەکانیان سەریان لەئاسمان چەقاندووە، باشترین نموونەی زەوق وهونەری ئێرانین. ئەو منارە بەرزانەی کە زۆر لە دارکاجە جوانەکانی ئێران دەچن، یادگاری بەرجەستەی رابردووی پرشکۆی ئەم نەتەوەیەن. لە سەر رووی ئەم گومەزو منارانەوە، رەنگە شین، فیروزەیی، سوورو سەوز و زەردەکان، دەرکەوتنێکی زۆریان هەیە.

((لەبەر ئەوەی کێشانەوەی بوونەوەری گیاندار لەئاینی ئیسلامدا حەرامە، بۆیە شێوە و وێنەگەلێك دەبینین کە لە هونەری ئێرانیدا "بەتایبەتی" ئەوپەڕی سەرنجیان دراوەتێ. هێڵی سادە و ئاسایی وهێڵی راستەوخۆ لەو وێنانەدا جێگایەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵکو ئەم هێلانە، زۆرگۆڕاون و لە چەپ وراستەوە، چەمانەوە، قەوس وپێچ وخەمێکی زۆریان لەسەر ئەنجامدراوە. ئەم شێوانە، هونەری ئیسلامی لە هونەرەکانی دیکە جیادەکەنەوە، ئەمە ئیدی جۆرێك غەریزەی شێوە پەسەندە، کە تێرکراوە و ئەم هەموو شێوە سەیر وسەمەرەیەی لە مزگەوتە ئێرانییەکاندا، لە وێنەکێشانی ئێرانی، لە فەرشی ئێرانی و گەچ برینی ئێرانیدا، بەدیهێناوە.))

بەم جۆرە، هۆی گەشەی زیادی فەرش چنین و کاشی سازی و گەچکاری لە سەردەمی ئیسلامدا، بەچاکی دەردەکەوێت. بەلاّم هەل و مەرجی مۆسیقاش لە ئایینی



ئیسلامدا، لە وێنەکێشان چاکتر نییە و تەنانەت دەتوانین بڵێین کە رێگری ئایینی لەم بارەوە، توندتر بووە. ئەوەندە بەسە کە سەرنجی هەل و مەرجی مۆسیقا لە ئێرانی دوای ئیسلام بدەین. لە ولاتێکدا کە خەڵکەکەی بەر لەوەی کە ئەم ئایینە نوێیە وەرگرن، بێ موتریب، مەیان نەدەخواردەوە (بە وتەی فردەوسی وحەمزەی ئیسفەهانی)، لە ولاتێکدا کەلە کۆنترین سەردەمەکانەوە، زەمزەمە و سروودە ئایینییەکانی (گاتاکان) بەئاوازەوە دەخوێندرانەوە... لەوەها ولاتێکدا دوای دەسەلاتی ئایینە نوێیەکە، مۆسیقا یاساغدەکرێت، ئامێرەکان دەشکێندرێن و چەنگەکان دەخرێنە لایەکەوە. درێژەی ئەم رێگریە مەزهەبییە، بەجۆرێك بەردەوام دەبێت، کەلە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا، ئیدی بەتەواوی خوێندنی مۆسیقا لەقوتابخانە و ناوەندەکانی فێرکردندا یاساغ دەکرێت، بێجگە لە سۆفییەکان ـ کە لە خەڵوەتەکانی خۆیان بەکاری دەبەن ـ تارادەیەکی زۆر فێرکردنی مۆسیقا یاساغ دەکرێت و بێ شك کە هۆکاری خورافاتی رەگەزی مەغۆلیش لەم یاساغکردنەدا، کاریگەرە. بەلاّم سەرەرای ئەم هەموو ریگری ویاساغکردنانە، هونەر سەرلەنوێ رێگاکەی خۆی دەدۆزێتەوە، چونکە ناتوانێت بۆ هەمیشە بێ دەنگ بێت. مۆسیقا لە سەردەمی عەباسییەکاندا، لە دەرباری خەلیفەکاندا جێی خۆی دەکاتەوە و بەرەبەرە نفوز و کاریگەریەکی زۆر لەنێو دەزگای خەلافەت و خەڵکدا، پەیدا دەکات. گومانی تێدا نییە کە عەرەبەکان، مۆسیقا بەشێوەیەکی کردەیی لەئێرانییەکانەوە فێربوون و مۆسیقای ئێرانی، لەسەرچاوە سەرەکییەکانی مۆسیقای دوای ئیسلامە. بەلاّم بۆجارێکی تریش هەرهەمان ئەو خەلیفانە ـ سەرەرای حەزێکی زۆر بۆ مۆسیقا ـ ئەم هونەرە خۆشەویستەیان، لە هەمان کاتدا کە بەسەرمایەی شادی وتەرەب دادەنا، وەك گوناه وکردەوەی شەیتان چاو لێ کردووە. لەمێژووی مۆسیقای عەرەبدا، (ناوی ئیبراهیم ماهان) ی ناسراو بە (موصلّی) ـ لە دایکبووی ١٢٥کۆچی ـ وکورەکەی (ئیسحاق) ئەوەندە بەناوبانگە، کەچەندین چیرۆکیان لە بارەوە دروستکردوون، کەلەم چیرۆکانەدا، کاریگەری ئایین بە ئاشکرایی دەبینرێ. سەرنجدانی ئەم چیرۆکە ـ کەلەبەرگی پێنجەمی (اغانی)ولاپەڕەکانی ٣٦و٣٧ەوە،وەرگیراوە ـ نیشاندەدا، کەموسڵمانەکان بەچ دڵە

راوکێیەکەوە، چاویان لە مۆسیقا کردووە و کێیان بە ئیلهامبەخشی مۆسیقازانە گەورەکان زانیوە:

((ئیبراهیم گوتوویەتی کە شەوێك لە ژوورەکەمدا دانیشتبووم، کە پیرێك بە قەلاڤەتێکی سەیر و سەمەرەوە هات و لە پەنامدا، دانیشت. بانگێشتم کرد بۆ نان خواردن، نەیخوارد و گوتی، خوراك خواردن کاری مرۆڤەکانە. شەرابم پێدا، وەری گرت و چەند قومێکی لێ خواردەوە. پاشان داوای لێکردم کە ئاوازێکی بۆ لێبدەم و گۆرانییەکی بۆ بڵێم. پەسەندم کرد و عوودەکەم هەڵگرت و دەستم دایە ژەنین و گۆرانی گوتن. ئافەرینی پێ گوتم و گوتی: کە هاوتات نییە لە هەموو جیهاندا. پاشان عوودەکەی لێ وەرگرتم و بۆخۆی دەستیکرد بە مۆسیقا لێدان و گۆرانی وتن. ئەندامەکانی لەشم و دەرودیوار دەستیان کرد بە جووڵە. ئەو ئەوەندە بە باشی گورانی گوت، کە من شەرمەزار بووم. پاشان عوودەکەی دامەوە و منیش هەمان ئەو ئاوازەم ژەنییەوە. پاشان ئەو چوو و منیش هاتمە دەرێ و لە ئەندامانی ماڵەوەم پرسی، کە ئایا ئاوازێکیان بیستووە یا نا؟ گوتیان بەڵێ و لە ژیانماندا شتێکی ئەوتۆمان نەبیستووە. پاشان چوومە لای دەرکەوانەکە و لێم پرسی، ئایا پیاوێکی ئا بەو شیوەیە، کە لەلای من هاتە دەرەوە، دەزانی بەرەو کوێ رۆیشت؟ گوتی سوێند بە خوا، کە وەها کەسێك قەد لەم دەرگایەوە نەچووەتە دەرێ. بە سەڕسورمانەوە گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم. لەناکاودا گورانییەکم بیست، کە گوتی ((ئیبراهیم پێت سەیر نەبێ! ئەو پیرەی کە هاتە لای تۆ، من بووم، کە شەیتانم (ئیبلیس) و ویستم ئەو دوو ئاواز و گۆرانییەت فێربکەم. چوومە لای هاروون و بە درێژی بۆم گێڕایەوە. فەرمانیدا، کە عوودەکە هەڵگرم و ببینم ئایا ئەو دوو ئاوازەم لەبیرن یان نا. عودەکەم هەڵگرت و بە تەواوی هەردوو ئاوازەکەم ژەنین. هاروون پێکەنی و گوتی کە ((لەگەڵ شەیتاندا تێکەڵ بووی!...))

...و بۆ جاریکی تریش هەمان ئەو شەیتانە، هەمان ئەو شەیتانە بێزراوە لە ئاییندا، هەمان شەیتانی دەرکراو لە ئاسمان، دەبێتە سوکنایی دەری مۆسیقازانە گەورەکان و دەچێتە بەرگی مامۆستای مۆسیقاوە و ئاوازی بێ وێنەیان فێردەکات.



## هونەر و ئایینی ئیسلام(٢)

لە وتارەکەی پێشوودا گوتمان کە رێگریی ئایینی، بەتایبەتی لە ئێرانی دوای ئیسلامدا، بوو بە هۆی هەرەسهێنانی هونەرەکانی مۆسیقا و وێنە کێشان و ئێستا ئیدی دەبێ بڵێین کە پێویستی خواپەرەستیش بووەتە هۆی گەشانەوە و پێشکەوتنی هونەری بیناسازی، بەتایبەتی دروستکردنی مزگەوتی مەزن لەسەردەمی ئیسلامدا. بەلاّم ئایا مزگەوتەکان لەرووی چ مۆدیلێك ونموونەیەکەوە درووستکراون؟

عەرەبە بەربەرو بیابان نشینەکان، کەبیناگەلی جێی سەرنجیان نەبوون و لەهونەری بیناسازیشدا ئەوەندە لێهاتوو نەبوون، کە بتوانن مزگەوتێکی مەزنی ئەوتۆ بهێننە کایەوە، بۆیە بەناچاری لەم بەشەدا، هەم لە میللەتە داگیرکراوەکان، بەتایبەت ئێرانییەکان، هاوکارییەکی مەزنیان وەرگرت.

تەبەری دەنوسێت کە لە ساڵی پەنجای کۆچیدا، لەبنیاتنانەوەی مزگەوتی کوفەدا، بیناسازگەلێك بەشدارییان کرد، کەزۆربەیان موسڵمان نەبوون، سەرەرای ئەوەش بینای مزگەوتەکە لەبەردەستی بیناسازێکدا بوو کەپێشترلە ژێرفەرمانی دووایین پاشاکانی ساسانیدا کاری کردبوو. {وەرگرتنی مانایی} بەلاّم بنەرەت ومۆدیلی مزگەوتەکە ـ بەو جۆرەی کە شوێنەوارناسەکان لێکی دەدەنەوە ـ ماڵی پێغەمبەر(ص) بووە لەمەدینەدا. ئەم ماڵە حەوشەیەك بووە، کە چواردەورەکەی بەدیوارێك دەورە گیرابوو، لە لایەکەوە کۆمەڵێك ژووری بۆنیشتەجێ بوون هەبوون و لەلایەکی دیکەشەوە هەیوانێکی هەبوو، کە ستوونەکانی لەقەدی دارخورما پێکهاتبوون. رێورەسمە مەزهەبییەکان، لەم بینایەدا بەسەر کەوتنەوە ئەنجامدەدران. چونکە ئەوەی بۆ جێ بەجێ کردنی رێورەسمە ئایینییەکە پێویست بوو، بریتی بوو لە: رووکردنە قیبلە لە لایەن نوێژکەرەکانەوە، حەوز بۆ دەست نوێژگرتن وشوێنێکیش بۆ راوەستانی نوێژکەرەکان و پاراستنیان لە گەرمای خۆر. لەم بینا سادانەوە، دواتر مزگەوتگەلێکی مەزن بەدی هاتن و لە هەموو ولاّتێکدا، بەپێی پێویستییە ناوچەییەکانی ئەو ولاّتە گۆڕانیان بەسەردا هات. بەلاّم ئایا دەتوانین کاریگەری بیناسازی نەتەوە شکستخواردووەکان، بەتایبەتی ئێرانی،

لەبیناسازی ئیسلامیدا رەتبکەینەوە؟ ئایا بینای ئاتەشکەدە ئێرانییەکان، هیچ کاریگەرییەکی لە سەر مزگەوتە ئیسلامییەکان نەبووە؟ ئایا لە دروستکردنی ئەم مزگەوتە مەزنانەدا، دەستی بەتوانا و لێهاتوویی ئەو بیناسازانە لە ئارادا نەبووە کە پێشینەکانیان تەختی جەمشید، تاقوەسان و مەداییننیان بەدیهێناون.

بەڵام لەهەمان کاتیشدا گومان لەوەدا نییە، کە ئایینی ئیسلام لە بیناسازی و بەردهەڵکۆڵی، بەکورتی هونەری ئێرانیدا، کاریگەرییەکی قووڵی داناوە. کاریگەری نەرێنی ئەم ئایینە، لە هونەری وێنە کێشان ومۆسیقادا پێشتر باسمان لێوە کرد و کاریگەرییە ئەرێنییەکەشی، لە بیناسازی ئێرانیدا، تارادەیەك بەو جۆرەیە کەسەرەتا بینای مزگەوتەکان دروستکران وبیناسازە ئێرانییەکان، بەدرێژایی سەدەکان، هەموو هونەرو لێهاتوویی خۆیان لە رازاندنەوە و دروستکردنی مزگەوتدا بەکاربرد و شاکارگەلی گەورەیان بەدیهێنان.

یەکێکی تری ئەوە بوو کە وێنەی مرۆڤ، بەتایبەتی گیانلەبەریان گۆڕی بۆ سەر شێوە و شکڵی جیاواز و لەم کارانەشدا ئەوپەڕی لێ هاتوویی و ووردبینیان خستە کار، بەتایبەتی سوودیان لە نوسینی (خەتی) عەرەبی (کوفی) وەرگرت بۆرازاندنەوەی پەراوێزەکان، چونکە پیتەکانی نووسینی کوفی، خاوەنی رێسای ئاسۆیین و کاتێك کە بکەونە پاڵ یەکتر، پەراوێزێکی رێك و پێك پێکدەهێنن. لەم رووەوە، بۆرازاندنەوەی پەراوێزی کتێبەکان زۆر گونجاون، هەر لەبەر ئەمەشە کە لە زۆربەی مزگەوتەکاندا، ئەم خەتە  بە رازاندنەوەیەکی یەکجار زۆرەوە، وەك جوانترین پەراوێز بەکار براوە و ئەوەندە پەرەی گرتووە، کە تارادەیەکی زۆر هیچ خەتێك لەدنیادا بەڕادەی خەتی کوفی بۆرازاندنەوە، بەکار نەبراوە.

# فەلسەفەی جوانیناسی لە ئیسلامدا

ئەوەی کە گوترا لایەنی کردەیی ئایینی ئیسلام بوو، لە سەر هونەرەکان. بەلاّم لەرووی فەلسەفی و تیۆرییەوە تارادەیەکی زۆر سەرنجی موسلّمانەکان خرایە سەر ئەوەی کە فەلسەفەی یۆنان شیبکەنەوە و وەسفی بکەن. چونکە سەرچاوەی فەلسەفە ـ لەسەردەمی کۆندا ـ ولاتی یۆنان بوو و هەندێك لە فەیلەسووفە ئیسلامییەکانیش، سەرنجیان بۆلای فەلسەفەی یۆنانی راکێشرابوو. سەرەڕای ئەوەش، موسلّمانەکان ناچار بوون کەتەنانەت فەلسەفەی (مەزبور)یش بخەنە خزمەتی ئایینەوە، بۆئەوەی لە مەترسی لەناوچوون بپارێزرێ.

(ئەبو نەسری فارابی، ئەبو عەلی سیناو غەزالی)سێ فەیلەسوفی مەزنی رۆژهەلات، باوەڕی فەیلەسووفەکانی یۆنانیان بەباشترین شێوە، شیکردەوە. بەلاّم تەنانەت ئەم سێ فەیلەسووفە گەورەیەش، بنەما فەلسەفییەکانی یۆنانیان بۆسەلماندنی بنەما ئایینییەکان بەکار برد.

(ئەبونەسری فارابی) (٢٦٠-٣٣٩ کۆچی) کەلە لۆژیك، فەلسەفە، بیرکاری، پزیشکی ومۆسیقادا گەیشتبوو بەوپەڕی زانست وبالاّیی لەسەردەمەکەیدا و زمانە باوەکانی ئەوکاتی دەزانین، ئەوجاریش خۆی بەقوتابی ئەرەستۆ دادەنا و باسی لەوە دەکرد، کەکتێبی (سماع) ی ئەرەستۆی چل جار خوێندووەتەوە و هێشتاش هەر بە پێویستی دەزانی کە بیخوێنێتەوە. هەروەها دەیگوت ئەگەر من لە سەردەمی ئەرەستۆ گەیشتبام، ئەوا بە گەورەترین قوتابی ئەو دادەنرام. لەکتێبی بەناوبانگی (آراء مدينة فاضلة)دا، ئەو ئارەزووانەی کە ئەفلاتوون بۆ پێکهێنانی (مەدینە فاضلة) هەیبوون، باسیان لێوە دەکرێت و لە کتێبێکی دیکەشدا بەناوی (کۆکردنەوە لەنێوان رای ئەفلاتوون وئەرەستۆ) هۆگری ئەو سەبارەت بە فەیلەسوفە یۆنانییەکان ئاشکرایە.



بەم پێیە بۆ شیکردنەوەی فەلسەفەی جوانیناسی لە ئیسلامدا، باشترە کە ئاوەکە لە سەرچاوەکەوە هەلّگۆزین و راستەوخۆ بچینە خزمەتی ئەفلاّتوون وئەرەستۆ. بەلاّم لە هەمان کاتیشدا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لێکۆلینەوەکانی فارابی لە مۆسیقای زانستی رۆژهەلاّتدا، زۆر گرنگن وتەنانەت دەتوانین بلّێین کە مۆسیقای ئێرانی، بە دەستی فارابی دارێژراوە. چونکە فارابی یەکەمین کەسە کە کەوتە بیری رێکخستنی مەقامەکان و ئەندازە گرتنی مەوداکان.

نووسراوە بەناوبانگەکەی فارابی لە مۆسیقادا، لە دوو بەرگدایە، لەژێرناوی (كتاب الموسيقى الكبير)، کەبەداخەوە بەرگی دووەمی لەنێو چووە. خالّی جێی سەرنج لەم نووسراوەیەدا، باسێکە کە فارابی لە روانگەی دەروونناسییەوە، سەبارەت بە بەهای هونەر دەیکات. رەنگە سەرنجدانی ئەم بنەمای دەروون ناسییەی هونەر بووبێت، کە فارابی هەولّیداوە کاریگەری هونەرەکەی خۆی لەکۆڕی (سيف الدوله)دا، تاقیبکاتەوە و بەنالّەی تارەکەی کۆمەلّێك وەگریان بخات و بەئاوازێکی دیکەش، هەمان ئەو بیسەرانە وەپێکەنین بخاتەوە و دواجار بیان خەوێنێ.

دەتوانین بلّێین کە ئەبو عەلی سینا {(٣٧٠-٤٢٨)کۆچی }ی، گەورەترین فەیلەسووفی ئیسلامیش توانی زانست وفەلسەفەی یۆنانی کۆن بە لێزانی و توانای داهێنانی تایبەت بەخۆ، بەشێوەیەکی گونجاو بخاتە خزمەتی زانا ئیسلامییەکان. لەکتێبی (شەفا) دا، لەو باسانەدا کە کەلەبارەی شیعر ولۆژیکەوە نووسیونی، شتێکی ئەوتۆی بەقسەکانی ئەرەستۆوە زیاد نەکردووە و وتەکانی مامۆستاکەی بەتەواو و بێ هەلّە داناونەتەوە. ئەلّبەتە قسەکانی ئەرەستۆی کت ومت نەهێناونەتە سەرزمانی عەرەبی، بەلّکو بەسەلیقە و داهێنان و روانگەیەکی بەرفراوانەوە، کەتایبەت بەم فەیلەسووفە گەورە ئێرانییەیە، باسەکانی سەر لە نوێ دارِشتوونەتەوە.

لە پێوەندی لەگەلّ مۆسیقاشدا ناوبراو لە سێ بەرهەمی خۆیدا، لەم بارەوە قسەی کردووە- لەوانە بەشێك لە کتێبی (شفاء). ئەم هونەرە، شەش وتارو هەر وتارێکیش چەند بەش لە خۆ دەگرێت کە بەم شێوەیەیە: لە پێشەکی کتێبی(نەجات)دا، لەناو

پێرستی کتێبەکەدا، دوای بەشی (علوم الریاضة) بەشێکمان لە ژێر ناونیشانی ((کتاب الموسیقی للشیخ الرئیس ابو علی بن سینا من جملة کتاب النجاة))دا، دەکەوێتە بەرچاو. بەلاّم لە زۆربەی نووسینەکاندا ئەم بەشە کەوتووە. هەروەها لە (دانشنامە علایی)شدا، کەبەزمانی فارسییە، ئەبو عەلی سینا لە بارەی مۆسیقاوە قسەی کردووە. ئەو پێناسەیەی کە ئەبو عەلی سینا لەبارەی مۆسیقاوە دەیکات، زۆر سەرنجڕاکێشە ((مۆسیقا زانستێکی بیرکارییە، لە بارەی (احوال نغمات من حیث ملایمە و التنامز و احوال الازمنە بین النغمات...))

لە بەرهەمەکانی ئەبو عەلی سینادا، مەسەلەکانی دارشتن و دانان و تەسنیفکردن لە مۆسیقادا و شیکردنەوەی ئامرازەکانی مۆسیقا، بە دوور و درێژی باسی لێوەکراوە. بەلاّم بەو جۆرەی کە باوە لەو بەرهەمانەدا کە ئەبو عەلی سینا لە بارەی مۆسیقاوە دایناون، کاریگەری (ئەقلیدس) زۆر بەرچاو و تەنانەت هەندێك لە سەر ئەو باوەڕەن، کە نووسراوەکانی ناوبراو لەم پێوەندییەدا، وەرگێڕانێکن لە بەرهەمەکانی ئەقلیدس. دانی بریار لەم بارەوە، لە حالێکدا گونجاوە کە بەرهەمەکانی ئەقلیدس لەگەلّ نووسراوەکانی ئەبو عەلی سینا بەراورد بکەین. {نووسەری ئەم دێڕانە، بەشی هونەری نۆیەم، لە یەکەمین باسەکانی بەشی یەکەم لە لۆژیکی شیعروجۆرە هونەرییە شیعرییەکان وبەشەکانی شیعری یۆنانیم، لەکتێبی (شفا)دا، لەگەلّ بەرهەمەکەی ئەرەستۆ (بوتیقا) بەراوردکردووە و بەو ئاکامە گەیشتم، کەئەبو عەلی سینا وەرگێڕانێکی ئازادی لەو کتێبە کردووە و لە هونەری شیعردا، روانینێکی جیاوازی لە ئەرەستۆ هەبووە} بەلاّم بەراوردکردنی بەرهەمەکانی دیکەی ئەبو عەلی سینا و بەتایبەتی چاپ وبلاّوکردنەوەی نووسراوە چاپ نەکراوەکانی، لە گەورەترین شانازییەکانی ئەم ولاّتە و لە بەهرەمەندە گەورەکانی ولاّتەکەمان دادەنرێت. بەتایبەتی لەم کاتەدا، کە جێژنی هەزار سالّەی ئەو بەرێوە دەچێت (کاتی نوسینی ئەم وتارە)، زۆر پێویستە و هەلّبەت ئەمەش لەئەستۆی کەسانێکدایە، کە زانیاری هونەری ورد و باشیان هەبێت. ئەوەی کە



لێرەدا، بەم شێوە کورتە باس لە نووسراوەکانی لە پێوەندی لەگەلّ مۆسیقادا کرا، بۆ ئەوە بوو کە جێگە پێیەك بکەینەوە تا هاوکاری هاورێیانی دیکە لە دارشتنی مۆسیقای ئێرانی بکات و بەرەو کەنارێك رێنوێنیان بکات.

بۆ ناسینی جوانی لە هونەری ئیسلامیدا، دەبێ بەتایبەتی سەرنجی هونەرە(کەلامی)وبیناسازییەکان بدەین. جوانی کەلام، درێژەی هەمان ئەو جوانییە کەلامییەیە کە بۆتیقاکەی ئەرەستۆ بەهۆی ئەبو عەلی سیناوە پەرە پێدەدا و دەبێتە بناغەی (رەوانبێژی) لە ئیسلامدا.

بەلاّم دەتوانین بیناسازی ئیسلامی لە بنەڕەتیترین تایبەتمەندییەکانیدا، لەرووی فۆرم و تەکنیکەوە، بەدرێژەی بیناسازی ساسانی و بێزەنتینی دابنێین. لە ولاتە نزیکەکانی ئێراندا، بنەڕەتەکانی هونەری ئیسلامی، ئێرانی و لە قەلّەمرەوەکانی نزیکی بێزەنتیشدا، بنەڕەتەکانی رۆمایین و لەم رێرەوەدا، دەبێ سەرنجی بینای مزگەوت وکۆشکەکان بدرێت. بەم جۆرە، بەشێوەیەکی گشتی هونەری ئیسلامی، پێکهاتەیەکی وەکۆلّ هاتووی هونەری ولاّتە پەیرەوەکانە و سەرچاوەی وەکولّ هاتنەکەشی، باوەڕ بەخوای تاك وتەنیایە و یەکێتی ئیسلامی، کاملّترین بنەمای یەکێتییە و ئەم یەکێتییە، رەمزی جوانیناسی هونەری ئیسلامییە.

راستە کە هونەری ئیسلامی هونەرێکی پێکهاتوو لە بەشە جۆراو جۆرەکانە، بەلاّم رۆحی ئیسلامی، هەمووی ئەم بەشەجیاجیایانەی پێکەوە بەستووە، بەو جۆرەی کە لەگەلّ ئەو هەموو جیاوازییانەی کە بەشە جیاجیاکان هەیانە و لە هەر ولاتێکی پەیرەوی ئیسلامدا، هونەری ئەم ولاّتە لە سەر بنەمای هونەری بەر لە ئیسلام شکلّی گرتووە، کەچی بەم حالّەشەوە یەکێتیەك لە نێوان هونەرەکانی ئەو ولاّتەدا هەیەو سەرچاوەی ئەمەش لە بنەمای تاکایەتییەوەیە (واتە باوەڕ هەبوون بە خوای تاك وتەنیا).

ئەو خالّەش کە رازاندنەوەی مزگەوتەکان بە زۆری بەختەتی کوفی گۆشەدار و هێلّی پێچاو پێچ و تەونکاری و گولّ و لاولاو و بنەگیا و گرێیەکان ئەنجامدراوە، بەهۆی هەمان ئەو بنەمایەیە  کە لە یەکەمین بنەمای تایبەتمەندییە ئیسلامییەکانە.

رازاندنەوەی بیناسازی مزگەوتەکان، لەشێوەگەلی هەندەسی هاوڕێ لەگەڵ شێوە گیاییەکان، پێکهاتووە. لە زۆربەی میحرابەکاندا دەبینین کە چەند تاقێك لەناویەك دروستکراون و ئەگەر لە تاقێکدا رازاندنەوە هەندەسییەکان بەکاربراون، ئەوا دوو تاقی دیکە بەنەخش ونیگاری گیاییەوە، دەوریانداوە.

ئاکام ئەوەیە کەجوانیناسی هونەری ئیسلامی، لە سەربنەمای یەکێتی لە زۆرینەدایە و خەتی هونەری ئیسلامیش، بازنەیەکە ناوەندەکەی خوڵقێنەری جیهانە و ئەم مۆری یەکێتییەـ کە لەتەوێڵی هونەری ئیسلامی دراوەـ ئەم هونەرە لە هونەری وڵاتە نامۆسڵمانەکان جیادەکاتەوە.

ئەگەر نەخش و نیگارەکان لە هونەری ئیسلامیدا موجەرەدن ـ ئەگەر شێوە هەندەسییەکان، چەمکی موجەرەدییان تائەوپەڕی خۆی بردووە ـ ئەوا ئەمە بۆخۆی دەتوانێ پچرانی پێوەندی بێت لەگەڵ دنیای هەستپێکراو و لەبەرامبەردا بەدیهێنانی پەیوەندییەك بێت لە گەڵ خوای گەورە و تاك وتەنیادا.